

**دکتۆر شیروان شەریف قەرتاس، سەرۆکی زانکۆی سۆران:**

## کاریزمای مسعود بارزانی تەحەددای هەمووشتێکی کرد و بڕیاری ڕیفراندۆمی جێبەجێ کرد

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٣)- (١٩)ی ئەیلوول ٢٠٢٢



برایانی ئاشووری کەنیسەی خۆیان لە شیکاگۆوە گواستەوە بۆ هەولێر.. بارەگای سەرەکیی مەترانی مووسڵ گواسترایەوە بۆ هەولێر.. سریان و کاسۆلیک ئەبرەشییەی تازەی خۆیان لێرە دروست کردووە

ئەرکی ئێمەیە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو فێری کەلتووری پێکەوە ژیان بکەین و پێیان بڵێین ئەم کەلتوورە شارستانیەت و مێژووی ئێمەیە

**د. بەشار وەردە، مەترانی کەنیسەی کلدانی کاسۆلیکی لە هەولێر:**

# لە ناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گڕگرتوودا شاهیدی لەسەر پێکەوە ژیانی کوردستان دەدەم





# جیهانی تازە و کورد

## ٣٤

جیهانی ئیمڕۆ جیهانێکی تازەیە، بیرکردنەوەی سیاسیی تازەی جیهانی ئاڕاستەی دەکات بەرەو ئاشتیی جیهانی تازە (الانفتاح الدولي) و ڕۆژ بە ڕۆژ چەسپاوتر دەبێت، هەردوو ئۆردووگای سۆسیالیستی و سەرمایەداری، بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤیەت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەوە گەیشتن کە جەنگێکی تر، یا جەنگی جیهانیی سێیەم، چەکی ئەتۆمیی تێدا بەکار دێت کە نە بەس بە نەمانی ئەم لایەنە، یا ئەوی تر، بەڵکوو نەمانی هەموو لایەک و تەواوی بەشەرییەت دەبێ، هەربۆیەش بەوە گەیشتن کە سیاسەتی پێکەوەژیانی ئاشتییانە (تعايش سلمی) بچەسپێنن و قووڵتری بکەنەوە، بکەونە هەڵگرتن و بە لەناوبردنی چەکی ئەتۆمی و کیمیایی و بایۆلۆجی (میکرۆبی) و تەنانەت لە کەمکردنەوە و لەناوبردنی چەکی تەقلیدییش بیر ئەکەنەوە. گۆڕانکاریی دیموکراتی و سیاسی و ئابووری (عەمەلیەی پرۆسترۆیکا) لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و بەهێزبوونی بزووتنەوەی دیموکراتی و مافی مرۆڤ دەرگای کردەوە کە تەواوی ئەورووپا (بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە) ببێتە یەک پارچە کە لە خزمەتی ئاشتیی جیهانی و پێشکەوتندایە...

ئەو گۆڕانکارییەی بەسەر پەیوەندیی نێو دەوڵەتاندا دێ، کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر گەلی کورد و بزووتنەوەکەی و سەر وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵات، بیری تازەی سیاسی دەیەوێ پەیوەندیی نێودەوڵەتان و گەلان لەسەر بنچینەی دیموکراتی و ئینسانی و مافەکانی ئینسان و ئازادی و مافی گەلان دابمەزرێتەوە کە ئەویش لە بەرژەوەندیی گەلەکەمانە.

پێویستە بە پێشچاوڕوونی و لە بەر تیشکی بیرکردنەوەی سیاسیی تازەی جیهانی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خۆی لەگەڵ ئەم واقیعە تازەیەدا بگونجێنێت، بەهیوای ئەوەی کە چیی تر هەلی هەڵکەوتووی لەدەست نەدات و بەزووترین کات و بە کەمترین قوربانی بگاتە ئامانجەکانی.



بارەگای بارزانی
نووسینگەی تایبەت

مقر البارزاني
المكتب الخاص

بەڕێزان، لە گۆڤاری گوڵان

سڵاوێکی گەرم..

دیارییەکەتان، کتێبی (پێکەوە ژیان لە کوردستان، دید و تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان)، بەدیاری بۆ جەنابی (سەرۆک بارزانی) ناردبووتان، بەدەستمان گەیشت، سوپاستان دەکەین.

دەستخۆشیتان لێدەکەین، ئومێدی بەردەوامی و بەرەو پێشچوونی زیاترتان بۆ دەخوازین.

نووسینگەی تایبەت
١٣ ی ئابی ٢٠٢٢

Tel: +964 (0) 750 444 1008
Email: barzani@barzanihq.org


# سوپاسنامەی بارەگای بارزانی- نووسینگەی تایبەت بۆ گۆڤاری(گــوڵان)




لە وەڵامی ناردنی چەند دانەیەك لە كتێبی (بەیەكەوە ژیان لە كوردستان) بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی لە لایەن گۆڤاری گوڵانەوە، بارەگای بارزانی- نووسینگەی تایبەت بە نووسراوێك سوپاسی گوڵان دەكات كە چەند دانەیەكیان بەدەست گەیشتووە، ئەمەش دەقی سوپاسنامەكەی بارەگای بارزانی- نووسینگەی تایبەتە.



# چاپکراوی نوێ







بەم دواییە چاپی یەکەمی کتێبی (وتەی سەرۆك) لە ئامادەکردنی (ئاودێر عەبدوڵڵا مەنتك) لە دووتوێی (٢٨٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەم کتێبە کە لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستانە، بریتییە لە بەشێك لە وتەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی لەنێوان ساڵانی ١٩٩٠-٢٠١٧، کتێبەکە کۆکراوەی بەشێکی زۆری وتە بەنرخەکانی سەرۆك بارزانییە کە لە ماوەی ساڵانی تەمەنی لە ئەزموونی پێشمەرگایەتی و سەرۆکایەتیدا لە چەندین وتارو دیمانەو پەیام و نووسینەکانیدا دەریبڕیون، لەنێو ئەم دەربڕینانەشدا چەندین وتەی بەپێزو پڕبایەخیان تێدایە، کە لە(٩٤٦) وتە و بۆسەر(٢٧) بەش دابەشکراوە، کتێبەکە توێژینەوەیەکی وردە لەبارەی بیروباوەڕو ڕوانگەی سەرۆك بارزانی لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتدا.

ئامادەکاری ئەم کتێبە بە چەند دێڕێك باس لەوە دەکات کە زۆربەی سەرکردەکانی جیهان چەندین کتێبیان لەسەر نووسراوە، وتەی بەنرخ و پڕبایەخیان هەیە، ڕەنگە زۆرجار خۆشمان لە کاتی گفتوگۆو نووسین وتەکانیان وەك نموونە بەکار بێنین، بۆیە ئەو بیرۆکەیەی لا گەڵاڵە بوو کە سەرۆك مەسعود بارزانی چەندان وتەی بەپێزو سوودبەخشی هەیە شایەنی ئەوەن پشتیان پێ ببەستین.

پێشەکی کتێبەکە لەلایەن دکتۆر سالار عوسمان بریکاری وەزیری ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نووسراوە، تێیدا ڕۆشنایی خستووەتە سەر ئەم بەرهەمە کە لە بەشێکیدا ئاماژە بەوە دەکات سەرۆك مەسعود بارزانی لە قورسترین قۆناغی سیاسیدا ڕابەرایەتیی گەلێکی بێ دەوڵەتی دەورەدراو بە هەڕەشەکانی کردووە، کە مێژوو شانازی پێوە دەکات و پۆلێنکردنی ئەو شانازییەش کاتی زۆری گەرەکە، وتەش کورتکراوەی هزرە، وێناکردنی ڕامانە کلتووری و سیاسییەکانە، بۆیە گرنگە تۆمار بکرێت، تۆمارکردنی وتەی ڕابەری نەتەوەیی و سیاسی، واتە ئیشکردن لەنێو مێژوودا، مێژوویێك، کە هەموو ژیانی دەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.

دەستخۆشی لە نووسەری کتێبەکە دەکەین، هیوای سەرکەوتن و بەرهەمی زیاتری بۆ دەخوازین.

# چاپكراوى نوێ






(سەد وانەی ڕیفراندۆم) کتێبێکی دانسقەیە پرۆفیسۆری یاریدەدەرو توێژەر دکتۆر ڕێبوار سیوەیلی نووسیویەتی و کتێبی چاپکراوی ژمارە (٢٣) گۆڤاری گوڵانە، بەم زوانەو لە ڕۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠٢٢ کە ڕێکەوتیساڵیادی ڕیفراندۆمە مێژووییەکەی گەلی کوردستانە، لە بۆنەیەکی شکۆداردا دابەش دەکرێت و دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەرانەوە.

پێشەکی ئەم کتێبە بەڕێز ساسان عەونی نووسیویەتی لە بەشێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ڕیفراندۆم زادەی لەدایکبوونی دەستی ڕێبەرێکی پێشەنگە لە سەردەمێکی گونجاودا، لە شوێنێکدا ناوەستێت و کۆتایی پێنایەت، بەڵکو جووڵەیەکی وای دروستکردووە، بەردەوام دەبێت و لە شێوەی جیاوازدا، دەشڵێت: نووسەری ئەم کتێبە دەیەوێت ڕیفڕاندۆم دوور لە چاویلکەی سیاسەت و دوور لەوەی ئەکتێکی سیاسی بێت، دەیەوێت ڕیفڕاندۆم جارێکی دیکە لە ڕوانگەی هەوڵ بۆ خۆدۆزینەوە و خۆسەلماندنەوە و هەڵبڕینی دەنگ و پرسی شوناسدا پێناسە بکاتەوە.

مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوەی لەم کتێبەدایە بەرهەمی ساڵانێك بیرکردنەوەو نووسینە لەبارەی چەمکی کوردبوونەوە، کوردبوون لە واقیعێکدا و لە مێژوو و کلتووری هەستەکی و هزریی میللەت و وڵاتێکی داگیرکراودا، ناوی لێناوە(سەد وانەی ڕیفرادۆم).

وتارەکان لە سەرەتاوە وا دەردەکەون پەیوەندییەکی زنجیرەیی و لۆژیکییان پێکەوە نییە، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەمان بیرۆکەی خەباتی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی و ئەو جەنگانەی لەو پێناوەدا تێیان کەوتووە، سەرجەمی کتێبەکە پێکەوە دەبەستنەوە، کتێبەکە بە هیچ شێوەیەك ئایدیۆلۆژی و سیاسی نییە و کتێبێکی هزرییە بە جەختکردنەوە لە ویستی نەتەوەیەك بۆ ئازادی و سەربەخۆیی.

نووسەر لە کۆتاییدا ئاماژە بەوە دەکات کە بیرۆکەی چاپکردنی ئەم کتێبەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوڕێی دڵسۆزی مامۆستا فەرهاد محەمەد ڕاوێژکارو سەرنووسەری گۆڤاری گوڵان، وەك ڕێزلێنانێك بۆ خۆی و وەك وەفایەك بۆ بەها بەرزەکانی ڕیفراندۆم.

کتێبەکە کە (٤٠٠) لاپەڕەی قەبارە گەورە لەخۆ دەگرێت، دیزانی ناوەوەی لەلایەن هاوکارمان شاخەوان جەعفەر و دیزاینی بەرگەکەیشی لەلایەن هاوکارمان لوقمان ڕەشیدی ئەنجام دراوە.

پرۆفیسۆر دکتۆر عامر حەسەن فەیاز :



**لە عێراقدا چەقبەستوویی سیاسی گەیشتووەتە لووتکە و کردنەوەشی پێویستی بە ئاقڵمەدان هەیە، کە لە ئێستادا نییە**

دکتۆر ئەکرەم فەرەیدوون :



**جموجووڵی ئاوەدانی و باڵەخانە و شەقام و پرۆژەکان پێمان دەڵێن ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە**

دکتۆر ڕەنج محەمەد عەبدولڕەحمان :



**شێوازی نوێی تەندەرینی دەرمان کێشەی کەمیی دەرمان ناهێڵێت و کوالێتیشیان باشتر دەکات**

ڕابیعە ئاختار :



**شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بزمارێکی دیکەیە لە تابووتی سیستمی نێودەوڵەتی**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

کامیل قەزاز :




## لە کابینەی نوێیەمدا بڕی ٧٠٢ میگاوات کارەبا زیاد کراوە و بۆ زستانی ئەمساڵیش ٥٠٠ میگاواتی زیاتر بەرهەم دەهێنین



## هاوسەرگیریی میسیار ئەنجومەنی باڵای فەتوا و ڕێکخراوەکانی خانمانی هێنایە دەنگ

## زیانەکانی ڕووناکیی لاپتۆپ و مۆبایل




## داتاشۆیەک بچووک و تایبەتمەندییەکانی




خەلیل وەندی:

## بایەخ بە زیندووکردنەوە و پاراستنی مەقامی کوردی نەدراوە



ئاڤان عەدنان:

## کۆڵ نادەم تا ئەوەی دەمەوێت بەدەستی دەهێنم



## هونەری مافوور





# کاریزمای مسعود بارزانی تەحەددای هەمووشتێکی کرد و بڕیاری ڕیفراندۆمی جێبەجێ کرد



**دکتۆر شیروان شەریف قەرتاس**

سەرۆکی زانکۆی سۆران

بۆ گوڵانی نووسیوە

سەرۆك مسعود بارزانی لە ساڵی ١٩٩٢ لە کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشنیاری سیستمی فیدراڵیی بۆ عێراقی دوای سەدام حوسێن کرد و، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پێشوازی لێ کرد، لەسەر ئەم واقیعە بوو کە پەرلەمانی کوردستانیش لە ٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ (بڕیاری فیدراڵی)ی لەسەر بنەمای جوگرافیا و مێژوو پەسەندکرد و، دوای بڕیارەکەی پەرلەمانی کوردستانیش، لە ٣٠ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٢ لە یەکەمین کۆنگرەی (کۆنگرەی نیشتمانی عێراق) - INC سیستمی فیدراڵی بۆ عێراقی دوای سەدام پەسەند کرا، بەمەش بوونی کوردستان بە هەرێمێك لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا بووە بنەمای کاری سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ و پاشان دامەزراندنی ئەنجومەنی حوکم (کە هەر مانگێك سەرکردەیەکی عێراقی سەرۆکایەتی دەکرد) و دوای ئەویش دانانی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناخی ڕاگواستندا، سەرۆك بارزانی لەو یاسایەشدا پێداگری لەسەر چەمکی «فیدراڵیزم لەسەر بنەمای جوگرافیا و مێژوو» کرد، ئەوکات ماددەی (٥٨) بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەموو ئەو ناوچانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان چەسپاند، کە پاشان لە دەستووری عێراقدا بووە ماددەی ١٤٠، لەمەش زیاتر لە دیباجەی دەستوورەکەدا پێداگری لەسەر بوونی پەرەگرافێك کرد کە (جێبەجێکردنی ئەم دەستوورە گەرەنتی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات).

لە ناو چوارچێوەی ئەم نەخشە ڕێگەیەی کە سەرۆك بارزانی بۆ چەمکی (فیدراڵیزمی عێراق) دایڕشتبوو، هەرێمی فیدراڵی بە گێڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دەبوو بە چوارچێوەیەك بۆ لانیکەمی پێناسەکردنی ئیرادەی گەلی کوردستان و، سەلماندنی ئەو ئیرادەیەی کە هیچی لە گەلانی دیکەی ئەم جیهانە کەمتر نییە.

لای سەرۆك مسعود بارزانی هەموو کات پێویست بووە خاوەنی هێزێك بین بۆ ئەوەی بتوانین ناسنامەی گەلی خۆمان بپارێزین، هەر بۆیە هەم لە کاتی دارشتنی «یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق لە قۆناخی ڕاگواستن» و هەمیش لە کاتی نووسینەوەی دەستوور لە ساڵی ٢٠٠٥ پێداگری کرد کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەڵقوڵاوی مێژوو و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە و هیچ هێزێك بۆی نییە ئەم هێزە هەڵبوەشێنێتەوە، بۆ ئەمەش پۆڵ برێمەر حاکمی مەدەنیی ئەو کاتی عێراق پەیوەندیی بە جۆرج دەبلیو بوش کرد و ئەویش هەوڵی دابوو لەگەڵ سەرۆك بارزانی قسە بکات، بەڵام سەرۆك بارزانی نەیویستبوو لەگەڵ بوش لەسەر پرسی پێشمەرگە قسە بکات و، گلەیی و ڕەخنەی سەرۆك بوشی لا ئاسایی بوو، نەك دەستبەرداربوون لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

ئەم باکگراوەندە مێژووییەم بە گرنگ زانی، بۆ ئەوەی بێمە سەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کە زۆر جار لێمان دەکرێت، یان لە ناخماندا سەرهەڵدەدات بەوەی «بۆچی ڕیفراندۆممان ئەنجام دا؟» ئەگەر هەڵوەستەیەکی جددی لەسەر ئەم پرسیارە بکەین و هەوڵ بدەین لەسەر بنەمای ئەو پەندەی کە دەڵێت «تێگەیشتن لە پرسیارەکە دەبێتە نیوەی وەڵامەکەی»، ئەوا ئێمە لەم پرسیارە دەیان وەڵامی حازر بە مێشکماندا دێت لەوانە:

١. ڕیفراندۆم سادەترین مافی ڕادەربڕینی مرۆڤە، کە لەسەر پرسێکی تایبەت مرۆڤ ڕای لەسەر دەردەبڕێت، ئێمە ئەم مافە سادەیەی خۆمان پیادە کرد، بەڵام دەوڵەتی عێراق

**لە یەکەمین کۆنگرەی (کۆنگرەی نیشتمانی عێراق) - INC سیستمی فیدراڵی بۆ عێراقی دوای سەدام پەسەند کرا، بەمەش بوونی کوردستان بە هەرێمێک لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵیدا بووە بنەمای کاری سەرۆک بارزانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیدا**

**لای سەرۆک مسعود بارزانی هەموو کات پێویست بووە خاوەنی هێزێک بین بۆ ئەوەی بتوانین ناسنامەی گەلی خۆمان بپارێزین**

**سەرۆک بارزانی نەیویستبوو لەگەڵ بوش لەسەر پرسی پێشمەرگە قسە بکات و، گلەیی و ڕەخنەی سەرۆک بوشی لا ئاسایی بوو، نەک دەستبەرداربوون لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

و دەوروبەر و جیهانیش ئەم مافەیان پێ ڕەوا نەبینین.

٢. ئێمە ڕیفراندۆممان بۆیە ئەنجام دا، لەبەر ئەوەی لە نەورۆزی ساڵی ٢٠١٢وە حکومەتی عێراق زیاتر ٥٥ ماددەی دەستووریی تایبەت مافی گەلی کوردستان و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێشێل کردبوو، بەمەش لە سیستمی فیدراڵییەوە بەرەو دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندن و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کوردستان هەنگاوی هەڵدەگرت، بۆیە هەر لەو بۆنەیەدا سەرۆك مسعود بارزانی ڕایگەیاند ئەگەر حکومەتی عێراق نەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی بە کۆی ماددەکانی دەستووری ساڵی٢٠٠٥ ئەوا ئەم پرسە دەخەینە بەردەمی گەلی کوردستان و، دەبێت گەلی کوردستان ئەو بڕیارە بدات کە ئایا ملکەچبوون بۆ دیکتاتۆریەت هەڵدەبژێرێت، یان ئازادی؟

ئەگەر لەسەر ئەم پرسە بەراوردێکی دەستووری کاتیی ساڵی ١٩٥٨ بکرێت لەگەڵ دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ی عێراقی دوای سەدام، دەبینین جەنابی مستەفا بارزانی لەسەر ئەو بنەمایە پشتگیریی لەو دەستوورە کردووە کە تیایدا هاتووە (عێراق نیشتمانی هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەبە)، هەروەها سەرۆك مسعود بارزانی کە خۆی بەشداریی لە نووسینەوەی دەستووری دووەم کردووە، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان (بە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیشەوە) قەوارەیەکی سەبەخۆی دەستوورییە لە چوارچێوەی کۆماری فیدراڵی عێراقدا، ئەوکات کە عەبدولکەریم قاسم لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨ پەشیمان بووەوە، خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی جەنابی مستەفا بارزانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیان بەرپا کرد و، دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٢ش حکومەتی عێراق دەستووری پێشێل کرد، سەرۆك بارزانی بڕیاری شۆڕشی دا، بەڵام شۆڕشی ئەم جارەیان بە دەنگی میللەت، بەوەی ئایا سەربەخۆیی، یان ژێردەستەیی هەڵدەبژێرێت.

شۆڕشی ئەیلوول لە ماوەی نۆ ساڵ خەباتی چەکداری و سیاسی و دیپلۆماتیدا، توانی لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکردا، ڕژێمی بەعس ناچار بکات ڕێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئادار ئیمزا بکات و، ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە وەك خۆی جێبەجێ بکرایە، نە عێراق تووشی شەڕێکی هەشت ساڵە لەگەڵ ئێران دەبوو، نە شەڕی کەنداوی یەکەم و دووەمیش ڕووی دەدا، نە هەموو گەلی عێراق بە گەلی کوردستانیشەوە تووشی ئەو نەهامەتی وماڵوێرانییە دەبوونەوە. ئێستاش دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا و، وێڕای ئەو هەموو کارەسات و شەڕ و خیانەتەی لێمان کرا، دەرکەوتووە کە سیستمی فیدراڵی بۆ دەوڵەتێکی وەك عێراق سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو تەنیا ڕێگەچارە ئەوەیە ئەو وڵاتە وەك یوگسلافیای پێشوو ببێتە چەند دەوڵەتێك، یانیش بیر لە سیستمی کۆنفیدراڵی بکرێتەوە، جێگەی شانازییە بۆ نەتەوەکەمان کە بەهاری ئەمساڵ بەڕێز مسرور بارزانی لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانییەوە ئەم پێشنیارەی بە هەموو جیهان ڕاگەیاند، ئێستاش کە بارودۆخی مانگی ڕابردووی عێراقمان بینی، دەبینین دیسان هەمان دیمەن دووبارە دەبنەوە کە خەریکە ئەو زەمینە دێتە ئاراوە بە خۆڕسکی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم جێبەجێ دەکرێت.

### ● بڕیاری قورس و بوێرانە

### تەنیا بە کاریزما و لە ڕۆژانی سەختدا دەدرێت

سەرۆك مسعود بارزانی لە ژیانی پێشمەرگایەتی و بڕیاردانی قورس بۆ ئایندەی گەلەکەی، پەروەردەی قوتابخانەی جەنابی مستەفا بارزانی-یە و، لە سەبرگرتن و ئارامیشدا بۆ ئەوەی هیچ کاتێك بڕیاری هەڵەشە و بە پەلە نەدات، پەروەردەی عیرفانی شێخ ئەحمەدی بارزانی-یە، هەر بۆیە کاتێك لە ناو بیرکردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانیدا دەمانەوێت بیر بکەینەوە، دەبینین لە بوێری و ئازایەتی لە ڕۆژە سەختەکاندا وێنەی جەنابی مستەفا بارزانی دەبینین و، لە شێوازی دروستکردنی بڕیاریشدا بۆ ئەوەی نەتەوەکەمان تووشی هیچ کارەساتێك نەبێت، سیمای شێخ ئەحمەد بارزانی دەبینین.

لێرەوە ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان دوو بڕیاری بوێر و قورس کە یەکێکیان لە سەدەی بیستەمە جەنابی مستەفا بارزانی بۆ پەڕینەوە لە ئاوی ئاراس و چوونە یەکێتیی سۆڤیەتی

سەرۆک مسعود بارزانی ڕایگەیاند ئەگەر حکومەتی عێراق نەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی بە کۆی ماددەکانی دەستووری ساڵی٢٠٠٥ ئەوا ئەم پرسە دەخەینە بەردەمی گەلی کوردستان و، دەبێت گەلی کوردستان ئەو بڕیارە بدات کە ئایا ملکەچبوون بۆ دیکتاتۆریەت هەڵدەبژێرێت، یان ئازادی

جەنابی مستەفا بارزانی لەسەر ئەو بنەمایە پشتگیریی لەو دەستوورە کردووە کە تیایدا هاتووە (عێراق نیشتمانی هەر دوو نەتەوەی کورد و عەرەبە)

شۆڕشی ئەیلوول لە ماوەی نۆ ساڵ خەباتی چەکداری و سیاسی و دیپلۆماتیدا، توانی لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکردا، ڕژێمی بەعس ناچار بکات ڕێککەوتننامەی مێژوویی ١١ی ئادار ئیمزا بکات

پێشوو داویەتی و، بڕیاری دووەمیشیان کە سەرۆك بارزانی لەساڵی ٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم داویەتی، دەبینین هەر دوو بڕیارەکە لە گەورەیی و بوێریدا هاوشێوەن، کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەم:

١. جەنابی مستەفا بارزانی هەتا هێز و توانای هەبوو لەگەڵ پێشمەرگەکانیدا بەرگریی لە کۆماری کوردستان کرد، کە کۆماریش ڕووخا، هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەم نەما، تەنیا ئەوە نەبێت (یان دەبێت تەسلیم بێت، یان مقاوەمەت بکات) بێگومان مقاوەمەتی هەڵبژارد و تەسلیمبوونی ڕەت کردەوە و، بە دریژایی چەند هەزار کیلۆمەتر ڕێگەی بڕی و لە ئاوی ئاراس پەڕییەوە و خۆی گەیاندە کۆماری ئازەربایجان، کە یەکێك بوو لە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، ڕاستە هەر لە سەرەتاوە تووشی کارەسات و ناخۆشیی زۆر قورس بوون، بەڵام سەرەنجام بەرهەمی ئەم بڕیارە و خۆڕاگریی عیرفانی شێخ ئەحمەد بارزانی، بوونە هۆکاری ئەوەی کە جەنابی مستەفا بارزانی ببێتە سیمبول و ناسنامەی کورد لە جیهاندا و، لەسەر ئاستی جیهان کێشەی گەلی کوردستان ببێتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی.

٢. سەرۆك مسعود بارزانی هەر لە ساڵی ٢٠١٢ وە بڕیاری ئەوەی دابوو کە دەبێت دەنگی گەلی کوردستان ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە و، چیتر نابێت گەلی کوردستان ملکەچی زوڵم و دیکتاتۆریەت بێت، بەڵام سەبر و ئارامییەکەی بۆ ئەوە بوو بە شێوەیەك ئەو بڕیارە بدات، کە هیچ موجازەفەیەك بۆ ئایندەی گەلەکەی دروست نەکات، دوای ئەوەش شەڕی تیرۆریستانی داعش و هێرشیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بارودۆخێکی هێنایە پێشەوە کە دەبێت یەکەمجار قەوارەی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت، ئینجا بیر لە هەنگاوی داهاتوو بکرێتەوە، سەرۆك بارزانی بۆ پاراستنی کوردستان لە هێرشی تیرۆریستانی داعش، ئیرادەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە تێکشکاندن و بەتاڵکردنەوەی ئەفسانەی داعش پیشانی جیهان دا، بەمەش دەرگایەکی گەورەی پشتیوانیی بۆ هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان لە هەر چوارپارچەی کوردستان کردەوە، لەمەش زیاتر پرسی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردستانی بردە ناو کۆشکی سپی و لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا (باراك ئۆبا) و جێگرەکەی ئەو کاتی و سەرۆکی ئێستای ئەمریکا (جۆزیف بایدن) باس کرد، ئەوان داوایان لێ کرد کە پرسی سەربەخۆیی دوا بخات، بۆ دوای کۆتایی شەڕی دژی داعش، هەر بۆیە پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم کەوتە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٧ و نزیکەی دوای ١٠ مانگ لە کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش لە سەردەستی پێشمەرگە لە کوردستان.

بێگومان لە سەرەتای دەستپێکی بانگەشەی گەلی کوردستان بۆ ڕیفراندۆم، کاردانەوەی هەرێمی و نێودەوڵەتی دژی پرۆسەکە گەورە نەبوو، تەنیا پێیان وا بوو ئەمە گوشارێکی سیاسییە بۆ چەند داواکارییەکی سادە، بەڵام کە بینییان ئەم هەڵمەتە سەرۆك مسعود بارزانی خۆی سەرکردایەتی دەکات و بەڕێوەی دەبات و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش خەڵکی کوردستان بە حەماسەوە لە دەوری کۆدەبنەوە، گوشارەکان دەستیان پێ کرد، تا گەیشتە ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم پرسە کۆبوونەوە و، ئیدارەی ئەمریکا داوای دواخستنی بکات، سەرۆك بارزانی لە وەڵامی ئەو هەموو گوشارەدا دەیگوت: ئەگەر ڕیفراندۆم ئەنجام نەدەین، گەرەنتی بۆ گەلی کوردستان چییە؟ لە تێکڕای ئەو دەوڵەتانە و ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتیش کە داوایان دەکرد ڕیفراندۆم ئەنجام نەدرێت، یان دوابخرێت، هیچ گەرەنتییەك بۆ گەلی کوردستان نەبوو، کە دوای دواخستنی ڕیفراندۆم هەڕەشە لەسەر ناسنامە و بوون و کەرامەتی نەتەوەییمان دروست نەبێت، بۆیە سەرۆك بارزانی ڕۆژی ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بە هەموو جیهانی ڕاگەیاند: «نامەوێت شەرمەزاری میللەتی خۆم بم».

ئەم بڕیارە بوێرانەیەش کە جیهان لە دوایین ساتەکانی بانگەشەی دەنگدانی ڕیفراندۆم لە مسعود بارزانی گوێیان لێ بوو، بڕیارێك بوو هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوون کاریزمایەك و ڕابەرێك لە ناو کوردا هەبێت کە بتوانێت لە پێناو چارەنوسی نەتەوەکەیدا تەحەددای هەموو شتێك بکات و، لە کاتی شکست و خیانەتیشدا بەو جۆرە مقاوەمەت بکات و دۆزی گەلەکەی لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی بەرزتر بەرز بکاتەوە.

**دوای تێپەڕینی پێنج ساڵ بەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا و، وێڕای ئەو هەموو کارەسات و شەڕ و خیانەتەی لێمان کرا، دەرکەوتووە کە سیستمی فیدراڵی بۆ دەوڵەتێکی وەک عێراق سەرکەوتوو نابێت**

**بەهاری ئەمساڵ بەڕێز مسرور بارزانی لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانییەوە ئەم پێشنیارەی بە هەموو جیهان ڕاگەیاند، ئێستاش کە بارودۆخی مانگی ڕابردووی عێراقمان بینی، دەبینین دیسان هەمان دیمەن دووبارە دەبنەوە کە خەریکە ئەو زەمینە دێتە ئاراوە بە خۆڕسکی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم جێبەجێ دەکرێت**

**شەڕی تیرۆریستانی داعش و هێرشیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بارودۆخێکی هێنایە پێشەوە کە دەبێت یەکەمجار قەوارەی هەرێمی کوردستان بپارێزرێت، ئینجا بیر لە هەنگاوی داهاتوو بکرێتەوە**



### لەناو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گڕگرتوودا

# شاهیدی لەسەر پێکەوە ژیانی کوردستان دەدەم

**د. بەشار وەردە**

مەترانی کەنیسەی کلدانی کاسۆلیکی لە هەولێر

**لە کوردستان هەموومان لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین، هەر ئەمەش وای کردووە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم ماڵە بکەین و زیاتر لە سێ کەنیسەمان لە عەنکاوە بونیاد ناوە و کەنیسەیەکی دیکەشمان لە هەرمۆتە – کۆیە هەیە، چوار قوتابخانە و نەخۆشخانەیەکیشمان بونیاد ناوە. ئێمە هەست دەکەین ئەمە ماڵی خۆمانە، کە هەستیشت کرد ماڵی خۆتە، بەشداری تێدا دەکەیت، لەمەش زیاتر برایانی ئاشووری کەنیسەی خۆیان لە شیکاگۆ گواستەوە بۆ هەولێر، هەروەها بارەگای سەرەکیی مەترانی مووسڵ گواسترایەوە بۆ هەولێر، هەروەها سریان و کاسۆلیك ئەبرەشییەی تازەی خۆیان لێرە دروست کردووە. لەم ڕوانگەیەوە «پرۆژەی پێکەوە ژیان» پیرۆز دەکەم. پیرۆزبایی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە لەسەر کەلتووری پێکەوە ژیان دامەزراوە و هەتا ئێستا ئەم کەلتوورە باشتر ڕەگی خۆی داکوتیوە، ئەرکی ئێمەیە، نەوەکانی ئێستا و داهاتوو فێری کەلتووری پێکەوەژیان بکەین و پێیان بڵێین: کەلتووری پێکەوە ژیان «شارستانیەت و مێژووی ئێمەیە»، پێکەوە ژیاوین و پێکەوە دەمێنینەوە و پێکەوە گەشە دەکەین و پێکەوە پێش دەکەوین و، پشتیوان بە خوا ئومێد دەخوازم هەموو ساڵێك بۆنەی لەمجۆرە پێکەوە کۆمان بکاتەوە.**

سەبارەت بە بارودۆخی کریستیانەکان و هەموو پێکهاتەکانی دیکە لە عێراقدا، بارودۆخێکی هاوشێوەیان هەبووە و هەیە، ئەوەشی لەسەر کریستیانەکان دەسەلمێنن لەسەر پێکهاتەکانی دیکەش پراکتیزە دەبێت.

مێژووی ١٠٠ ساڵی دوایی عێراق، مێژوویەکی زۆر سەخت و ئاڵۆز بووە و هەمووی مێژووی تەنگژە سیاسییەکان بووە و هەموو کاتێکیش پێکهاتە جیاوازەکان (ئەوانەی بە ژمارە کەمن) قوربانیی ئەو کێشە سیاسییانە بوون.

لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٤ لە یەکێك لە کەنیسەکانی بەغدا کاهن بووم کە یەکەمین کەنیسە لە بەغدا تەقێنرایەوە، پاش دووساڵ (٢٠٠٦) ژمارەی ئەو کەنیسانەی تەقێنرانەوە، زیاتر لە ٦٠ کەنیسە بوون و دەست کرا بە ڕفاندنی کاهین و مەترانەکان و ڕفاندنی کریستیانەکان، بەمەش ئەو نامەیەمان پێگەیشت بەوەی « ئێوە لای ئێمە پەسەند و خوازراو نین».

کێشەی گەورەمان لە بەغدا بوونی «ئامۆژگای ئامادەکردنی قەشە» بوو. ئەم ئامۆژگایە زیاتر لە ٢٣٠ قوتابی هەبوو، هەموو دەیانخوێند و ئامادە دەکران بۆ ئەوەی ببنە «قەشە»، لەبەر ئەو بارودۆخە بۆ ماوەی سێ مانگ نەمانتوانی ئامۆژگاکە بکەینەوە. «قەشە عیماد لە هۆڵەکە دانیشتووە و دەزانێت بارودۆخەکە چەند قورس بوو»، هەر بۆیە بڕیاری کەنیسە بە ناچاری ئەوە بوو، ئەو قوتابیانە بگوازینەوە بۆ ڕۆما «فاتیکان» بۆ ئەوەی لەوێ بخوێنن. من لەسەر ئەم بڕیارە ڕازی نەبووم، لەبەر ئەوەی ئەگەر قوتابییەکان بنێرین بۆ ڕۆما بۆ ئەوەی لەوێ خوێندن تەواو بکەن، ئەوا پاش تەواوکردنی خوێندنەکەیان گەڕاندنەوەیان بۆ وڵات ئاسان نابێت، بۆیە پێشنیارم کرد و گوتم: «ئێمە شارۆچکەیەکمان هەیە لە هەولێر ناوی عەنکاوەیە، بۆچی ساڵێکی تازەی خوێندن لەوێ دەست پێ نەکەین؟» ئەم پێشنیارە پەسەند کرا و لەو کاتەوە «ئامۆژگای ئامادەکردنی قەشە» گواسترایەوە بۆ عەنکاوە لە هەولێر، لەمەش زیاتر پێشوازی لە زیاتر لە ١٦ هەزار خێزانی کریستیان کرا و لە دهۆك و زاخۆ و هەولێر نیشتەجێ بوون.

**برایانی ئاشووری کەنیسەی خۆیان لە شیکاگۆ گواستەوە بۆ هەولێر، هەروەها بارەگای سەرەکیی مەترانی مووسڵ گواسترایەوە بۆ هەولێر، هەروەها سریان و کاسۆلیک ئەبرەشییەی تازەی خۆیان لێرە دروست کردووە**

**لە سەرەتای ساڵانی ٢٠٠٤ لە یەکێک لە کەنیسەکانی بەغدا کاهن بووم کە یەکەمین کەنیسە لە بەغدا تەقێنرایەوە، پاش دووساڵ (٢٠٠٦) ژمارەی ئەو کەنیسانەی تەقێنرانەوە، زیاتر لە ٦٠ کەنیسە بوون**



لێرەدا حەز دەکەم ئەوە بۆ ئامادەبووان باس بکەم، ئایا لەو کاتەوە تا ئێستا من چۆن سەیری کوردستان و هەولێر دەکەم؟

سەبارەت بە پاراستنی جیاوازیی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان دوو هەڵوێست بوونیان هەیە:

١. پێکەوە دەژین و یەکتری قبووڵ دەکەین وەك ئەوەی هەموومان پێکەوە لەناو یەك هۆتێل بژین و، هەر کەسێك ژوورێکی تایبەتی بۆ خۆی هەیە و لەو ژوورەدا خاوەنی بڕوا و کەلتووری تایبەتیی خۆیەتی، لەم حاڵەتەدا ڕاستە هۆتێلەکە هەموومان کۆدەکاتەوە، بەڵام ناتوانین یەکتری بناسین و تێکەڵ بین و سەرەنجامیش خاوەنی هەموو بڕیارێك لای خاوەنی هۆتێلەکەیە.

٢. ئەوی دیکەیان پێی دەگوترێت «ژیان لە ماڵێکدا، ئەمەش واتە ئێمە لە ناو هۆتێلێك ناژین، بەڵکو هەموومان لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین، ڕاستە لە ماڵیشدا هەر کەسێك تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام ماڵەکە پێکەوە کۆمان دەکاتەوە، کە لە ماڵێکیشدا پێکەوە بین، دەبێت هەموو ئەندامانی خێزانەکە بەشداری لە کاروباری ئەو ماڵە بکەن، لانی کەم ئەو بەشدارییە فکرییە چییە کە تۆ لە ماڵەکەدا پێشکەشی دەکەیت.

سەبارەت بە من، هەست دەکەم ئێمە هەموومان لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین، هەر ئەمەش وای کردووە بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم ماڵە بکەین و زیاتر لە سێ کەنیسەمان لە

عەنکاوە بونیاد ناوە و کەنیسەیەکی دیکەشمان لە هەرمۆتە – کۆیە هەیە، چوار قوتابخانە و نەخۆشخانەیەکیشمان بونیاد ناوە. ئێمە هەست دەکەین ئەمە ماڵی خۆمانە، کە هەستیشت کرد ماڵی خۆتە بەشداری تێدا دەکەیت، لەمەش زیاتر برایانی ئاشوری کەنیسەی خۆیان لە شیکاگۆ گواستەوە بۆ هەولێر، هەروەها بارەگای سەرەکیی مەترانی مووسڵ گواسترایەوە بۆ هەولێر، هەروەها سریان و کاسۆلیك ئەبرەشییەی تازەی خۆیان لێرە دروست کردووە.

دیدی کریستیان بۆ ئەم وڵاتە ئەوەیە کە ئێمە هەموومان لە ماڵێکدا پێکەوە دەژین و ئێوەش هەمووتان خوشك و برای ئێمەن، لەم ڕوانگەیەوە ئەم پرۆژەیە (پرۆژەی پێکەوە ژیان لە کوردستان) پیرۆز دەکەم. خۆزگەی من ئەوەیە سەرجەم ئەدەبیاتی ئەم ماڵە گەورەیە وەربگێڕدرێتە سەر هەموو زمانەکانی ناو ئەم ماڵە، لەبەر ئەوەی ئەم ماڵە کۆمان دەکاتەوە و تیایدا پێکەوە دەژین، بۆیە من زیاتر باسی پێکەوە ژیان دەکەم نەك لێبوردەیی، بە دیدی من لێبوردەیی ڕەهەندێکی نەرێنی هەیە، ئێمە پێویستمان بەوە نییە لە یەکتری ببوورین، لەبەر ئەوەی من هەڵەیەکم نەکردووە، تا لێم ببورن، یان تۆ هەڵەیەکت نەکردووە تا لێت ببوورم، بۆیە ئێمە بە ئاشتی لەم ماڵەدا پێکەوە دەژین.

یەکێك لە جوانییەکانی ئەم ماڵەی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەوەیە کە من دەتوانم لە ناو ڕۆژهەڵاتێکی گڕگرتوودا ئەو شاهیدییە بۆ جیهان بدەم کە پێکەوە ژیان لەم جوگرافییەی پێی دەگوترێت «کوردستان» مومکینە و بوونی هەیە و بەشداریی ئێمەش بۆ ئاوەدانکردنەوی ئەم وڵاتەیە و بەردەوامی دەبێت.

جارێکی دیکە ئەم پرۆژەی پێکەوە ژیانە پیرۆز دەکەم. پیرۆزبایی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە لەسەر کەلتووری پێکەوە ژیان دامەزراوە و هەتا ئێستا ئەم کەلتوورە باشتر ڕەگی خۆی لە ناو کۆمەڵگە داکوتیوە، لە ناو ئەم هۆڵە دەموچاوی لاو دەبینم کە ئەمیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەم کەلتوورە لە ئایندەشدا بەردەوام دەبێت و لاوەکان ئەرکی پاراستنی دەگرنە ئەستۆی خۆیان، بێگومان ئەوانەی پێشتر پێکەوە خەباتمان بۆ پاراستنی کەلتووری پێکەوەژیان کردووە، بە شێوەی کەسی یەکتری دەناسین، بەڵام ئەرکی ئێمەیە کە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو فێری کەلتووری پێکەوە ژیان بکەین و پێیان بڵێین کەلتوری پێکەوە ژیان شارستانیەت و مێژووی ئێمەیە. پێکەوە ژیاوین و پێکەوە دەمێنینەوە و پێکەوە گەشە دەکەین و پێکەوە پێش دەکەوین. هەر بۆیە زۆر بە گەرمی سڵاو و پیرۆزبایی لەم هەنگاوە گرنگە دەکەم و پشتیوان بە خوا ئومێد دەخوازم هەمووساڵێك بۆنەی لەم جۆرە پێکەوە کۆمان بکاتەوە.

**پیرۆزبایی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەم کە لەسەر کەلتووری پێکەوە ژیان دامەزراوە و هەتا ئێستا ئەم کەلتووره باشتر ڕەگی خۆی لە ناو کۆمەڵگە داکوتیوە**

لەم بۆنەیەدا بە جێگەی خۆی دەزانم سوپاسی برای بەڕێزم دکتۆر عەبدوڵڵا وەیسی (سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئیسلامی لە کوردستان) بکەم و، لە چەندین بۆنە گوێم لە هەڵوێستە گرنگەکانی بووە کە گوتوویەتی: «گرنگە چیرۆکی پێکەوە ژیان لە مێژوو هەڵبهەنجێنین»، دیارە هەموو مێژوویەك دوو لایەنە، لایەنێکی پڕە لە کەلتووری پێکەوە ژیان کە پێویستە پارێزگاری لەم لاپەڕە پرشنگدارانە بکەین، هەروەها چەندی لاپەڕەی ڕەشیشی تێدایە کە دەبێت لێی دوور بکەینەوە، ئەم حاڵەتە لە مێژووی کریستیانەکان و موسڵمانەکانیش بوونی هەیە و چەندین لاپەڕەی پرشنگداری تێدایە دەبێت پارێزگاری لێ بکەین و چەندین لاپەڕەی ڕەشیشی تێدایە دەبێت لێی دوور بکەوینەوە.

**ئەرکی ئێمەیە کە نەوەکانی ئێستا و داهاتوو فێری کەلتووری پێکەوە ژیان بکەین و پێیان بڵێن کەلتوری پێکەوە ژیان شارستانیەت و مێژووی ئێمەیە**

پاراستنی کەلتووری پێکەوە ئەرکی ئێمەیە بە تایبەتی ئێمەی پیاوانی ئایینی، دەبێت لە مێژووی خۆماندا چیرۆکی سەرکەوتووی پێکەوە ژیان هەڵبهەنجێنین و بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتووی بخوێنینەوە و فێری کەلتووری پێکەوە ژیانیان بکەین.

**پێکەوە ژیاوین و پێکەوە دەمێنینەوە و پێکەوە گەشە دەکەین و پێکەوە پێش دەکەوین**

❊❊❊

**تێبینی: ئەم وتارە لە ڕێوڕەسمی دابەشکردنی کتێبی «بەیەکەوە ژیان لە کوردستان . دید و تێڕوانینی ئایینە جیاوازەکان» پێشکەش کراوە کە لە لایەن گۆڤاری گوڵانەوە بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی ئامادە کراوە و، دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەرکی چاپکردنی لە ئەستۆ گرتبوو.**



# ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە

چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە سەدەی حەڤدەیەم و شەڕی ٣٠ ساڵەی ئەورووپا و شەڕی ناوخۆیی بەریتانیا و ڕێککەوتنی «ویستفالیا»وە هاتووەتە ناو ئەدەبیاتی سیاسیی نەتەوەکانی جیهان و، مەبەست لەم چەمکەش ئەوەیە کە دەوڵەتی نەتەوەیی جیا لەوەی سەروەریی لەسەر کاروباری ناخۆی وڵات بە تایبەتی ئایینی نەتەوە هەیە، لە هەمانکاتدا سەروەریشی بەرامبەر ئاسایشی دەرەکی هەیە و تا ڕادەیەك ئەم چەمکە لە هەناوی «شەڕی ٣٠ ساڵەی ئایینی لە ئەورووپا» لە دایك بووە، هەر بۆیە لە پێناسەکەشیدا سەروەریی دەوڵەت گرێ دراوەتەوە بە سەروەریی دەوڵەت بە سەر «ئایین»یشەوە، ئەمەش وای کرد ئەم چەمکە هەر زۆر زوو گۆڕانکاری بەسەردا بێت و لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەم و سەرەتای سەدەی هەژدەیەم فەیلەسووفی گەورەی جیهان «ئەمانوئێل کانت» لە چوارچێوەی پرۆژەیەك بە ناوی «پرۆژەی ئاشتی هەمیشەیی - Perpetual Peace» چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە ناو چوارچێوە کۆنە ئایینییەکە دەرهێنا و بەرگێکی سکۆلاری و گلۆباڵی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی بە بەردا کرد و، دەڵێت: «دەبێت سیستمێکی جیهانیی ڕۆشنگەر جێگەی ئەم سیستمەی ئێستای دەوڵەتانی نەتەوەیی بگرێتەوە و، لەم سیستەمە تازەیەشدا دەبێت دەوڵەتانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ملکەچی بەرژەوەندیی گشتی بێت و لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیدا بەڕێوە ببرێن». دیارە کانت مەبەستی لەوەی کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی ملکەچی بەرژەوەندیی گشتی بێت، ئەوەیە کە دەبێت بەرژەوەندییەکی گشتی لە نێوان هەموو نەتەوەکان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی بێتە ئاراوە، بۆ ئەوەی ئاشتی هەمیشەیی لە نێوان نەتەوەکان مسۆگەر بکات.

هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەی «ئاشتی هەمیشەیی»ی ئەمانوئێل کانت لەو ڕوانگەیەوە ناکرێت بەوەی ئایا ئەم پرۆژەیە توانی ئاشتی لە جیهاندا بەرقەرار بکات، یان نە؟ بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت کە ئەم پرۆژەیەی کانت «مرۆڤایەتی گەیاندووەتە ئەو قەناعەتەی دەبێت دوایین ئامانجی هەموو دەوڵەتان ئەوە بێت کە بگەنە جۆرە ڕێککەوتنێك لەسەر ئەوەی شەڕ کۆتایی بێت و ئاشتی هەمیشەیی جێگەی بگرێتەوە»، هەر بۆیە دوای تێپەربوونی نزیکەی ١٢٠ ساڵ بەسەر کۆچی دوایی ئەم فەیلەسووفە گەورەیە و دوای تەواوبوونی جەنگی یەکەمی جیهانی و دەستپێکردنی هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی «کۆمەڵەی گەلان - The League of Nations»، پرۆژەکەی کانت کرایە بناخە بۆ دامەزراندنی ئەم دامەزراوە نێودەوڵەتییە و، وردۆ ویلسۆن سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا لە ١٤ خاڵدا ڕایگەیاند و لەم چواردە خاڵەدا مافی ئەوەی بە هەموو نەتەوەیەك دا کە دەبێت خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بێت، لەمەش زیاتر جیهان ئاشتی و ئاسایش بە خۆیەوە نابینێت، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا ڕێز لە سەروەریی نەتەوەیی نەگیرێت و دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بەهێز نەبێت.

ئەم چەند دێڕە پێویست بوو بۆ ئەوەی دەروازەیەك بکەینەوە و هەڵسەنگاندێك بۆ ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە بکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەی کابینەی نۆیەم بەرهەمی ئەو دروشمەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی ٢٠١٨ کە پارتی دیموکراتی کوردستان بە دروشمی «کوردستانێکی بەهێز» چووە ناو هەڵبژاردنەکان و لە کۆی ١٠٠ کورسی ٤٥ کورسیی پەرلەمانی کوردستانی بەدەست هێنا.

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٨، پیشاندانی ئیرادەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و ئیرادەی تەواوی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستانە بەوەی هەموویان بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز بە «دوا ئامانج» دەزانن و بەرنامەی ئەم کابینەیەش بەو جۆرە داڕێژراوە کە لانی کەم بناخەیەك بۆ ئەو «دوا ئامانج»ەی خەڵکی کوردستان دابنێت و، کوردستانێکی بەهێزیش بە بێ بوونی ئاسایشێکی نەتەوەیی بەهێز بوونی نابێت، بۆیە گرنگە لە ڕوانگەی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەڵسەنگاندنێك بۆ ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین.

## ● سیاسەت و ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کوردستانێکی بەهێز

ئۆتۆ ڤۆن بسمارك کە هەوڵی دا ئەڵمانیا بونیاد بنێتەوە، بۆچوونی بەو شێوەیە بوو، ئەڵمانیا بە دوو مەرج وەك دەوڵەتی نەتەوەیی



**جیهان ئاشتی و ئاسایش به خۆیەوە نابینێت، ئەگەر لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا ڕێز لە سەروەریی نەتەوەیی نەگیرێت و دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخ بەهێز نەبێت**

**مەبەست لە بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز ئەوە نییە کوردستان لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز بێت و هەڕەشە لەسەر دراوسێکانی دروست بکات**

بۆ ئەڵمانییەکان دەمێنێتەوە و ئەو دوو مەرجەش بریتین لە:

١- ئەڵمانیا دەوڵەت بێت و خۆی نەکاتە ئیمپراتۆر هەتا قەیسەری ڕووسیا وەك مەترسییەك سەیری نەکات، بۆ ئەمەش نەمسای نەلکاند بە ئەڵمانیاوە.

٢- دەبێت دەوڵەتی ئەڵمانیا «دەوڵەتێکی خۆشگوزەران - Welfare State» بێت، بۆ ئەوەی نەبێتە هۆکاری ئەوەی بیر لە کۆمۆنیست بکرێتەوە و دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی دابمەزرێت.

ئەم بۆچوونەی بسمارك ئەوەمان فێر دەکات لە پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەتدا، پرسەکە ئەوە نییە ئەو دەوڵەتە چەند لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز بێت، بەڵکو پرسەکە ئەوەیە چۆن ئەو دەوڵەتە دەمێنێتەوە و خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیانی دابین دەکات، ئەم بیرکردنەوەی بسمارك بووەتە بیرکردنەوەی ئێستای دەوڵەتی ئەڵمانیا و لە «کۆنفرانسی میونشن»ی ساڵی ٢٠٢٠ و لە میانەی وتارێکدا کە ئۆرسۆلا ڤۆن دێر لاین وەزیری بەرگریی ئەو کاتی ئەڵمانیا پێشکەشی کرد «ئەگەر ئەڵمانیا زۆر بەهێز بێت، کێشە بۆ ئەوروپا دروست دەکات و ئەگەر زۆر لاوازیش بێت، دیسان هەر کێشە بۆ ئەوروپا دروست دەکات»، ئەم قسەیەی وەزیری بەرگری ئەڵمانیا دەقاودەق تەرجەمەکردنی ئەو فیکرەی بسمارکە کە ئەڵمانیای لەسەر بونیاد نراوە. لێرەوە ئەگەر لەسەر ئەو بۆچوونەی بسمارك سەیری هەنگاوەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین بۆ بونیادنانەوەی «کوردستانێکی بەهێز»، دەبینین هەنگاوەکانی بەو ئاراستەیەن کە مەبەست لە بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز ئەوە نییە کوردستان لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز بێت و هەڕەشە لەسەر دراوسێکانی دروست بکات، نەخێر، مەبەست لە بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز ئەوەیە کە کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە بە هێزی نەرم بەهێز بێت، ئەم هێزە نەرمە جیا لەوەی دەبێتە ژێرخانێك بۆ بونیادنانی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە هەمانکاتدا دەبێتە هۆکاری دروستبوونی بەرژەوەندیی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق و دەوڵەتانی دەوروبەر و هەروەها لەسەر ئاستی دەوڵەتانی جیهانیش.



لەسەر ئەم بنەمایە کابینەی نۆیەم مانایەکی فرە ڕەهەندی هاوچەرخی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دروست کردووە، لەم فرە ڕەهەندییەشدا کاری بۆ ئەوە کردووە کە ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان ببێتە ئەو بازنەیەی کە تەواوی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکات، بۆ ئەمەش یەکەم سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەم بۆ بەغدا و کۆبوونەوەی بوو لەگەڵ کۆی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن لە عێراقدا و، لەم سەردانەشدا توانرا دەروازەیەکی تازە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دروست بکاتەوە، بەڵام دروستبوونی خۆپیشاندانەکانی تشرین و دروستبوونی پاشاگەردانیی سیاسی لە عێراق و دەست لەکار کێشانەوەی حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهدی، ڕێگەی نەدا کردنەوەی ئەم دەروازەیە و هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەردەوام بن.

ئەوجا وێڕای ئەوەی بارودۆخی سیاسیی بەغدا بەرەو ناسەقامگیرییەکی تەواو چوو، دیسان گرفت کەوتەوە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ پەتای کۆڤید ١٩ سەری هەڵدا و بە ناچاری پەنا بۆ قەدەغەکردنی هاتوچۆ و ڕاگرتنی هەموو سێکتەرەکانی ئابووری درا (بێجگە لە سێکتەری خواردن)، لەمەش خراپتر هەر بە هۆی بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩ لە جیهاندا، نرخی نەوت بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر بۆ خوار سفر دابەزی، بەڵام کابینەی نویەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو ئەم تەنگژە و قەیرانە ئابوورییە گەورەیەدا نەك هەر چۆکی دانەدا، بەڵکو بەرنامەیەکی پتەوی بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی تەواوی ژێرخانەکانی هەرێمی کوردستان دارشت و سیاسەتی پشت بە خۆ بەستنی بە شێوەیەکی زۆر شەفاف پیادە کرد و توانی لەسەر پێی خۆی بمێنێتەوە، ئەم مانەوەیەشی لەو ئیرادەیەوە سەرچاوەی گرت، کە بەرنامەی بۆ کوردستانێکی بەهێز پێ دارێژرا بوو.

لە بەرنامەی کابینەی نۆیەمدا هەموو توخمەکانی « پێشمەرگە، پەروەردە و خوێندن، خوێندنی باڵا، تەندروستی و کاروباری

**مەبەست لە بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز ئەوەیە کە کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە بە هێزی نەرم بەهێز بێت**

**لەم کابینەیەدا توانرا یەکەمین هەنگاوی جددی هەڵبگرێت و کارێکی زۆر گەورە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بکرێت و مووچەکانیان بە بانکی بکرێن**



**لە بواری پەرەپێدانی کەرتی وزە (نەوت و گاز) کابینەی نۆیەم هەوڵی دا چاوخشاندنەوە بە کۆنتراکتەکان بکرێت و بەشی داهاتی زیاتر بۆ خەزینەی حکومەت بگەڕێتەوە، لەمەش پرۆسەی پەرەپێدانی لە هەر دوو کەرتی نەوت گاز فراوانتر کرد، ئەم پەرەپێدانەشی بە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە کوردستاندا گرێ دایەوە**

**کابینەی نۆیەم پلانی بۆ دروستکردنی دەیان بەنداوی گەورە و مامناوەندی دارشت و خرانە بواری جێبەجێکردنەوە کە چاوەڕێ دەکرێت ئەمساڵ ٣-٤ بەنداویان تەواو بکرێن**

کۆمەڵایەتی، وزە، ئاو، کارەبا، ڕێگەوبان و بونیادنانەوە، پیشەسازی و بازرگانی، بە پیشەسازیکردنی کشتوکاڵ و گەشتیاری و.. هتد»، وەك توخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ کراوە و هەوڵ دراوە لە هەر توخمێکیانەوە هێزێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی کوردستان پەیدا بکرێت، بەمجۆرە:

١. لە بواری یەکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و یەکخستنی مووچەی پێشمەرگە لەم کابینەیەدا توانرا یەکەمین هەنگاوی جددی هەڵبگرێت و کارێکی زۆر گەورە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە بکرێت و مووچەکانیان بە بانکی بکرێن.

٢. لە بواری پەرەپێدانی کەرتی وزە (نەوت و گاز) کابینەی نۆیەم هەوڵی دا چاوخشاندنەوە بە کۆنتراکتەکان بکرێت و بەشی داهاتی زیاتر بۆ خەزینەی حکومەت بگەڕێتەوە، لەمەش پرۆسەی پەرەپێدانی لە هەر دوو کەرتی نەوت گاز فراوانتر کرد، ئەم پەرەپێدانەشی بە پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لە کوردستاندا گرێ دایەوە.

٣. لە کارەبا توانرا زیاتر لە ٧٠٠ میگاوات کارەبا زیاد بکرێت، بەمەش ژێرخانی بەرهەمهێنانی کارەبای گەیاندە ئەو ئاستەی ئەگەر سووتەمەنیی پێویست دابین بکرێت، کێشەی کارەبا لە کوردستاندا نامێنێت.

٤. لە بواری پیشەسازیی گەورە و کرینەوەی گەنمی جووتیاراندا چەندین سایلۆی بۆ گلدانەوەی دانوێڵە دروست کرد و، هاوکات چەندین کارگەی گەورەی پیشەسازیی خۆراکی دامەزراند کە ئێستا گەیشتوونەتە قۆناخی بەرهەمهێنان.

٥. لە بواری کێشەی کەم ئاوی و وشکەساڵی، کابینەی نۆیەم پلانی بۆ دروستکردنی دەیان بەنداوی گەورە و مامناوەندی دارشت و خرانە بواری جێبەجێکردنەوە کە چاوەڕێ دەکرێت ئەمساڵ ٣-٤ بەنداویان تەواو بکرێن.

٦. لە بواری ڕێگەو بان و بونیادنانەوە، لە کابینەی نۆیەمدا بەردی بناغەی پرۆژەی ١٠٠مەتریی سلێمانی دانرا، لە هەولێر دەست بە پرۆژەی ١٥٠ مەتری کرا و قۆناخی یەکەمی تەواو بووە و قۆناخی دووەم و سێیەمیش



لە قۆناخی تەواوبووندان، هەروەها بڕیاری دروستکردنی ٢٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکانی کەمدەرامەت خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمە بێجگە لە نۆژەنکردنەوەی سەرجەم ڕێگا دەرەکییەکان و تەواوکردنی ڕێگەی سەرەکیی هەولێر – گۆپاڵ بە ئاستی ستاندەری نێودەوڵەتی و ئێستا وا باس لە جێبەجێکردنی دروستکردنی ڕێگەی ئاسن دەکرێت.

٧. لە بواری پیشەسازی، موڵەتی وەربەهێنان بە دەیان کارگەی گەورە و بچووك و مامناوەندی دراوە و ئێستا کاریان تێدا دەکرێت و بە دەیانی دیکەش لە بەرنامەدان مۆڵەتیان پێ بدرێت.

٨. لە بواری بەپیشەسازیکردنی گەشتیاری بە دەیان پرۆژەی گەشتیاریی گەورە لە کوردستان لە جێبەجێکردندان و بە دەیانی دیکەش ماستەر پلانیان تەواو بووە و ئامادەن بۆ جێبەجێکردن.

٩. لە بواری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی، توانراوە هەنگاوی زۆر گەورە و باش بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشخانە ئەهلییەکان بنرێت و نرخەکانیان یەك بخرێن و دەرمان و پێداویستی بۆ نەخۆشخانە حکوومییەکان دابنرێت و سنوورێك بۆ دەرمانی بێ کوالێتی دابنرێت و نرخی زیاتر لە ٢٨٠ جۆر دەرمان ڕێك بخرێت.

١٠. لە بواری پەروەرد و خوێندن و خوێندنی باڵا، توانراوە هەر دوو سێکتەری خوێندن و خوێندنی باڵا پێداچوونەوەیەکی زۆر باشی پێدا بکرێت و سەرلەنوێ قوتابخانە و زانکۆ ئەهلییەکان مەرجی پێویستیان بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی ئاستی خوێندن لە کوردستان نەیەتە خوارەوە و لەسەر ئاستی زانکۆ و قوتابخانە حکوومییەکانیش هەوڵ دراوە بە بەردەوامی نۆژەن بکرێنەوە و کێشە و گرفتەکانیان چارەسەر بکرێن.

هەموو ئەو توخمانەی کە ئاماژەمان پێ کردن، لەگەڵ چەندین توخمی دیکە کە لێرەدا بوار نەبوو ئاماژەیان پێ بکەین، هەموویان پێکەوە دەبنە پێناسە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەو جوگرافیایەی کە کابینەی نۆیەم ئامانجیەتی «کوردستانێکی بەهێز»ی لەسەر بونیاد بنێتەوە.

**بڕیاری دروستکردنی ٢٠٠٠ یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکانی کەمدەرامەت خرایە بواری جێبەجێ کردنەوە**

**توانراوە هەنگاوی زۆر گەورە و باش بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشخانە ئەهلییەکان بنرێت و نرخەکانیان یەک بخرێن و دەرمان و پێداویستی بۆ نەخۆشخانە حکوومییەکان دابنرێت و سنوورێک بۆ دەرمانی بێ کوالێتی دابنرێت و نرخی زیاتر لە ٢٨٠ جۆر دەرمان ڕێک بخرێت**

**دکتۆر ئەکرەم فەرەیدوون**
مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین بۆ گوڵان:

# جموجووڵی ئاوەدانی و باڵەخانە و شەقام و پرۆژەکان پێمان دەڵێن ئەدای حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی بەرزدایە



**وێڕای هەموو ئاستەنگ و بەربەستەکان و کێشە کەڵەکەبووەکانی ڕابردوو، جووڵەی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاری ڕووی لە زیادبوون کردووە، چەندین یەکەی نیشتەجێبوون و پرۆژەی ڕاوەستاوە کارەکانی دەستی پێ کردووەتەوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەدا و کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گۆڤاری گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەی دکتۆر ئەکرەم فەرەیدوون مامۆستای ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین کرد.**

*** وەکو مامۆستا و کەسایەتییەکی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری ڕاگەیاندن هەڵسەنگاندنت بۆ ئەدای کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە، بەتایبەتی لە ڕووی زاڵبوون بە سەر کێشە و گرفتە کەڵەکەبووەکانی پێشووەوە؟**

- لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێك کێشەی کەڵەکەبووی کابینەکانی پێشووی بۆ بەجێمابوو، هەموو ئەو کێشانە بێ چارەسەر مابوونەوە، لەوانە گەندەڵی و دەستتێوەردانی حزبی لە کاروباری حوکمڕانی و کێشەکانی بڕینی بودجە و قەیرانی دارمانی بەهای نەوت و پەتای کۆرۆنا و نەبوونی سەرچاوەی داهاتی جێگیر، ئەمە جگە لە بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئاوارەی عێراقی و کوردی سووریا و ئێران و تورکیا، هەرێمێکی دوای شەڕی داعش و ماڵوێرانی شوێنەوارەکانی شەڕی پێوە دیار بوو، هەموو ئەمانە ئابووری هەرێمی بە جۆرێك لاواز کردبوو، فشارێکی دارایی و ئابووریی گەورەی لێ کەوتبووەوە، تەنانەت نەدەتوانرا لەکاتی خۆیدا مووچەی پاشەکەوتیش بدرێت، هیممەتی ڕێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت و پاڵپشتیی گەلەکەی و یەك تیمیی کارکردنی وەزارەت و دامودەزگاکانی وای کرد هەموو ئەو کێشانە بهێنرێنەوە سەر مێزی گفتوگۆ و بە سەر هەموو ئەو کێشە و گرفتە یەك لە دوای یەکانەدا زاڵ بن و بە شێوازێکی ئەکادیمی و زانستی چارەسەری زانستی بۆ بدۆزرێتەوە. کابینەی نۆیەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاستکردنەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان نەك هەر قەرزی نەکرد، بەڵکو قەرزیشی دایەوە، ئەمە ئیرادە و عەقڵی دەوڵەتمەدارە هەروەکو چۆن لە نێو خێزاندا ئەگەر باوك بە ژیرانە و دڵسۆزانە هەڵسوکەوت بکات، هەمووان پابەند و گوێڕایەڵی دەبن و پێکەوە بە هێمنی چارەسەری کێشەکان دەکەن.

*** وەکو ئاماژەت پێدا یەکێك لە کێشە سەختەکان بابەتی مووچە و پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان بوو لە بەشە بودجەی گشتیی عێراق، لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی پشت بە خۆی ببەستێت بۆ زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکانی؛ تاچەند ئەم هەنگاوە گرنگ بوو بۆ سەقامگیریی ئابووریی هەرێمی کوردستان؟**

- حکومەتە پێشکەوتووەکان بە هێزی ئابووری دەتوانن ستراتیژیەت و پلانەکانیان لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ بکەن، حکومەتی ناوەندیش بەردەوام ویستوویەتی ئابووریی هەرێم نەبووژێتەوە و حکومەت نەبێتە خاوەنی ئەم هێزە، بەتایبەتی لەم کابینەیەدا کە تەنانەت پابەندی ناردنی ئەو ٢٠٠ ملیار دینارەش نەبوو کە لەسەری ڕێککەوتبوون، بگرە دژایەتیی کەرتی نەوت و گازی هەرێمیشی هاتە سەر، ئەمەش هەمووی لە پێناو سازشکردن و پاشگەزبوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو لە بەرامبەر مافەکانی گەلی کوردستان و جێبەجێ نەکردنی ئەو ماددە دەستوورییانەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان و هەرێمەکەدایە، وەکو ماددەی ١٤٠ی دەستووری و مافی هەرێم لە سوودوەرگرتن لە سامان و داهاتەکانی خۆی. سەرۆکی حکومەت هەم بە پشوودرێژی لەگەڵ ئەم شێوازە دوژمنکارییەی حکومەتی ناوەندی مامەڵەی کرد، هەم بە نیشاندانی نییەتپاکی بۆ دۆستەکانی و ئەو میکانیزمەی کە لە ناوخۆدا پەیڕەوی دەکرد بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی، توانی شکست بە هەموو مەرام و پیلانێکی دوژمنکاری بهێنێت.

*** لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستانیش حزب وەکو ئامانجە سەرەکییەکی خۆی کە پێکهێنانی حکومەت و خزمەتکردنی دەنگدەر و هاووڵاتیانە بەگشتی نەیتوانیوە ئەم پەیامە جێبەجێ بکات، ڕەنگە گەورەترین ئاستەنگ لە بەردەم جێبەجێکردنی چاکسازی و کارنامەی حکوومی خودی حزبەکان بن، تاچەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕایت؟**

- کاتێك نەیارانی ئەم میللەتە بینیان کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزە، هەر زوو کەوتنە دژایەتیکردنی، زۆر لە حزب و ئەو کەسایەتییە بەناو سیاسییانەی کە چاکسازی و گۆڕانکاری لە بەرژەوەندییان نەبوو، بە شێوازێکی چەوت و هەڵە مامەڵەیان کرد کە لە بەرژەوەندیی نەیارانی سیادەی هەرێمی کوردستان بوون، لە کاتێکدا حزب و

**سەرۆک بارزانی لە ناوەندە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نێوخۆی عێراق و لە ناو کوردستانیشدا وەکو مەرجەعێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیر دەکرێت**

**کابینەی نۆیەم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ڕاستکردنەوەی ئابووریی هەرێمی کوردستان نەک هەر قەرزی نەکرد، بەڵکو قەرزیشی دایەوە، ئەمە ئیرادە و عەقڵی دەوڵەتمەدارە**

**زۆر لە حزب و ئەو کەسایەتییە بەناو سیاسییانەی کە چاکسازی و گۆڕانکاری لە بەرژەوەندییان نەبوو، بە شێوازێکی چەوت و هەڵە مامەڵەیان کرد کە لە بەرژەوەندیی نەیارانی سیادەی هەرێمی کوردستان بوون**

**ئەوانەی دژایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەت و خەڵکەکەی دەکەن گوزارشت لە بۆچوون و خواستی خەڵکی عێراق ناکەن، زۆرینەی عەرەبی سوننە و شیعە خەڵکی کوردستان و سەرۆک بارزانی-یان خۆش دەوێت**

کەسایەتییەکانی ناو حزبەکان نابێت بەو شێوەیە مامەڵە بکەن. سەیری وڵاتێکی وەکو ئوردن بکەن، لەبەر ئەوەی ئەم سیادەیەی هەیە، وێڕای نەبوونی سەرچاوەی سرووشتی، بەڵام حزبەکان بە حزبەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە هەموویان لە مەسەلە نیشتمانی و نەتەوەییەکان هاوکۆکن و پشتگیریی حکومەتەکەیان دەکەن، لە هەرێمی کوردستان بەپێچەوانەوە لە بەها نیشتمانی و نەتەوەییەکان دەدرێت، خوازیاری لاوازبوونی حکومەتن، ئەوەندە خوازیاری بەهێزبوون و باشبوونی دۆخی ژیانی خەڵك و پێشکەوتنی خزمەتگوزارییەکان نین، لە کاتێکدا لاوازبوون و کەوتنی حکومەت، کەوتنی هەموانە بە خەڵك و حزبەکانیشەوە، ئەم حاڵەتە لە بابەتی بەشە بودجەی هەرێم و مووچەی خەڵك و دۆسێی نەوت و گازی هەرێمدا بە ڕوونی بەدەر کەوت.

*** حکومەتی عێراق لە دۆخێکی ئاڵۆزو پڕ کێشەدایە و ناتوانێت جڵەوی میلیشیات و ئەو گرووپ و هێزانە بکات کە وەلائیان بۆ خواست و ویستی دەرەکی و مەزهەبی هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لەم دۆخەدا دەبێت چۆن مامەڵە بکەین؟**

- ئەوانەی دژایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەت و خەڵکەکەی دەکەن گوزارشت لە بۆچوون و خواستی خەڵکی عێراق ناکەن، زۆرینەی عەرەبی سوننە و شیعە خەڵکی کوردستان و سەرۆك بارزانی-یان خۆش دەوێت، ئەوانەی بەم کارە نەشیاو و هەڵانە هەڵسوکەوت دەکەن، لە ژێر ئەجیندای دەرەکی و مەرامی گەندەڵی و شاردنەوەی بەفیڕۆچوونی سامانی خەڵکی عێراق خۆیان سەرقاڵی ئەم کارە کردووە و، شەقام و خەڵکی عێراق باش شارەزا بوون لێیان و بەوانە فریو نادرێن، هێرشکردنە سەر کوردستان بە پیلانی ناو کۆبوونەوەی هەرێمی و ئەجیندای دەرەکی بەڕێوەدەچێت، بە ئامانج گرتنی پایتەختی هەرێم و فڕۆکەخانە و ژێرخانی کوردستان و نانەوەی ئاژاوە لە هەرێمێکدا کە زۆرترین لێقەوماو و ئاوارەی عەرەبی لەخۆ گرتووە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە ئیدانە دەکرێت، پشوودرێژیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەرامبەر ئەم پێشێلکاری و دوژمنکارییانە هەڵسوکەوتێکی عەقڵانییە، چونکە حکومەتی هەرێم ئامانجێکی پیرۆز و مەزنی هەیە کە خزمەتکردنی هاووڵاتیانی کوردستانە لە کەشوهەوایەکی ئارام و سەقامگیردا، خۆ ئەگەر لە نێوخۆدا یەکگرتوو و تەبا بین، ئەوا ئەم مەرام و پیلانانەش شکست دەهێنێت، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان چیتر بەڵێ و نەخێری ئەملا و ئەولا وەرناگرن و پشتگیریی حکومەتەکەیان دەکەن.

*** یەکێك لەو خاڵانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگی پێ دەدات، مەسەلەی پابەندبوونە بە یاساوە، ئایا تاچەند هێزی یاسا بۆ سەقامگیریی نێوخۆ گرنگە؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان و ڕێزگرتن لە یاسا لە پێشەنگی کارنامەکەیدا هاتووە و تێیدا سەرکەوتوو بووە، هەرواشی کردووە و لە کۆرۆنا و کەرەنتینەدا ئەم ڕاستییەمان بینی، ئێمە (هەرەمی ماسلۆ) مان هەیە کە تێیدا ئاسایشی نەتەوەیی و ناوخۆ کە بۆ پیادەکردنی یاسا و سەروەریی دادگا گرنگە لە سەرەوەی هەرەمەکەدا دێت، لە هەرێمی کوردستان ئاسایش و ئارامییەکی باشمان هەیە و خەڵکی هاوکار و پاڵپشتی ئاسایش و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە دەکەن، لە بوون و بەرقەراربوونی ئاسایش هەمووان ڕۆڵی خۆیان هەبووە و خەڵکی هاندەر و هاوکار بوون، ئەوەتا هەرێمی کوردستان بووەتە پێگەی لێقەوماو و پەناهەندە و ئاوارەکان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە، ئەمە لەلایەن حکومەت و گەلانی پێشکەوتووخواز و ناوەندە ئایینی و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە مرۆڤدۆست و خێرخوازەکان بووەتە جێگای شانازی، کورد گەلێکی ئاشتیخوازە و هزر و بۆچوونی نامۆ و توندوتیژیی ئایینی و مەزهەبی ناوێت، پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە باوك و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە.

*** جووڵەیەکی باشی ئابووری و گەشتیاری و کشتوکاڵی و ئاوەدانی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێ کردووە، ئایا تا چەند حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بوو لەوەی هەنگاو بەرەو فرەچەشنکردنی داهات بنێت؟**

- هەر چەندە تا ئێستا پشتبەستن بە

**هێرشکردنە سەر کوردستان بە پیلانی ناو کۆبوونەوەی هەرێمی و ئەجیندای دەرەکی بەڕێوەدەچێت**

**ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان چیتر بەڵێ و نەخێری ئەملا و ئەولا وەرناگرن و پشتگیریی حکومەتەکەیان دەکەن**

**هەرێمی کوردستان بووەتە پێگەی لێقەوماو و پەناهەندە و ئاوارەکان بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە**

**کورد گەلێکی ئاشتیخوازە و هزر و بۆچوونی نامۆ و توندوتیژیی ئایینی و مەزهەبی ناوێت، پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە باوك و باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە**

داهاتی فرۆشتنی نەوت بەراورد بە کەرت و سێکتەرەکانی دیکە بەرزە، بەڵام خۆشبەختانە هەنگاوەکانی گەشەی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری دەبیندرێن، جووڵەیەکی بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیاریی باش هەیە و هەلی کاری بۆ گەنجەکان دابین کردووە، ئەمەش بە هۆی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و پتەویی هێزی پێشمەرگەوەیە، بۆیە خەڵکانێك بە ئارامی سەردانی هەرێم دەکەن و وەبەرهێنانی تێدا دەکەن، بە شەو و ڕۆژ گەشتیاران لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەمێننەوە. وێڕای قەیرانی سیولەی نەختینەیی بە دەیان پرۆژەی کارەبا و شارەوانی و پەروەردەیی و تەندروستی جێبەجێ کراون، خۆ ئەگەر ئەدای باڵا و بەرزی سەرۆکی حکومەت نەبووایە کە لە سەرەوەی دەسەڵاتی هەرەمەکەیە هەرگیز ئەم دەستکەوتانە جێبەجێ نەدەکران، لە توێژینەوە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ هەموو کار و بابەتێك سەری هەرەم زۆر گرنگە، وێڕای هەموو کەموکورتی و ڕەخنە و بۆچوونەکان کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان واقیعێکی نوێی دروست کردووە. گۆڕانکارییەکان زۆر خێران و گەشەی ئابووری و جموجووڵی ئاوەدانی و باڵەخانە و شەقام و پرۆژەکان پێمان دەڵێن ئەدای سەرۆکی حکومەت زۆر بەرز و باڵایە. ئەگەر باسی دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان بکەین لە ژێر ئەو هەموو هەڕەشە و سزا و هەڵسوکەوتە دوژمنکارییانە، ئەمە کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە لە پاشکەوتەی ئابووریی دوژمن دەرباز بێت، باسی نەوت و شەفافییەت دەکەن تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووە بەهێزەکان هەندێك خاڵ هەیە بە خاڵی سوور دادەنرێت و ڕێگا نادرێت کەسانی ناشارەزا بڵاوی بکەنەوە و خوێندنەوەی سەقەتی بۆ بکەن و زیان لە مووچە و داهاتی خەڵکی کوردستان و ئابووریی هەرێم بگەیەنن، شەفافییەت و چاودێریی ئەرکی دەزگاکانی چاودێری و بەدواداچوون و دەستپاکی و پەرلەمان و دادگایە، بەداخەوە لێرە تەنانەت پەرلەمانتار هەیە نازانێت ئەرکی چییە و خۆی سەرقاڵی پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا کردووە، نابێت زانیارییە نەتەوەییەکان بە بێ سانسۆر و نابەرپرسیارانە بگوازرێتەوە و زیان بەم هەرێمە بگەیەنرێت. یەکێك لەو ئەرکانەی کە لەم کابینەیەدا دەبێت هەنگای بۆ بنرێت و ئێمە وەکو ئەکادیمییانی بواری ڕاگەیاندن دەرکی پێ دەکەین، ئەوەیە کە دەبێت یاسای ڕۆژنامەنووسی هەموار بکرێتەوە بەتایبەتی لە بواری ئۆنلاین و سۆشیال میدیا کە زیانی نەك لە دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی داوە، بەڵکو زیانی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتییش بووە.

*** ئەو یەکدەنگی و یەکگرتوویی و تەباییەی جەختی لەسەر دەکەیتەوە کە بۆ نەتەوەی کورد لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە، پێویستی بەچی هەیە؟ ئایا هەروا لەخۆڕا دروست دەبێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی گرنگە؛ لە مێژوودا هەرگیز یەکدەنگی و یەکگرتوویی و تەبایی نێو کۆمەڵگە و نەتەوە لەخۆڕا دروست نابێت، ئەوا کەسایەتییە کاریزما و نیشتمانپەروەرەکانن دروستی دەکەن و هەمووان بە جیاوازی نەتەوە و ئایین و ئایدیۆلۆژیا و لە پێناوی پاراستنی بەها پیرۆزەکان پابەندی دەبن. لە شۆڕشی ئەیلوول مەلا مستەفا بارزانی هەموانی کۆکردەوە و بەرەو شۆڕش و خەبات ئاراستەی کردن، لە شەڕی داعش سەرۆك بارزانی بوو سەرکەوتنی بێوێنەی تۆمار کرد، ئەوەتا مەرجەعی شیعەکان وێڕای ناکۆکی و جیاوازییەکان ڕێگا نادات ناکۆکییەکان ببێتە هۆی تێکدانی نێوماڵی شیعە، لە هەرێمی کوردستان مەرجەع زۆر پێویستە و بە هاوشێوەی باوك، یان خەمخۆر بۆ خێزان مەرجەع بۆ نەتەوە پێویستە، خۆ ئەگەر گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ ئەو عەقڵییەتەی هەبووایە و مەرجەعێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبووایە ئێستا کورد لە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووتر دەبوو، گەورەیی و مەرجەع نادرێت بە هەموو کەسێك و بە نارەحەت پەیدا دەکرێت و باکگراوەندی چەندین ساڵی دەوێت، ئێستا بە خۆشحاڵییەوە سەرۆك بارزانی لە ناوەندە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نێوخۆی عێراق و لەناو کوردستانیشدا وەکو مەرجەعێکی نەتەوەیی و نیشتمانی سەیر دەکرێت، یەکێك لە هۆکارەکانی بەهێزیی حکومەتیش بۆ ئەو پاڵپشتییە بەهێزەی مەرجەع دەگەڕێتەوە.

**هەر چەندە تا ئێستا پشتبەستن بە داهاتی فرۆشتنی نەوت بەراورد بە کەرت و سێکتەرەکانی دیکە بەرزە، بەڵام خۆشبەختانە هەنگاوەکانی گەشەی کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری دەبیندرێن**

**پەرلەمانتار هەیە نازانێت ئەرکی چییە و خۆی سەرقاڵی پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیا کردووە، نابێت زانیارییە نەتەوەییەکان بە بێ سانسۆر و نابەرپرسیارانە بگوازرێتەوە و زیان بەم هەرێمە بگەیەنرێت**

**دەبێت یاسای ڕۆژنامەنووسی هەموار بکرێتەوە بەتایبەتی لە بواری ئۆنلاین و سۆشیال میدیا کە زیانی نەک لە دۆزی نەتەوەیی و نیشتمانی داوە، بەڵکو زیانی بۆ ئاشتیی کۆمەڵایەتییش بووە**

**ئەگەر گەلی کورد لە ساڵی ١٩٩١ ئەو عەقڵییەتەی هەبووایە و مەرجەعێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەبووایە ئێستا کورد لە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووتر دەبوو**



**کامیل قەزاز**

**بریکاری وەزارەتی کارەبا بۆ گوڵان:**

# لە کابینەی نۆیەمدا بڕی ٧٠٢ میگاوات کارەبا زیاد کراوە و بۆ زستانی ئەمساڵیش ٥٠٠ میگاواتی زیاتر بەرهەم دەهێنین

**پێوەری زیرەك یەكێكە لەو پرۆژە گرنگانەی وەزارەتی كارەبا كە پێش دوو ساڵ لەمەوبەر دەست بە جێبەجێكردنی كراوە و لە ئێستادا لە دواقۆناغەكانی تەواوبوونیدایە، پرۆژەكە جگە لە بەستنی پێوەری زیرەك و خوێندنەوەی كرێی كارەبا و سنووردارکردنی پێدانی بڕی كارەبا بە ٤٠ ئەمپێر بۆ سنگل فەیس و ٩٠ ئەمپێر بۆ سری فەیس چەند مواسەفاتێكی دیكە لەخۆ دەگرێت، بەتایبەتی سیستەمی پێدانی پێشوەختەی بەكارهێنانی كارەبا كە بە پریپەید یان كارت ناسراوە. بۆ قسەكردن لەسەر دوا قۆناغەكانی بەستنی پێوەری زیرەك و جێبەجێكردنی سیستەمی پریپەید لە چەند بازاڕ و یەكەیەكی نیشتەجێبوون، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی كامیل قەزاز بریكاری وەزارەتی كارەبا كرد كە هاوكات سەرپەرشتیاری لیژنەی باڵای تۆڕی زیرەكیشە و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** پێش دوو ساڵ لەمەوبەر وەزارەتی كارەبا لە پرۆژەیەكی گرنگ و فراواندا بۆ بەرامبەر دەستی بە گۆڕینی پێوەرە كلاسیكییەكانی هاوبەشانی كارەبا كرد و بەستنی پێوەری زیرەكی دەست پێ كرد، دواتر لە وەرزی زستانی ڕابردوودا دەستی بە سنووردارکردنی ئەو بڕە كارەبایە كرد كە دەدرایە هاوبەشان، دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە دەكرێت بپرسین تا چەند پێوەری زیرەك بۆ هاوبەشانی كارەبا بەسوود بووە؟**

- پێش وەڵامدانەوەی پرسیارەكەتان بە پێویستی دەزانم باسی هەندێك دەستكەوت و پرۆژەی سەركەوتووی وەزارەتی كارەبا بكەم. وەزارەتی كارەبا وێڕای گرفتی بودجە و سیولەی نەختینەیی و پەتای كۆرۆنا و هەڵكشانی پێوانەیی خواست و زۆربوونی هاوبەشانی كارەبا، لە چەندین سێكتەری بەرهەمهێنان و گواستنەوە و دابەشكردنی كارەبا سەركەوتوو بووە، لەم كابینەیەدا توانیمان ٧٠٢ مێگاوات كارەبا زیاد بكەین بە ڕێژەی ١٩,٤٪، هەنگاو بەرەو وزەی پاك بنێین و بۆ یەكەمینجار لەسەر ئاستی عێراق و كوردستان سوود لە گازی بەفیڕۆچووی كێڵگەی نەوتی كەلار وەربگرین و هاوكات پرۆژەیەكی بەرهەمهێنانی هایدرۆپاوەر بە توانای ٣٧ مێگاوات كارەبا لە قۆناغەكانی تەواوبوونیدایە و بۆ وەرزی زستانی ئەمساڵیش زیاد لە ٥٠٠ مێگاواتی دیكەی كارەبا بەرهەم دەهێنین، لە بەشی گواستنەوە زیاد لە ٦٠ پرۆژە و لە دابەشكردن ٧٣٠ پرۆژە جێبەجێ كراون و تۆڕی كارەبای دهۆك بە تۆڕی كارەبای خەباتمان بەستەوە، بەمەش تۆڕی كارەبای كوردستان لە سەرانسەری كوردستان بە یەكەوە بەسترایەوە، تەنانەت كارەبامان بۆ هاونیشتمانیانی كوردستانی لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش دابین كردووە. بە شێوەیەكی گشتی وەزارەتی كارەبا سەركەوتوو بوو لەوەی ژێرخانی كارەبا تا ڕادەیەكی باش بونیات بنێتەوە.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیارەكەشتان پرۆژەی پێوەری زیرەك بەشێكی گرنگی ئەو سەركەوتن و پرۆژانەی وەزارەت بوو، چاكسازی لە دابەشكردنی كارەبا و بنبڕكردنی سەرپێچییەكان و ڕێگەگرتن لە بەفیڕۆچوونی كارەبا بوو، ئەوەتا بەشێكی سەرەكیی كەمبوونەوەی بەفیڕۆچوونی كارەبا لە ڕێژەی ٤٥٪ بۆ ٣٠٪ی بۆ پێوەری زیرەك دەگەڕێتەوە، تەنانەت لە ڕێگەی ئەم پێوەرەوە بە سەدان ماڵ هاوبەشیان نەبوو، هاوبەشیان بۆ كرایەوە، لێرەدا بە كورتی و پوختی سوودەكانی پرۆژەی پێوەری زیرەكتان بۆ باس دەكەم:

- كارەبا كۆنترۆڵ دەكات و سیستەمی كارەبا سەقامگیر دەبێت، بەتایبەتی لە كاتی

**لە بەشی گواستنەوە زیاد لە ٦٠ پرۆژە و لە دابەشكردن ٧٣٠ پرۆژە جێبەجێ كراون**

**كارەبامان بۆ هاونیشتمانیانی كوردستانی لە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیش دابین كردووە**

بارزۆری دەتوانرێت بڕە کارەبای پێدراو بە هاوبەشان سنووردار بکرێت.

- بۆ خوێندنەوەی پێوەری کارەبا ناچینە ناو ماڵان و مانگانە پسولەی کارەبا چاپ دەکرێت و دەدرێتە هاوبەشانی کارەبا.

- سەرپێچی لەسەر تۆڕەکانی کارەبا چارەسەر دەبێت، بۆ نموونە تەنیا لە ماوەی هەشت مانگدا زیاتر لە ٨٠٠٠ سەرپێچی ئاشکرا کراون و سزای دارایی توند دراون.

- گۆڕەرەکانی کارەبا بەتایبەتی لە زستاندا لە سووتان دەپارێزرێن.

- توانای سنووردارکردنی بڕی پێدانی ئەمپێری کارەبا هەیە کە لە ئێستادا بۆ سنگڵ فەیس ٤٠ ئەمپێر و بۆ سری فەیس ٩٠ ئەمپێرە و لە زستاندا کە لۆد و بارزۆری زۆر بوو، بڕی کارەباکەمان کەمتر کردەوە و لە گرفتێکی گەورە دەربازمان بوو. لە ئێستاشدا لە هەنگاوێکی نوێ و ئەزموونیدا بەرەو سیستەمی پێدانی پێشوەختەی نرخی کارەبا دەچین کە بە پریپەید، یان کارتی کارەبا ناسراوە.

*** کەواتە دەتوانین بڵێین لەم کابینەیەدا هەنگاوی باش نراوە بەرەو بونیاتنانەوەی ژێرخانی کارەبا، هەرچەندە هێشتا نەمانتوانیوە کاتژمێرەکانی کارەبا زیاد بکەین، ئایا ئەم سیستەمەی پریپەید کە زۆر باس دەکرێت گرفتی کەمیی ماوەکانی پێدانی کارەبا چارەسەر دەکات؟**

- پێش ئەوەی باسی سیستەمی پریپەید بکەم، دەمەوێت چەند بابەتێك ڕوون بکەمەوە. من لەگەڵ گلەیی و ڕەخنەی هاووڵاتیاندام ئێمە بۆ خزمەتی ئەوان کار دەکەین و دەبێت ئەم خزمەتگوزارییە سەرەکی و گرنگە بە باشترین شێوە بگاتە هاووڵاتیان، هەروەکو چۆن پێویستە ڕاستییەکانیشیان پێ بگەینرێت و کەس بابەتی کارەبا بۆ موزایەدە باس نەکات. فەرمانبەرانی کارەبا بە شەو و ڕۆژ و بە سەرما و پلەی گەرمای بەرز و لە کەرەنتینە و لە ناو لافاو و شوێنە سەخت و پڕ مەترسییەکان بۆ خزمەتی ڕوناککردنەوەی ماڵەکانی هاووڵاتیان کار دەکەن، لەم پێناوەشدا چەندین قوربانییان داوە و شەهید و کەمئەندام بوون. لەلایەکی دیکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پاڵپشتیی زیادکردنی بەرهەم و دابینکردنی سووتەمەنی بۆ کردووین لە ماوەیەکی پڕ لە کێشە و گرفتدا، بەرهەم زیاد بووە و پرۆژەی زۆری گواستنەوە و دابەشکردن ئەنجام دراوە لە بەرامبەریشدا ٣٥٠ هەزار هاوبەشی کارەبا زیاد بووە و تێیدا هاوبەش هەیە بازرگانی و پیشەسازی و گەشتیارییە و بڕە کارەبایەکی زۆری دەوێت، کارگە هەیە ١٠٠ مێگاواتی پێویستە و باڵەخانەش هەیە سەرووی ٣٠-٥٠ مێگاوات کارەبای دەوێت، بەمەش تا دێت ژمارەی هاوبەشانی کارەبا و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و باڵەخانە و کەرتەکانی گەشتیاری و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی زیاد و فراوان دەبێت و ژمارەکە لە ١ ملیۆن و ٧٥٠ هەزار هاوبەش زیاتر بووە، بۆیە ئێمە پێویست بوو بیر لەم پرۆژە گرنگەی (پێوەری زیرەك) بکەینەوە و لە رووی پراکتیکییەوە جێبەجێی بکەین، کە پێشتر لە زۆر وڵات تاقی کراوەتەوە و تا ئێستا بە سەرکەوتوویی بەکار دەهێنرێت. بۆ نموونە لە هەمان پێوەری زیرەکی خۆمان لە ژاپۆن ٢٧ ملیۆن و لە بەریتانیا ٦ ملیۆن و لە ئوستralیا ٣ ملیۆن و لە نیوزلەندا ٢ ملیۆن بەکار دەهێنن و لای خۆشمان بە سەرکەوتوویی پرۆژەکە گەیشتووەتە قۆناغێکی دیکەی پێشکەوتوو .

سەبارەت بە سیستەمی وەرگرتنی پێشوەختەی کرێی کارەبا و زیادکردنی ماوەکانی پێدانی کارەبا و زیادکردنی داهات، لەگەڵ کۆمپانیای «ئیدی ئێم ئای» توانیومانە بە سەرکەوتوویی ئەزموونی ٢٤ کاتژمێری کارەبای پریپەید لە بازاڕی گەورەی لەنگەی هەولێر جێبەجێ بکەین و کاسبکار و خاوەند دووکانەکانیش زۆر ڕازین و پێیان خۆش بووە، چونکە لە خەرجی بڕە پارەی ئەمپێری موەلیدە و بچڕانی کارەبا و گرفتەکانی ڤۆڵتییە ڕزگاریان بووە، دووکاندار هەیە پێشتر مانگانە ٢٠٠ هەزار دیناری داوە بە کرێی کارەبای حکوومی و موەلیدە، لە ئێستادا کارتێکی ٥٠ هەزاری دەکرێت و باشتر کارەباکەی بەکار دەهێنێت و ئەم سامانە گرنگە بەفیڕۆ نادات و دەستی پێوە دەگرێت، ئێمەش داهاتمان زیادی کردووە. ئەو داهاتەی کە لە ٨٪ی بۆ خەرجی

**بەشێکی سەرەکیی کەمبوونەوەی بەفیڕۆچوونی کارەبا لە ڕێژەی ٤٥٪ بۆ ٣٠٪ی بۆ پێوەری زیرەک دەگەڕێتەوە**

**تەنیا لە ماوەی هەشت مانگدا زیاتر لە ٨٠٠٠ سەرپێچی ئاشکرا کراون و سزای دارایی توند دراون**

**لەگەڵ کۆمپانیای «ئیدی ئێم ئای» توانیومانە بە سەرکەوتوویی ئەزموونی ٢٤ کاتژمێری کارەبای پریپەید لە بازاڕی گەورەی لەنگەی هەولێر جێبەجێ بکەین و کاسبکار و خاوەند دووکانەکانیش زۆر ڕازین**

**زیاتر لە ١ ملیۆن و ٣٤٥ هەزار هاوبەش واتە ٩٠٪ی هاوبەشانی کارەبا پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە**

سیانە و خزمەتگوزاریی کارەبای هاووڵاتیان و ڕاکێشانی کارەبا بۆ گەڕەکە نوێیەکان و چاککردنەوەی تۆڕی کارەبا و محاویلەکانە، لە بازاڕی گەورەی لەنگە گرفتی بارزۆری و ڤۆڵتییە و کوژانەوەی کارەبا نەماوە و هەمووان بە دادپەروەرانە کارەباکەیان پێ دەدرێت. دوای ئەم کارە سەرکەوتووە لە ئێستادا لە بازاڕی دهۆك و ئەڤرۆ سیتی لە قەزای سێمێل جێبەجێ دەکرێت و بڕیاریشە لە بازاڕێکی سلێمانیش وەکو ئەزموونی تاقی بکرێتەوە. بە شێوەیەکی گشتی پرپیەید مەبەست لێی کۆنترۆڵکردنی سیستەمی بەکارهێنانی کارەبایە تاوەکو بە

*** ساڵانە لە کاتی وەرزەکانی سەرما و گەرمادا، بڕی پێدانی کاتژمێرەکانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان بەرەو کەمبوونەوە دەڕوات. ئایا بۆ زستانی ئەمساڵ پلان و بەرنامەکانی وەزارەت لە ڕێگەی پێوەری زیرەکەوە چییە؟**

- دوای زیادبوونی ژمارەی هاوبەشانی کارەبا لە ئێستادا سەرقاڵی بەستنی نزیکەی ٥٠٠ هەزار هاوبەشی دیکەین کە ماون، یان زیاد بوون، زیاتر لە ١ ملیۆن و ٣٤٥ هەزار هاوبەش واتە ٩٠٪ی هاوبەشانی کارەبا پێوەری زیرەکیان بۆ بەستراوە، هاوکات وەزارەت لەگەڵ کۆمپانیای جێبەجێکار سەرقاڵی دانانی داتا سەنتەرێکین،



باشترین شێوە سیستەمی دابەشکردن و پێدانی کارەبا جێبەجێ بکرێت، وەکو ئەزموون نزیکەی چوار مانگە جێبەجێ دەکرێت و لە داهاتوودا ئەم خزمەتگوزارییە دەگوازرێتەوە بۆ زۆربەی بازاڕ و یەکەی نیشتەجێبووەکان بۆ ئەوەی لە هەموو هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، هاووڵاتیانی کوردستانیش دڵنیا دەکەمەوە کە ئەم سیستەمەی پرپیەید نرخ گران ناکرێت و لە خزمەتی باشکردنی دۆخەکە و دادپەروەری و کەمکردنەوەی خەرجی و زیادکردنی داهاتی ئێمەیە.

بۆ وەرزی زستانیش نزیکەی ٥٠٠ مێگاوات کارەبا زیاد دەکەین و، لەگەڵ بەردەوامیی نەهێشتنی سەرپێچییەکانی سەر تۆڕی کارەبا بارودۆخەکە باشتر دەکەین، سەرپێچییەکان زیانی گەورەی لە کارەبا و ماوەکانی پێدانی کارەبا بۆ هاووڵاتیان داوە، بۆیە سزا و غەرامەکانمان توند کردووە و تەنانەت هەندێك کەیس دراوەتە دادگا، بۆیە داواکارم لە هاووڵاتیانی ئازیز خۆیان بەدوور بگرن لە سەرپێچی سەر تۆڕی کارەبا، کە بەشی هەرە زۆری سەرپێچییەکان لە ڕێگەی پێوەری زیرەکەوە دیار دەکرێت.

# بەرەو بیناسازیی ژینگەدۆست

بەڵگەنەویستە کە مرۆڤ زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە نێو ئەو شوێنانەدا بەسەر دەبات کە بنیات نراون، وەك ماڵ و قوتابخانە و شوێنی کار و چایخانە و کافێ و.. هتد، بۆیە سەلامەتیی ئەم شوێنە دەستکردانە و گونجاوی و نزیکییان لەگەڵ بارودۆخی ژینگەی سرووشتیدا زۆر گرنگە، لە چۆنیەتیی بنیاتنان و شێوازی ژیان تێدا و، تەنانەت شێوازی ڕووخاندن و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ پاشماوەکانیشی. هەموو ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ژینگەی دەستکرد و دروستکراو نزیکەی نیوەی کەرەستەی خاوی دەرهێنراوی جیهان بەکار دەبات، کاری بنیاتنانیش نزیکەی یەك لەسەر سێی پاشماوەکان پێك دەهێنێت، چونکە هەموو زیادبوونێك لە ژمارەی دانیشتواندا، زیادبوونێك لە ڕووبەرە بنیاتنراوەکان دەخوازێت.

ئەمە جگە لەوەی کە کەرتی خانووبەرە و بیناسازی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە گۆڕانکاریی ئاو و هەوادا، لەبەر ئەوەی پرۆسەی بنیاتنان و نیشتەجێکردن بە هۆی زۆر بەکاربردنی وزەوە، لە ٣٨٪ی دەرهاویشتە جیهانییەکانی کاربۆن بەرپرس بووە، بۆیە ئەو دەوڵەتانەی بەڵگەنامەی پشکدارییە دیارکراوە نیشتمانییەکانی خۆیان ئامادە کردووە، بەپێی داخوازیی ڕێکەوتننامەی پاریسی تایبەت بە گۆڕانکاریی ئاو و هەواوە، لە نێویشیاندا عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە کەرتی بنیاتنان و نیشتەجێکردندا ئەو ڕێکارانەیان خستووەتە ڕوو کە پێویستن بۆ کۆنترۆڵکردنی دەرهاویشتە گازییەکانی بواری خانووبەرە و بیناسازی.

**پرۆسەی بنیاتنان و نیشتەجێکردن بە هۆی زۆر بەکاربردنی وزەوە، لە ٣٨٪ی دەرهاویشتە جیهانییەکانی کاربۆن بەرپرس بووە**

باڵەخانەی ژینگەدۆست، یان سەوز، بەو بینایە دەوترێت کە لە گشت قۆناغەکانی بنیاتنانیدا ڕەچاوی مەرجە ژینگەییەکان کرابێت، هەر لە دیزاینەوە تا جێبەجێکردنی و کارپێکردنی و چاککردنەوەی، لە چۆنیەتی سوودوەرگرتن لە بۆشاییەکان و لە چوستیی وزە و بەکارهێنانی ئاو و کواڵێتیی دیزاینی ناوەوە و، زانینی کاریگەریی تەواوی باڵەخانەکە لە سەر ژینگە و پێکهێنەرەکانی.

بەم پێیە ئەوەی باڵەخانەی سەوز لە باڵەخانەی ئاسایی جیا دەکاتەوە، بریتییە لە کارکردن بە (چەمکی تەواوکاری)، لەو کاتەی کە تیمێکی فرە پسپۆڕی لە شارەزایانی بیناسازی بە مەبەستی بەردەوامیدان بە سیفاتە ژینگەییەکانی باڵەخانەکە لە قۆناغی پێش دیزاینکردن هەتا قۆناغی دوای نیشتەجێکردندا پێکەوە کار دەکەن.

بۆیە پێویستە لە باڵەخانەی سەوزدا کۆمەڵێك مەرج و سیفەت بێنە دی، بۆ ئەوەی لە باڵەخانەی ئاسایی جیا بکرێنەوە، وەك:

١- بەکاربردنی بڕێکی باشی ڕووناکیی سرووشتی.

٢- کواڵێتییەکی زۆر باشی هەوا.

٣- ڕوانینە سەر دیمەنی جوان و ئارامبەخش.

٤- کۆنترۆڵکردنی ژاوەژاو.

٥- بەکارهێنانی کەمترین بڕی کەرەستە، بەپێی دیزاینێکی دروست.


٦- چوستی لە بەکارهێنانی وزەدا، بە هەڵبژاردنێکی ورد بۆ دەرگا و پەنجەرەکان و، دابڕینی ناوەوە لە دەرەوە لە ڕووی گوێزانەوەی گەرمی و ساردی و ژاوەژاو و هەوای پیسبوو.

٧- بەکارهێنانی وزەی نوێبووەوەی وەك وزەی خۆر و با.

٨- پارێزگاریکردن لە ئاو و ڕێگرتن لە بەفیرۆدانی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای هاوڕێی ژینگەوە.

٩- کەمکردنەوەی پاشماوەی پرۆسەی بیناکردن و ڕووخاندن.

١٠- سوودوەرگرتن لە چەمکی دیزاین، بۆ هەڵوەشانەوە نەك ڕووخاندن، لە ڕێگەی بەکارهێنانی سیستمی بینای دروستکراوی پێشوەخت، کە دەتوانرێت



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵانی نووسیوە

لە کاتی پێویستدا لێك بکرێتەوە و ببرێتە شوێنێکی دیکە، بێ ئەوەی پێویست بە ڕووخاندن بکات.

١١- گونجاندنی بنیاتنان لەگەڵ کۆدی بیناسازیی سەوزدا، چونکە کۆنکرێت و ئاسن و ئەلەمنیۆم بەرپرسن لە نزیکەی ٢٣٪ ی دەرهاویشتەکان، لە سەر ئاستی جیهاندا.

١٢- لەوانەیە لە سەرەتاوە تێچووی زۆر بێت و پێویستی بە جۆرێك لە شوێنە، کە بە ئاسانی تیشکی خۆری پێ بگات، کاتی زیاتریشی دەوێت بۆ دیزاین و بنیاتنان، بەڵام لە دوای بنیاتنان بۆ بەردەوامی و نۆژەنکردنەوە تێچووی کەمترە.

١٣- لە باڵەخانەی سەوزدا شتێك نییە بە ناوی بەفیرۆدان، بەڵکو هەموو شتێك دووبارە بەکارهێنانەوەی تێدا دەکرێت.

جا بە مەبەستی گواستنەوە لە تیۆرەوە بۆ کردار، پەرەپێدان بە پرۆگرامێکی نیشتمانیی زۆر پێویستە، بۆ بنیاتنانی سەدان باڵەخانەی سەوز لە ڕێگەی چەند هەنگاوێکەوە وەك:

یەکەم: دانان و پەرەپێدان بە کۆدی بیناسازی بە سوودوەرگرتن لەو ئەزموونە جیهانییانەی کە گونجاون بۆ هەرێمی کوردستان، بە جۆرێك هەموو بنەماکانی بیناسازیی سەوز لەخۆ بگرێت، ئەمەش پێویستی بە هۆشیاری و ڕاهێنانی بەڵێندەران دەبێت، لە چۆنیەتیی هەوڵدانیان بۆ دەستخستنی ئەو کەرەستە و بەرهەمانەی کە ڕۆڵیان دەبێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بیناسازیی سەوز، بەتایبەت لە کەمکردنەوەی ئاو و وزەی بەکارهاتوودا، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لە نێوان وەزارەتەکانی نیشتەجێکردن و شارەوانی و دەستەی وەبەرهێناندا هەماهەنگی هەبێت.

دووەم: هەموارکردنەوەی سیستمی تەندەرینی ئەندازیاری و بەڵێندەرایەتی، بە جۆرێك کە ئەو مەرجانە لەخۆ بگرێت بۆ بەکارهێنانی گشت ئەو کەرەستە و هۆکارانەی کە لە توانایاندایە، بەکارهێنانی وزە و ئاو کەم بکەنەوە، هەروەها پابەندکردنی بەڵێندەران و جێبەجیکاران بە دانانی یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆ و، ڕێگرتن لە پیسکردنی ژینگە لەکاتی جێبەجێکردنی هەر کارێکدا و، ڕازی نەبوونی هیچ دامەزراوەیەکی حکوومی و گشتی بە بنیاتنانی هەر بینایەکی نوێ بە بێ بوونی مەرجەکانی بیناسازیی سەوز.


سێیەم: بەجێهێنانی پرۆسەیەکی وردبینی لە سەرەتادا بۆ وزەی بەکارهاتوو لە گشت بینا حکوومییەکان، بۆ زانینی بڕی وزەی بەکارهاتوو لە ئێستادا و، چۆنیەتی کەمکردنەوەی لە ڕێگەی ڕێکارە ئەندازیاری و کارگێڕی و تەکنیکییەکانەوە، ئەمەش بە بوونی چاودێرییەکی توند، بە مەبەستی باش بەکارهێنانی وزە.

**ژینگەی دەستکرد و دروستکراو نزیکەی نیوەی کەرەستەی خاوی دەرهێنراوی جیهان بەکار دەبات، کاری بنیاتنانیش نزیکەی یەک لەسەر سێی پاشماوەکان پێک دەهێنێت**

چوارەم: دانانی بنەماکانی باشبەکارهێنانی ئاو و وزە لە پرۆگرامی خولەکانی ڕاهێنانی پیشەییدا، بۆ ئەوەی بەلای کەمەوە هۆشیارییەك بڵاو بکرێتەوە لە بارەی گرنگیی بیناسازیی سەوز لە ژیان و ژینگەدا.

پێنجەم: جەختکردنەوە لەسەر بەخشین لە باجدان، بۆ ئەو کەرەستە و بەرهەمانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە باشبەکارهێنانی وزە و ئاودا، بە جۆرێك نرخەکانیان توانای پێشبڕکێی هەبێت لەگەڵ نرخی ئەو ئەو کەرەستە و بەرهەمانەی کە وزەپارێز نین.

شەشەم: دامەزراندنی ئەنجومەنی بیناسازیی سەوز، کە پێکبێت لە وەزارەتی پلاندانان و نیشتەجێکردن و شارەوانی و دەستەی وەبەرهێنان و دەستەی ژینگە و بانکی هەرێم و سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان، بە مەبەستی کاراکردنی کەلتووری بیناسازیی سەوز و، دەرچوواندنی ڕێنمایی و دانانی کۆد و پێوەر و مەرجەکان لە ڕووەکانی نەخشەکێشان و بنیاتنان و جۆری کەرەستەکان و مەرجەکانی مامەڵەکردنی دروست لەگەڵ ئاو و کارەبا و فێنککردنەوە و گەرمکردنەوە.



**زۆر ئەستەمە سەقامگیری بۆ پرۆسەی سیاسیی عێراق بگەڕێتەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ ناسەقامگیری جێگەی دەگرێتەوە**

پرۆفیسۆر دکتۆر عامر حەسەن فەیاز
ئوستادی زانستی سیاسەت بۆ گوڵان:

# لە عێراقدا چەقبەستوویی سیاسی گەیشتووەتە لووتکە و کردنەوەشی پێویستی بە ئاقڵمەدان هەیە، کە لە ئێستادا نییە

**پرۆفیسۆر دکتۆر عامر حەسەن فەیاز، ڕاگری کۆلیژی زانستە سیاسییەکانە لە زانکۆی نەهرین و یەکێکە لەو ئەکادیمییانەی بە شێوەیەکی پراکتیکی کاری لە ناو پرۆسەی سیاسی و یاسایی عێراقدا کردووە و، چەندین پۆستی لە حکومەتە جیاوازەکانی عێراقدا هەبووە، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە بەردەوام ڕەخنە و سەرنجی لەسەر ئەو هەیکەلە سیاسییە هەبووە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ وە لە عێراق دامەزراو و، هەمووکات جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە لە ناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا هەموو لایەنەکان زۆر بە قووڵی دەستیان لە ناو گەندەڵیدا نقووم بووە و، بەو دەستانەش پرۆسەی سیاسیی عێراق ڕێك ناخرێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق و مەزندە و ئەگەرەکان بۆ ئاییندە، ئەم وتویژەمان لەگەڵ ئەنجام دا و، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** بە بۆنەی چلەی ماتەمینیی ئیمام حوسێن خەڵکێکی زۆر لە ئێرانەوە هاتوون بۆ عێراق و، لە پارێزگاکانی بەغدا و باشووریشەوە خەڵکانێکی زۆر بەرەو نەجەف و کەربەلا چوون، خوێندنەوەتان بۆ ئەم دیاردەیە چۆنە؟**

- پێش هەموو شت دەمەوێت باسی ئەوە بکەم کە لەوەتەی ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینیی ئیمام حوسێن دەستی پێ کردووە، شەقامەکانی بەغدا زۆر ئارامن و نە «تیك تۆك» دەبینرێت، نە هیچ شلەژان و قەرەباڵغییەك ماوە، ئەم دیاردەیە ئەوان پێی دەڵێن ئێستا لە شاری بەغدا تەنیا ئەو خەڵکانە ماونەتەوە کە بە ڕەسەن بەغدادین، ئەوانی دیکە وەك گەڕەکەکانی شوعلە و سەدر و ناوچەکانی دەوروبەری، هەموو چوون بۆ ئەو ڕێوڕەسمە، هەروەها بەشێکی زۆری دانیشتووانی پارێزگاکانی دیکە هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێت کە عەرەبی عێراق لە ناو خۆیاندا دابەش بوون، بەشێکیان زۆر پابەندن بە عەقیدەی ئایینیی خۆیان بە تایبەتی شیعە، بەشێکی دیکەش کە ئیمکانیەتیان هەیە و خوازیاری ئەو پاشاگەردانییە نین، ڕوویان کردووەتە هەرێمی کوردستان.

*** باسی پاشاگەردانی و داخرانی سیاسیت لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کرد، ئایا دەتوانین بڵێین بینینی ڕووناکیی ئەو سەری تونێلەکە هێشتا هەر زۆر دوورە؟**

- لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەر لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا کێشەیەك لە هەیکەلی سیستمە سیاسییەکەدا هەیە و، ئەوانەی پێیان وایە لە دوای هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ئەم داخرانە سیاسییە هاتووەتە ئاراوە، ئەوانە هەڵەن، ئەمەش لەبەر ئەوە چەقبەستوویی سیاسی لە ساڵی ٢٠٠٣ وە دەست پێ دەکات، بەڵام هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ ئەم چەقبەستووییەی گەیاندە لووتکە

لەوەتەی ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینیی ئیمام حوسێن دەستی پێ کردووە، شەقامەکانی بەغدا زۆر ئارامن و نە «تیک تۆک» دەبینرێت، نە هیچ شڵەژان و قەرەباڵغییەک ماوە

لووتکەی چەقبەستوویی سیاسی لە پەلەکردنی لە واژووکردنی دەست لەکار کێشانەکانەوە دەست پێ دەکات، بێگومان ئەم هەنگاوە هەنگاوی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا

هەڵەی دووەم پەلەکردنی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بوو، کە زۆر پەلەیان کرد و گوشاریان دروست کرد بۆ ئەوەی پەرلەمان کۆببێتەوە و جێگرەوە بۆ ٧٣ پەرلەمانتارەکەی سەدر دابنێتەوە

و، گەیشتنیش بە لووتکەی چەقبەستوویی سیاسیش لەو بڕیارەی محەمەد حەلبوسی سەرۆکی پەرلەمانی عێراقەوە دەستی پێ کرد، کە پەلەی کرد لە پەسەندکردنی دەست لەکارکێشانەوەی ٧٣ پەرلەمانتارەکەی ڕەوتی سەدر.

*** بە ڕای ئێوە ئایا حەلبوسی دەیتوانی دەستلەکارکێشانەوەکان واژوو نەکات؟ ئایا ئەمە تەنیا فاکتەرە بۆ گەیشتن بە لووتکەی چەقبەستوویی سیاسی لە عێراقدا؟**

- من وتم، لووتکەی چەقبەستوویی سیاسی لە پەلەکردنی لە واژووکردنی دەست لەکار کێشانەکانەوە دەست پێ دەکات، بێگومان ئەم هەنگاوە هەنگاوی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، کە لێرەدا بە خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەم:

١- بەپێی سیستمی ئەنجومەنی نوێنەران، محەمەد حەلبوسی دەیتوانی خۆی لەو هەڵەیە بەدوور بگرێت، لەبەر ئەوەی بە پێی سیستمی ئەنجومەنی نوێنەران، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو مافەی هەیە نەك دەست لەکار کێشانەوەی ٧٣ پەرلەمانتار، بەڵکو دەست لەکار کێشانەوەی تەنیا یەك پەرلەمانتاریش بخاتە بەردەمی ئەنجومەنی نوێنەران، بۆ ئەوەی دەنگدانی لەسەر بکرێت، بەوەی ئایا ئەو دەست لەکار کێشانەوەیە پەسەند بکرێت یان نا، لەمەدا سەرۆکی پەرلەمان دووربین نەبوو، ئەوەی لەبەرچاو نەگرت کە ئەو پەلەکردنەی ئەو چ کارەساتێکی دیکە بە دوای خۆیدا دەهێنێت، هەر بۆیە ئەگەر بە شێوازی دووەم کاری بکردایە، شەرعییەتی زیاتر بۆ بڕیارەکەی دابین دەکرد.

٢- هەڵەی دووەم پەلەکردنی لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە بوو، کە زۆر پەلەیان کرد و گوشاریان دروست کرد بۆ ئەوەی پەرلەمان کۆببێتەوە و جێگرەوە بۆ ٧٣ پەرلەمانتارەکەی سەدر دابنێتەوە، چوارچێوەی هەماهەنگی بە شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکە کرد، وەك ئەوەی هەموو شتێك کۆتایی هاتبێت و ئیدی بارودۆخەکە چۆنیان بوێت بەو شێوەیە هەڵدەسووڕێت، بەڵام بارودۆخەکە وا دەرنەچوو، وەك بینیمان گەیشتە ئەوەی بە کردەیی پێکدادان و شەڕی سەر شەقامەکانمان بینی، لە بری ئەمە لایەنەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی دەبوو ئەو هەنگاوە هەڵنەگرن بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکانی پەرلەمانتاری ڕەوتی سەدر، بەڵکو ئەمەیان بهێشتایەوە، چونکە بە بێ جێگرتنەوەی ٧٣ پەرلەمانتارەکەی سەدریش دەیانتوانی دوو لەسەر سێ دابین بکەن.

٣- هۆکاری سێیەم ناوی دەنێم نەبوونی یەکریزیی نێومالّی کورد، ڕاشکاوانەتر نەبوونی ڕێککەوتن لە نێوان (پارتی و یەکێتی) لەسەر دەستنیشانکردنی یەك کاندید بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار، ئەگەر لە نێوان پارتی و یەکێتی ڕێککەوتنێکی لەو جۆرە هەبوایە، ئەوا زۆر پرسی گرنگ یەکلایی دەکرانەوە.

*** پرسی دەست لەکار کێشانەوەی پەرلەمانتارانی تەیاری سەدر، بە فەرمانی ڕاستەوخۆی سەدر بووە، لەمەش زیاتر لە هەنگاوی دووەمدا موقتەدا سەدر خۆیشی دەستی لەکاری سیاسی کێشایەوە و، ئەمەشیان بە ئاشکرا ڕاگەیاندووە، ڕای ئێوە بۆ ئەم پێشهاتە چییە؟**

- لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئەمە بۆ دەیەمین جارە سەدر ڕای دەگەیەنێت کە دەست لە کاری سیاسی دەکێشێتەوە و خۆیشی لە تویتێکدا ئاماژەی بەمە کردووە، ئەمەیان لەلایەك، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەو پرسیارە بکەین ئایا ڕەوتی سەدر هەنگاوەکەیان دروست بوو بە دەست لەکار کێشانەوەکانیان؟ بە بڕوای من ئەم هەنگاوەیان نەك هەر هەڵە بوو، بەڵکو ڕەفتارێکی هەرزەکارانەی سیاسی و کەمتریش لەوە بوو، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کاتێك ڕەوتی سەدر پەرلەمانتارەکانی لە پەرلەمان دەکشێنێتەوە، گرەو لەسەر چی دەکات؟ ئایا گرەو لەسەر گوشاری شەقام دەکات؟ لەمەشدا بینمان ئاکامی گوشاری شەقام بە کوێ گەیشت، ئەوان لەوە بێ ئاگان کە بە درێژایی مێژووی سیاسەت خۆپیشاندان و گوشاری شەقام بازنەی (دواکاری و ڕووبەڕووبوونەوە) بووە و، هەرگیز گوشاری شەقام بازنەی (دیالۆگ و وتووێژ) نەبووە، ئەم حاڵەتە زۆر جار لە دەوڵەتانی دیموکراتی و پێگەیشتووشدا دەگاتە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە و پێکدادان،

ئینجا وەك لە بارودۆخێکی شلەژاوی سیاسیی عێراق بینیمان، پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەکان گەیشتە شەڕێکی ناوخۆیی تەواو و، ئەگەر مەرجەعییەتی نەجەف دەستتێوەردانی نەکردایە و گوشاری نەخستایەتە سەر موقتەدا سەدر، بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکان لە ناوچەی سەوز بکێشێتەوە، شەڕێکی خوێناویی ناوخۆیی دروست دەبوو.

*** ئەگەر لە ناو ئەم بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەدا بگەڕێین بۆ دەروازەیەك بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخە شلەژاوە تێپەڕێنین، بەڕای ئێوە باشترین هەنگاو بۆ دۆزینەوەی ئەو دەروازەیە چی دەبێت؟**

- لایەنەکان بێجگە لە پەنابردن بۆ دیالۆگ و دانوستاندن هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان لە بەردەمدا نییە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەو لایەنە دەبێت کێ بێت کە دەستپێشخەری بۆ سازدانی ئەو دیالۆگ و دانوستاندنە بکات؟ بە تێگەیشتنی من ئەو ١١ لایەنە سەرەکییە کە بریتین لە لایەنە سەرەکییەکانی (کورد و سوننە و شیعە) دەبێت زەمینە بۆ دیالۆگێکی فراوان دروست بکەن بۆ گرێدانی ئەو دیالۆگە ئامادە بن، کە جیا لە بەشداربوونی ئەو ١١ لایەنە سەرەکییە، لایەنی دیکەش لە خۆی بگرێت، بۆ نموونە هەندێك حزبی سیاسی بەشداریی پرۆسەی هەڵبژاردنیان نەکردووە، وەك حزبی شیوعی عێراقی، هەروەها نوێنەری سەندیکا و ڕێکخراوە مەدەنی و ناحکومییەکانیش لە خۆی بگرێت و، هەموو پێکەوە بە شێوەیەکی ئەقڵانی بە دوای دۆزینەوەی دەروازەیەکی گونجاودا بگەڕێن، بۆ ئەوەی عێراق لە ناو ئەم زۆنگاوە سیاسییە دەربهێنن.

*** بەڵام وەك لای هەموو لایەك ئاشکرایە، تەیاری سەدر بە هەموو شێوەیەك ئامادەباشیی خۆی بۆ دیالۆگ ڕەت کردووەتەوە، ئایا ئەمەش وای نەکردووە کە نەتوانرێت ئەو هەنگاوە هەڵبگیرێت؟**

- پێش هەموو شت ئەگەر ئەو دیالۆگە فراوانە ڕێك بخرێت، ڕەوتی سەدر بەشدار بێت، یان بەشدار نەبێت، کێشە دروست ناکات، ئەمەش بەو مانایەی گرنگە ئەو لایەنەی هەمووان پێکەوە کۆ دەکاتەوە، وەك پزیشك وابێت، چۆن پزیشك بەشێك نییە لە نەخۆشیی نەخۆشەکە، بەڵکو بەرپرسیاریەتی سەرشانیەتی چارەسەر بۆ نەخۆشەکە بدۆزێتەوە، ئەمەش بە هەمان شێوازە، ئەو لایەنەی ئەرکی ئەم دیالۆگە لە ئەستۆ دەگرێت، نابێت خۆی بەشێك بێت لە کێشەکە، بەڵام وەك بەرپرسیارێتییەکی نیشتمانی دەبێت چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخە بدۆزێتەوە، ئەم بۆچوونەی من لەسەر ئەوە بونیاد نراوە کە تیمێکی پسپۆڕ و ئاقڵمەند لە یەك کاتدا هەم هۆکارەکان دەستنیشان بکات، هەمیش چارەسەر بۆ هۆکاری کێشەکان دەستنیشان بکات.

*** وەك پسپۆڕێکی زانستی سیاسەت و تێکەڵ لەگەڵ پرۆسەی سیاسی بەگشتی و سیاسەتی لایەنە شیعەکانی عێراق بەتایبەت، ئایا بەڕای ئێوە هۆکار و چارەسەرەکان چین؟**

- پێشتر ئاماژەم بە هۆکارەکان کرد، بەوەی سێ هۆکاری سەرەکی پرۆسە سیاسییەکەی گەیاندووەتە لووتکەی چەقبەستوویی سیاسی، بۆ ئەوەی ئەو هۆکارانە تێپەڕێنن، ئەوە دەبێت هەموو لایەك بگەنە قەناعەت کە چارەسەر تەنیا ئەوەیە کە هەمووان بەرپرسیارن لە بارودۆخەکە و هەموانیش دەبێت ئامادە بن لە دیالۆگ و دانوستانەکاندا، سەبارەت بەوەی چ لایەنێك هەموو ئەو لایەنانە بانگهێشت بکات و پێکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەوا بە دیدی من مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی ئێستا گونجاوە بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدات، لەمەش هەتا ئەگەر ڕەوتی سەدریش ئامادە نەبێت، ئەوا کێشەیەکی ئەوتۆ دروست نابێت، لەبەر ئەوەی حکومەتەکەی کازمی، حکومەتی سەدرییە، لێرەوە ئەگەر سەرنج لەوە بدەین کە ١١ لایەنی سەرەکی پێویستە بەشداریی ئەو دیالۆگە بکەن، لە کاتێکدا ڕەوتی سەدر بەشدار نەبێت، ١٠ لایەنی سەرەکی دەمێننەوە، ئەگەر ئەم ١٠ لایەنە سەرەکییە بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، ئەوا ڕەوتی سەدر بە تەنیا بە لاوازی دەمێننەوە، بەڵام گرنگیی ئەو دیالۆگە ئەوەیە کە بتوانن بەرنامەیەکی کاریی ئەوتۆ دابڕێژین و، مەرجیش نییە ئەم بەرنامەی کارە بە یەك کۆبوونەوە دابڕێژرێت، بەڵکو لەوانەیە چەندین

**لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە ئەمە بۆ دەیەمین جارە سەدر ڕای دەگەیەنێت کە دەست لە کاری سیاسی دەکێشێتەوە و خۆیشی لە تویتێکدا ئاماژەی بەمە کردووە**

**ئەگەر مەرجەعییەتی نەجەف دەستتێوەردانی نەکردایە و گوشاری نەخستایەتە سەر موقتەدا سەدر، بۆ ئەوەی خۆپیشاندانەکان لە ناوچەی سەوز بکێشێتەوە، شەڕێکی خوێناویی ناوخۆیی دروست دەبوو**

**سەبارەت بەوەی چ لایەنێك هەموو ئەو لایەنانە بانگهێشت بکات و پێکەوە کۆیان بکاتەوە، ئەوا بە دیدی من مستەفا کازمی سەرۆك وەزیرانی ئێستا گونجاوە بۆ ئەوەی ئەو کارە ئەنجام بدات**

**دوای ئەوەی گریمان ئەنجومەنی نوێنەران دەست لەکار کێشانەوەکان ڕەت دەکاتەوە، دەکرێت چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە ڕێز لە دەنگدانی پەرلەمان بگرێت، هەتا ئەگەر پەرلەمانتارانی سەدریش نەگەڕانەوە، ئەوا چوارچێوەی هەماهەنگی دەتوانێت دوو لەسەر سێ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دابین بکات**

**پێش دانیشتنی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و ڕاسپاردنی سەرۆک وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، دەبێت لە کۆبوونەوەکاندا ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، کە ئایا ئەم حکومەتە حکومەتێکە بۆ چوار ساڵ، یان حکومەتێکە ئەرکی دیاری کراوە، وەک تێپەڕاندنی بودجە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری**

**بە بۆچوونی من دوای شەش مانگ لە دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بە هەڵبژاردنی پێشوەختە ڕازی دەبن و، ئەو ماوەیەش بەسە بۆ ئەوەی خۆیان ڕێک بخەنەوە**

کۆبوونەوەی بوێت، کە ئەم بەرنامەیەش بۆ کردنەوەی ئەو کێشانەی کە هاتە ئاراوە چارەسەریان ئاسان دەبێت.

*** پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا دەبێت ئەو خاڵانەی لە ناو بەرنامەی کارەکەدا دەبن، چۆن بن بۆ ئەوەی ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆکاری کێشەکە بکرێنەوە؟**

- خاڵێك هەیە هەموو لایەك لە بیریان چووە، بۆیە یەکەم خاڵ کە پێویستە بە جددی دیالۆگی لەسەر بکرێت، ئەوەیە کە سەنەدێکی یاسایی و دادوەری هەبێت بۆ دووبارە چاوخشاندنەوە بە دەست لەکار کێشانەوەی پەرلەمانتارانی ڕەوتی سەدردا، ئەم هەنگاوە دەبێتە مەسجێکی زۆر ئەرێنی، تەنانەت ئەگەر پەرلەمانتارانی ڕەوتی سەدر ئامادەش نەبن بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان، بەڵام ئەم هەنگاوە چارەسەری کێشەی ١٠ لایەنە سەرەکییەکە و ئەوانی دیکەش دەکات.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەو سەنەدە یاسایی و دادوەرییە هەیە؟ بە بۆچوونی من بەڵێ، هەیە، مانای ئەوەیە دیالۆگ لەسەر هەموو پرسەکان دەکرێت و چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە، بەمەش دەروازەیەك بۆ هۆکاری یەکەم بۆ چەقبەستوویی سیاسی دەدۆزرێتەوە، هەر بۆیە کاتێك بەم سەنەدە یاسایی و دادوەرییە تانە لە بڕیارەکەی محەمەد حەلبوسی دەدرێت، ئەوا دەتوانرێت جارێکی دیکە هەموو دەست لەکار کێشانەوەکان بخرێتەوە بەردەستی ئەنجومەنی نوێنەران و دەنگدانی لەسەر بکرێت، ئەوجا یان ئەوەیە ئەنجومەنی نوێنەران پەسەندی دەکات یان ڕەتیان دەکاتەوە. دوای ئەوەی گریمان ئەنجومەنی نوێنەران دەست لەکار کێشانەوەکان ڕەت دەکاتەوە، دەکرێت چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە ڕێز لە دەنگدانی پەرلەمان بگرێت، هەتا ئەگەر پەرلەمانتارانی سەدریش نەگەڕانەوە، ئەوا چوارچێوەی هەماهەنگی دەتوانێت دوو لەسەر سێ بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار دابین بکات.

بێگومان لە نێوان ئەو١٠ لایەنە سەرەکییەی لە دیالۆگ و دانوستانەکاندا بەشدارن، هەردوو لایەنی (پارتی و یەکێتی)یش بەشدارن، بۆیە دەبێت ئەمەش لە لایەن هەموانەوە موناقەشە بکرێت و، پێیان بگوترێت ئەگەر هەردوو لاتان سوورن لەسەر ئەوەی هەر لایەکتان کاندیدی خۆی هەبێت، ئەوا فەرموون هەردوولاتان کاندیدی خۆتان پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران بکەن، ئەگەر ڕێکیش دەکەون، ئەوا کاندیدی هاوبەشی خۆتان پێشکەشی پەرلەمان بکەن و با سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرێت.

*** ئەمەی باسی دەکەیت هەمووی ڕێککەوتنی نێوان ١٠ لایەنە سەرەکییەکەیە پێش دانیشتنی پەرلەمان، بەڵام ئێستا تەیاری سەدر بە کاندیدی چوارچێوەی هاوهەنگی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران ڕازی نییە، ئایا ڕێگەچارە بۆ ئەمەیان چییە؟**

- سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی پۆستی سەرۆك وەزیران، ئەمەیان دەکرێت لە کۆبوونەوەی دوای کۆبوونەوەی یەکەم بە وردی موناقەشەی لەسەر بکرێت و، هەر دوو لایەن (ڕەوتی سەدر ئەگەر ئامادەبوو) لەگەڵ چوارچێوەی هاوهەنگی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە بکەنەوە و بە ڕەوتی سەدر بگوترێت، لایەنی چوارچێوەی هاوهەنگی محەمەد شیاع سوودانی کاندید کردووە و ئێوەش مستەفا کازمیتان دەوێت، بۆ ئەوەی ڕێك بکەون ئێستا چی دەڵێن؟ لەوانەیە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا هەندێك بڵێن لە بەر ئەوەی ڕەوتی سەدر محەمەد شیاع سوودانی ڕەت دەکاتەوە، باشترە لایەنی چوارچێوەی هەماهەنگی کاندیدێکی دیکە پێشکەش بکات، ئەمەش لەوانەیە بەم جۆرە سەبارەت پۆستی سەرۆك وەزیرانیش دەروازەیەك بکرێتەوە.

*** بێگومان ئەگەر ڕەوتی سەدر لەسەر هەموو ئەم خاڵانە بێدەنگ بێت، بەڵام لەسەر بەرنامەی ئەو حکومەتە بێدەنگ نابێت کە چوارچێوەی هەماهەنگی دەیەوێت پێکی بهێنێت، ئەمەیان چۆن دەبینن؟**

- پێش دانیشتنی پەرلەمان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و ڕاسپاردنی سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەکەی، دەبێت لە کۆبوونەوەکاندا ئەوە یەکلایی بکرێتەوە، کە ئایا ئەم حکومەتە حکومەتێکە بۆ چوار ساڵ، یان حکومەتێکە ئەرکی دیاری کراوە، وەك تێپەڕاندنی بودجە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری. هەروەها

دیاریکردنی کاتی هەڵبژاردنی پێشوەختە و چەندی کات دەوێت؟ ئەگەر بریار لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە درا، ئایا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و یاسای هەڵبژاردن وەك خۆی دەبێت، یان هەموار دەکرێنەوە؟ ئەگەر لەو کۆبوونەوانە هەموو لایەك رێککەوتن لەسەر ئەم بەرنامەیە، ئەوا لایەنی چوارچێوەی هەماهەنگی بەهێز دەبێت و رەوتی سەدر هیچی پێ ناکرێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر نەگەیشتنە رێککەوتن، رەوتی سەدر باڵا دەست دەبێت و چوار چێوەی هەماهەنگی هیچی پێ ناکرێت.

*** بەڵام ئەوەی سەرنج دەدرێت، چوارچێوەی هەماهەنگی بەگشتی و دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتیی نووری مالیکی، لەوانەیە بە هەڵبژاردنەوەی پێشوەختە رازی نەبن، ئەو کات پرسەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەروات؟**

- بە بۆچوونی من دوای شەش مانگ لە دامەزراندنی حکومەتی داهاتوو، لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بە هەڵبژاردنی پێشوەختە رازی دەبن و، ئەو ماوەیەش بەسە بۆ ئەوەی خۆیان رێك بخەنەوە، لەمەش زیاتر ئەو حکومەتەی سەرپەرشتیی هەڵبژاردنی پێشوەختەی داهاتوو دەکات، حکومەتی چوارچێوەی هەماهەنگی دەبێت، بۆیە بە پرۆسەکە رازی دەبن.

*** پرسێکی دیکە کە ئەویش گرنگە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، پرسی هەموارکردنەوەی دەستوورە، کە رەوتی سەدر داوای دەکات، ئەی ئەم کێشەیە چۆن دەروازەی بۆ دەکرێتەوە؟**

- بە بڕوای من کارێکی نەشیاوە داوا بکرێت ئەم پەرلەمانەی ئێستا دەستوور هەموار بکاتەوە، گرنگە ئەم پرسە دوابخرێت بۆ ئەو پەرلەمانەی کە دوای ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەوەی پێشوەخت پێك دەهێنرێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ئەو دەستوورەی کە هەمواریش دەکرێتەوە، وەك دیکۆمێنتێك بدرێتە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها کۆمەکاری عەرەبی و کۆنگرەی ئیسلامی، ئەمەش وەك گەرەنتییەك بۆ ئەوەی هەموو لایەك بە دەستوورەکەوە پابەند بن.

*** لە کۆتایی ساڵی رابردوو و لە مێزگەردێکی گوڵاندا کە خۆتیش تێیدا ئامادە بوویت، باست لەوە کرد کە عێراق بەرەو کۆنفیدراڵی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئایا ئەم بارودۆخەی ئێستا بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- پێش ئەوەی باسی کۆنفیدراڵی بکەم، دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا گێڕانەوەی سەقامگیریی سیاسی کارێکی ئاسان نییە، بۆیە ناسەقامگیری دەبێتە بنەما بۆ پرۆسەی سیاسی و ئەم ناسەقامگیرییەش بەردەوامی دەبێت و، ئەگەر رووبەڕووبوونەوە روو بدات، دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی ناوخۆیی خوێناوی، وەك ئەوەی جاری رابردوو بینیمان.

سەبارەت بەوەی ئەم بارودۆخە بەرەو کۆنفیدراڵی هەنگاو هەڵدەگرێت، من دەڵێم چۆن پێشتر ترسێك لە فیدراڵی هەبوو، ترسێکی زیاتر لە ئێستادا لە کۆنفیدراڵی هەیە، بۆیە باشترە لەم قۆناغەدا بیر لە کاراکردنەوەی سیستمی فیدراڵی بکرێت و، بێجگە لە کورد لایەنەکانی دیکە بەرگەی خستنەڕووی سیستمی کۆنفیدراڵی ناگرن، سوننە لە ئێستادا بە فیدراڵی رازییە و پێیان وایە کۆنفیدراڵی لە سەرووی خواستەکانی ئەوانە، لایەنێکی دیکە بۆ حاڵەتی نادڵنیایی و نەبوونی متمانە لە نێوان لایەنە سەرەکییەکان (کورد و سوننە و شیعە) ئەوەیە ناتوانن لەسەر شێوازێك بۆ کۆنفیدراڵی رێك بکەون، ئەمەش لەبەر ئەوەی کۆنفیدراڵی پێویستی بەوەیە عێراق بکرێتە سێ دەوڵەت، بۆ مەبەستی رێکخستنەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵیدا و ئەم رێککەوتنەش پێویستی بە کەشێکی ئارام و متمانە بە یەکبوون هەیە، کە ئەوە نەبوو، لەوانەیە پرۆژەیەکی لەو جۆرە لەم کاتەدا ببێتە هۆکاری رشتنی خوێنێکی زۆر، جۆزیف بایدن کە ئێستا سەرۆکی ئەمریکایە لە ساڵی ٢٠٠٦ بیرۆکەی دابەشکردنی نەرمی بۆ سێ هەرێم بۆ عێراق خستە روو، هەر خۆیشی ئەو کات ئاماژەی بەوە کرد ئەم پرۆسەیە بە ئاسانی ناتوانرێت لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت.

**کارێکی نەشیاوە داوا بکرێت ئەم پەرلەمانەی ئێستا دەستوور هەموار بکاتەوە، گرنگە ئەم پرسە دوابخرێت بۆ ئەو پەرلەمانەی کە دوای ئەنجامدانەوەی هەڵبژاردنەوەی پێشوەخت پێک دەهێنرێتەوە**

**بێجگە لە کورد لایەنەکانی دیکە بەرگەی خستنەڕووی سیستمی کۆنفیدراڵی ناگرن، سوننە لە ئێستادا بە فیدراڵی رازییە و پێیان وایە کۆنفیدراڵی لە سەرووی خواستەکانی ئەوانە**

**جۆزیف بایدن کە ئێستا سەرۆکی ئەمریکایە لە ساڵی ٢٠٠٦ بیرۆکەی دابەشکردنی نەرمی بۆ سێ هەرێم بۆ عێراق خستە روو، هەر خۆیشی ئەو کات ئاماژەی بەوە کرد ئەم پرۆسەیە بە ئاسانی ناتوانرێت لە عێراقدا جێبەجێ بکرێت**

رابیە ئاختار بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی ئاسایش و ستراتیژیەت و سیاسەتە لە زانکۆی لاهور لە پاکستان، هەروەها دامەزرێنەری سەنتەری زانستە کۆمەڵایەتییەکانە لە هەمان زانکۆ، بڕوانامەی دکتۆرای لە دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی ویلایەتی کەنساس بەدەست هێناوە. تاوەکو نیسانی ٢٠٢٢ ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی سەرۆك وەزیران عمران خان بوو. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد لە پەیوەندی بە بارودۆخی ئێستای جیهان و شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا.

**ڕابیعە ئاختار**

بەڕێوەبەری سەنتەری توێژینەوەی ئاسایش و ستراتیژیەت و سیاسەت لە زانکۆی لاهور بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا بزمارێکی دیکەیە لە تابووتی سیستمی نێودەوڵەتی

# دیمانەی تایبەت



*** لێکدانەوە و وەسفێکی زۆر بۆ بارودۆخی ئێستای جیهان کراوە لە ڕووی پەیوەندیی نێوان هێزە جیهانی و کاریگەرەکان، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو شەڕەی لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا لە ئارادایە، کە ئاشکرایە زۆرێك لە وڵات، یان هێزە جیهانییەکانی دیکە، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا بە ناڕاستەوخۆ لەم شەڕەوە تێوەگلاون و دەیانەوێت ئاقارەکەی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ببەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چۆن لەم بارودۆخەکە دەڕوانن و چۆن وەسفی هەلومەرجی ئێستای جیهان دەکەن؟**

- ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە ئەگەر ئێمە لە بارودۆخی جیهان، یان کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بڕوانین، ئەوا باشترین وەسف ئەوەیە بڵێین کە پشێوی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، بە چەشنێك کە جیهان بە قووڵی تووشی جەمسەرگیری بووەتەوە، ئەمەش ڕەنگدانەوە و دەرهاویشتەی قووڵی هەبووە لەسەر پەیوەندی، یان با بڵێین ناکۆکی و ڕکابەریی نێوان هێزە جیهانییە مەزنەکان. دواتر ئەوەی پەیوەست بێت بە داگیرکارییەکەی وڵاتی ڕووسیاوە بۆ ئۆکرانیا، ئەوا ئەم داگیرکارییە بووەتە هۆی توندکردنەوەی ناکۆکی و ڕکابەرییەکان و لاوازکردنی سیستمە نێودەوڵەتییەکە. هەروەها دەتوانین بڵێین کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا -کە زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا درێژەی کێشا و بەردەوام بووە- ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە چەند بیروبۆچوونی هەڵە هەبوو لە ئاست هێزی ڕووسیا و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ڕووسیا پێی وابێت هێزێکی گەورە و مەزنە و دەتوانێت پرسەکان یەکلا بکاتەوە.

**پشێوی باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، بە چەشنێک کە جیهان بە قووڵی تووشی جەمسەرگیری بووەتەوە**

**ئەم بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە هەموو ئاماژە و نیشانە و خەسڵەتەکانی شەڕی ساردی تێدا بەدی دەکرێت و بەرجەستە بووە**

**بە گوێرەی یاداشتی بوداپێست کە لە ساڵی ١٩٩٤ واژوو کرا، ڕووسیا بەڵێنی دا کە ڕێز لە سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەتی ئۆکرانیا بگرێت و زەمانەتی ئەوەی بۆ کرد کە لە بەرامبەر هەر هێرش و پەلامارێک پارێزگاری لێ بکات**

**لەو کاتەوە جیهان تووشی چەندین شەڕ بووەتەوە کە بریتی بوون لە شەڕی بە وەکالەت، ئەمریکا و ڕووسیا هەوڵیان داوە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاریگەرییان لەسەر جیهان هەبێت**

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیارەکەدا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم شەڕەی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە هۆی ناکۆکی و ڕکابەرییەکانی قووڵتر کردووەتەوە و بەو پێیە بوونەتە هۆی ئەوەی سیستمە نێودەوڵەتییەکە لاواز بێت. ئایا پێت وایە وەسفێکی وردە کە بڵێین ئەم شەڕە مایەی هەڵتەکاندنی پایەکانی ئەم سیستمە نێودەوڵەتییە بووە، بە چەشنێك کە نەتوانین چیتر ئاماژە بەوە بکەین کە سیستمێکی لەم چەشنە لە ئارادا ماوە؟**

- بەڵێ، تا ڕادەیەك بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین هەڵگیرسانی ئەم شەڕە و ئەو دەرئەنجام و دەرهاویشتانەی لەم شەڕەوە دروست بوون، بە چەشنێکن کە دەتوانین بڵێین بزمارێکی دیکەیە لە تابووتی ئەو سیستمەی پێی دەڵێن سیستمی بنیاتنراو لەسەر ڕێساکان، کە ئاشکرایە ئەم سیستمەش بە چەشنێك داڕێژراوە کە ببێتە هۆی سنووردارکردن و جڵەوکردنی وڵاتە بچووکەکان و لە هەمان کاتدا بوار و پانتاییەکی گەورەی ڕەخساندووە بۆ هێزە مەزنەکان بۆ ئەوەی درێژە بە ناکۆکییەکانی نێوانیان بدەین. هەر لەم ڕووەوە دەکرێت بوترێت کە پەنابردنی ڕووسیا بۆ هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە و دەستبردنی بۆ ئەم داگیرکارییەکە بووەهۆی ئەوەی دەرگا واڵا بێت و دەرفەت بڕەخسێت بۆ وڵاتە بەهێزەکانی ناوچەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەوڵەت و هێزە هاوپەیمانەکانیاندا ئەم بارودۆخە وەك پێشێینەیەك بەکار بهێنن بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر وڵاتە بچووکەکان، ئیدی یان بۆ ئەوەی دەست بەسەر خاکی ئەو وڵاتەدا بگرن، یان بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی ئەو وڵاتە تاڵان بکەن.

*** لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەت بە پرسی پەیوەست بە سیاسەت، یان ململانێ و ڕکابەریی نێوان هێزە جیهانییە مەزنەکان کرد. ئایا دەکرێت بڵێین لە ئێستادا گۆڕانکارییەکانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، یان کاروبارە نێودەوڵەتییەکان بە چەشنێکن کە بتوانرێت بوترێت لە ئێستادا جیهان پێی ناوەتە ڕۆژگارێکی نوێی شەڕی ساردەوە؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لە کاتێکدا ئەم شەڕەی کە بەرپا بووە و ئەم بارودۆخەی هاتووەتە ئاراوە و دروست بووە، هەموو ئاماژە و نیشانە و خەسڵەتەکانی شەڕی ساردی تێدا بەدی دەکرێت و بەرجەستە بووە، ئەوا زۆرێك لە وڵاتانی جیهان ئیدانە و سەرزەنشتی کردارە داگیرکاری و دەستدرێژیکارەکەی ڕووسیایان کردووە، سەرباری ئەوەی کە پەیوەندیی بەتینیشیان لەگەڵیدا هەبووە. کەواتە لە ڕوانگەی شرۆڤە و خوێندنەوەی من بۆ ئەم بارودۆخەی ئێستای جیهان، ئەوا دەکرێت بڵێین هیچ کاتێك جیهان پێشتر بە تەواوەتی لە قۆناغی شەڕی سارد تێنەپەڕیوە و ئەم هەلومەرجەی جێ نەهێشتووە. چونکە نابێت ئێمە ئەو ڕاستییە لە یاد بکەین کە پێشتریش- واتە ئەو قۆناغەی کە ئاماژە بەوە دەکرا، شەڕی سارد کۆتایی هاتووە تێیدا- بارگرژی و ناکۆکی و کێشە لە نێوان وڵاتی ڕووسیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبووە و، بگرە بەرەو توندبوون و هەڵکشانیش چووە. هەروەها هەر دوو وڵاتەکە پارێزگارییان لە دەوڵەتە هاوبەش و هاوپەیمانەکانیان کردووە و، ئەو هێز و توانایەی هەیانبووە بووەتە هۆی ئەوەی وەك دوو جەمسەر هەوڵی دووبارە داڕشتنەوەی جیهان بدەن. لەو کاتەوە جیهان تووشی چەندین شەڕ بووەتەوە کە بریتی بوون لە شەڕی بە وەکالەت کە تێیدا هەر یەکێك لەم دوو هێزە جیهانییە- ئەمریکا و ڕووسیا — هەوڵیان داوە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاریگەرییان لەسەر جیهان هەبێت.

*** ئەگەر لە ڕوانگەی پێشهاتەکانی ئەم دواییەوە لە شەڕەی ڕووسیا و ئۆکرانیا بڕوانین، کە تێیدا ڕووسیا پاشەکشەیەکی گەورەی کرد و ئۆکرانیاش توانیویەتی بەشێکی زۆری خاکەکەی ڕزگار بکاتەوە، ئایا پێت وایە ڕووسیا لە ناچاری و نائومێدیدا پەنا بۆ بژارەیەکی قورس و چاوەڕواننەکراو دەبات؟ مەبەستمان ئەوەیە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ڕووسیا پەنا بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی ببات و ئەم شەڕەی تێکڕای جیهان بگرێتەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێت؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی بەدی کراوە، ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی ئۆکرانیا دەوڵەتێك نییە خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت، بەڵام سەرباری ئەوەش سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین ئاماژەی بەوە کردووە، یان هەڕەشەی پەنابردنەبەر بژارەی

ناوکی کردووه. هەر چەندە من پێم وایە ئەم هەڕەشانە زیاتر ڕووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و خودی ناتۆیە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ نەیەنە نێو شەڕەکە و بەشداری نەکەن. لەم ڕووەوە پێم وایە هەڕەشەکەی سەرۆك پوتین هەندێ میسداقییەتی تێدایە، مەبەستم ئەوەیە ناتۆ بە سەرکردایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەوڵەتە ئەندامەکانی ناکاتە بارمتە لە پێناو ڕزگارکردنی وڵاتی ئۆکرانیا لە داگیرکاریی ڕووسیا. دواتر دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئۆکرانیا دەوڵەتێکی ئەندام نییە لە نێو ناتۆدا و لەم ڕووەوە ئەو پارێزگارییە بە گوێرەی میساقی ناتۆ بۆ دەوڵەتە ئەندامەکانی دەستەبەر دەکرێت، درێژ نابێتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە هێرش و داگیرکارییەکانی ڕووسیا. هەموو ئەوەی دەتوانن

**هۆی ئەوەی وڵاتان بیر لە بەدەستهێنانی چەکی ناوکی بکەنەوە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە هەندێ کەس پێیان وایە ئەگەر هاتوو دەوڵەتێك ئەم چەکەی هەبوو، ئەوا دەوڵەتانی دیکە ناتوانن پەنا بۆ داگیرکردنی ببەن و هەر لەم ڕووەوە دەوترێت ئۆکرانیا هەڵەیەکی گەورە و ستراتیژی کرد، کاتێك دەستی لەم چەکە هەڵگرت، ئەوەتا ئێستا تووشی داگیرکاری بووەتەوە، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

- لە ڕاستیدا ئۆکرانیا دەستی لە چەکی ناوکی هەڵنەگرت، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەم چەکانە لە ئۆکرانیادا جێگیر کرابوون و لەسەروەختی لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەتدا خاوەندارێتیی ئەم چەکانە دەگەڕایەوە بۆ ڕووسیا. لەم ڕووەوە و بە گوێرەی یاداشتی



ئەنجامی بدەن بریتییە لە بەردەوامیدان و درێژەدان بە پڕچەککردنی وڵاتی ئۆکرانیا و بەردەوامیدان بە شەڕی ئیستینزاف لەگەڵ ڕووسیا، بۆ ئەوەی سەرۆك ڤلادمیر پوتین ناچار بکەن بۆ ئەوەی بە حیساباتی خۆیدا بچێتەوە و هێندە داگیرکارییەکەی لەسەر قورس بکەن کە بیر لە کشانەوە لە خاکە داگیرکراوەکان بکاتەوە. ڕاستە ڕووسیا تووشی خەسارەتێکی گەورە بووەتەوە، بەڵام پێم وانییە کشانەوە بژارەیەك بێت لە بژارەکانی سەرۆك پوتین.

*** هەر لە پەیوەندی بە پرسی چەکی ناوکییەوە ئایا پێت وانییە ئەم شەڕە دەبێتە**

بودایێست کە لە ساڵی ١٩٩٤ واژوو کرا، ڕووسیا بەڵێنی دا کە ڕێز لە سەربەخۆیی و سەروەریی دەوڵەتی ئۆکرانیا بگرێت و زەمانەتی ئەوەی بۆ ئۆکرانیا کرد کە لە بەرامبەر هەر هێرش و پەلامارێك پارێزگاری لێ بکات، کەچی ئەوەتا خۆی ئەم کارەی کرد و ئەم بەڵێنەی پێشێل کرد. دواتر من پێم وانییە ئەم حاڵەتە کاریگەری هەبێت لەسەر بڵاوبوونەوەی چەکی ناوکی، لەبەر ئەوەی دەوڵەتان پاڵنەری تەواویان نییە بۆ بەدەستهێنانی ئەم چەکە و بەدەستهێنانیشی خەرجی و بارگرانییەکی زۆری دەوێت کە ڕەنگە لە سوودەکانی زیاتر بن.




**پاوڵ کیوبیچێک**
**مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی ئۆکلاند بۆ گوڵان:**

# ئەو ڕاستییە ڕوون بووەتەوە کە ئەوروپا ناتوانێت بە هێزی نەرم مامەڵە لەگەڵ ڕووسیادا بکات

**پاوڵ کیوبیچێك مامۆستای زانستی سیاسییە لە زانکۆی ئۆکلاند و پسپۆڕ و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی بەراوردکاری و سیاسەتی جیهانی، سیاسەتی نێودەوڵەتی، سیاسەتی دوای یەکێتی سۆڤییەت، وانەبێژ بووە لە چەند وڵاتێکی وەك ئۆکرانیا و تورکیا، هەروەها بایەخ بە سیاسەتی ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەدات. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، لە پەیوەندی بە دۆخی ئێستای جیهان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ئەو شەڕ و تەنگژانەی لە ئارادان و هەروەها کاریگەرییەکانیان.**

*** وەك شارەزا و تایبەتمەندی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئێستای جیهان دەڕوانن، بە تایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو کێشە و تەنگژانەی جیهان بە دەستیانەوە گرفتارە، لە سەرووی هەموویانەوە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، کە ئاشکرایە ئەم شەڕەش دەرئەنجام و دەرهاویشتەی لەسەر تێکڕای جیهان هەبووە، ئایا دەکرێت بڵێین لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا جیهانی بەرەو قۆناغێکی دیکە بردووە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان بڵێین هەڵگیرسان و بەرپابوونی ئەم شەڕە، لە بنەڕەتدا بە بەرەوپێشچوون و پەرەسەندنێك دادەنرێت و لێکدەدرێتەوە کە بە چەند چەشن و شێوازێك سەربەلەری سیاسەتی جیهانی هەژاندووە، ئەوەی لەم ڕووەوە جێی هەڵوەستە لەسەرکردن و هەروەها مایەی سەرسامی و سەرسوڕمانی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین بوو، ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژئاوا تا ئەم ساتەوەختە یەکهەڵوێست و یەکڕیز و یەك ئامانج بوون و، بە یەکگرتوویی ڕووبەڕووی ڕووسیا بوونەتەوە و بەرهەڵستییان کردووە. هەر لە پەیوەندی بەم پرسەوە، ئەوا دەکرێت بگوترێت کە هاوکاری و پاڵپشتییە دەستەبەرکراوەکان بۆ ئۆکرانیا لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە، هاوکاریی بەرچاو و بەهادار بوون و کاریگەری و ئاکامی دیار و نکۆڵی لێ نەکراویان لێ کەوتووەتەوە. لە هەمان کاتدا و ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵوێستی وڵاتانی دیکەوە، ئەوا، یان ئەوەتا هەوڵیان داوە خۆیان لەم ناکۆکییە، یان لە تێوەگلان لەم ناکۆکییە بە دوور بگرن، هەندێ وڵاتی دیکەش هەبوون کە خۆیان بە دوورگرتووە، یان دوودڵ بوون لە گرتنەبەری

**مایەی نیگەرانییە، کە وڵاتانێکی وەک چین و هیندستان ئیدانەی داگیرکارییەکەی ڕووسیایان نەکردووە**

هەر هەڵوێستێك كە سەزەنشتكردن و ئیدانەكردنی ڕووسیا لەخۆ بگرێت، ئەویش بە ڕەچاوكردنی ئەو ڕاستییەی كە سیستمە نێودەوڵەتییەكە لەسەر ئەو بیرۆكەیە بنیات نراوە، كە نابێت هیچ دەوڵەتێك پەنا بباتە بەر داگیركردنی دەوڵەتە دراوسێكەی، ئەوا دەكرێت بڵێین مایەی نیگەرانییە، كە وڵاتانێكی وەك چین و هیندستان ئیدانەی داگیركارییەكەی ڕووسیایان نەكردووە.

*** لە وەڵامی پرسیارەكەدا ئاماژەت بە پێشێلكردنی سیستمی نێودەوڵەتی كرد، كە ئاشكرایە ئەم سیستمە لەسەر چەند بنەما و پرەنسیپێك داڕێژراوە، وەك ڕێزگرتن لە سەروەری و سەربەخۆیی دەوڵەتان و، خۆبەدوورگرتن لە هەڕەشەی بەكارهێنانی هێز، یان پەنابردنەبەر بەكارهێنانی هێز، ئایا پێت وایە ئەم شەڕە و ئەم پێشێلكردنانە بزمارێكی دیكەیە لە تابووتی ئەو سیستمە دراوە كە لەسەر بنەمای ڕێساكان بنیات نراوە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە ئەمە تا ڕاددەیەك لێكدانەوەیەكی دروستە، ڕاستە ئەم شەڕە بارگرانی و تێچوونێكی قورس بۆ وڵاتی ڕووسیای لێ كەوتووەتەوە، بەڵام ئەو ڕاستییە كە سەرۆك پوتین ئامادەیی گرتنەبەری هەڵوێست و كردارێكی لەم شێوەیە بوو، ئەو ڕاستییەی كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان نەیتوانی هیچ هەنگاوێك بگرێتەبەر لە دژی ڕووسیا، ئەوا هەموو ئەمانە ئاماژەن بە لاوازیی سیستمە نێودەوڵەتییەكە و، لە نێو هەموو ئەو پێشهات و ئاڵۆزییانەشدا چین بە وردی و وریاییەوە چاودێریی بارودۆخەكە دەكات.

*** كاتێك ئیدارەی پێشووی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بە سەرۆكایەتی دۆناڵد ترەمپ ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەكەی وەك گەورەترین هێزی جیهانی داڕشت، ئاماژە بەوە كرابوو كە ئەولەوییەتی سەرەكی بریتییە لە كێشە و ناكۆكیی نێوان هێزە جیهانییەكان و، لەم ڕووەوە دەبێت ئەمریكا هەوڵ و كۆششەكانی بەم ئاراستەیەدا چڕ بكاتەوە، ئێستاش كە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا ڕووی داوە، دەبینین ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن هاوكارییەكی بەرچاو و گەورەی سەربازیی ئۆكرانیای كردووە و، تەنانەت وەزیری بەرگریی ئەمریكا ڕایگەیاند كە ئامانجی ئەوان ئەوەیە پێگەی ڕووسیا وەك هێزێكی جیهانی لاواز بێت، ئێوە چۆن لەم پرس و بابەتە دەڕوانن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەكەن جێی هەڵوەستەلەسەركردن و لەبەرچاوگرتنە، واتە ئەو پەرەسەندنەی هاتووەتە ئاراوە، مایەی ئەوەیە كە كات و كۆششی خۆمانی بۆ تەرخان بكەین، لە پێناو وردبوونەوە و شرۆڤەكردنیدا، من لەم ڕووەوە تێڕوانینم ئەوەیە كە دەكرێت ئەوەی هاتووەتە ئاراوە و ئەو پەرەسەندن و پێشهاتانەی ڕوویان داوە، بە گۆڕانكارییەكی مەزن وەسف بكرێن، ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووسیاوە ئەوا ئەم وڵاتە لە ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژئاواوە بە هێزێك، یان دەوڵەتێكی گۆشەگیر لێی دەڕوانرێت و، لە ڕاستیدا لە دەرئەنجامی ئەم شەڕەوە من نازانم چۆن ڕووسیا دەتوانێت ببێتەوە بە دەوڵەتێكی ئاسایی، كە بە یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەكانەوە پابەند بێت.

*** نكۆڵی لەوە ناكرێت كە ئەم شەڕەی ڕووسیا و ئۆكرانیا، بە تەنیا كاریگەریی لەسەر ئەم دوو وڵاتە بەشەڕهاتووە نەبووە، بەڵكو كاریگەرییەكەی زۆربەی جیهانی گرتووەتەوە، بە دیاریكراوی وڵاتانی ئەورووپا، كە بینیمان چۆن پرسی هاوردەكردن و هەناردەكردنی نەوت و غازی ڕووسیا تێكەڵی هاوكێشەی شەڕەكە بووە و، بوونەتە كارتی گوشار لەم ڕووەوە، ئایا پێت وایە تا چەند ئەم شەڕە وڵاتانی ئەورووپای ناچار كردووە كە پێداچوونەوەیەكی قووڵ بە حیساباتی پەیوەست بە ئاسایش و وزەوە بكەن؟**

- ئەو ڕاستییەی ئەم شەڕە و دەرئەنجام و دەرهاویشتەكانی ئەم شەڕە خستیەڕوو، ئەوەیە كە وڵاتانی ئەورووپا پێویستیان بەوەیە ڕێچكە و ستراتیژیەتێكی گونجاو بگرنەبەر، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە كە پێویستە ئەم وڵاتانە هەوڵ و كۆشش بكەن بە ئاقار و ئاراستەی بەدیهێنانی سەربەخۆیی لە ڕووسیاوە، واتە بگەنە حاڵەتێك كە ناچار نەبن پشت بە هاوردەكردنی نەوت و غازی ڕووسیا ببەستن، كە پێم وایە ئەم وڵاتانە بە ئاراستەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە كاریان كردووە، هەرچەندە ئەم هەوڵەش بێ كێشە و دژواری نابێت و ئەم ئامانجەش بە ئاسانی بەدەست نایەت. خاڵێكی دیكەی گرنگ كە جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەی پێ بكەن و تیشكی بخەینەسەر، ئەوەیە كە وڵاتانی ئەورووپا بە تایبەتی ئەڵمانیا، دەركی بەو ڕاستییە كردووە كە گرتنەبەری (هێزی نەرم) ڕەنگە سوود و كاریگەرییەكی ئەوتۆی

**وڵاتانی ئەورووپا بە تایبەتی ئەڵمانیا، دەركی بەو ڕاستییە كردووە كە گرتنەبەری (هێزی نەرم) ڕەنگە سوود و كاریگەرییەكی ئەوتۆی نەبێت بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ڕووسیادا**

**پێم وا نییە چاوپێكەوتنی سەرۆك ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەگەڵ سەرۆك ڤلادمیر پوتین لەلایەن ڕۆژئاواوە بە ئەرێنی لێی بڕوانرێت**

**چیتر ڕۆژئاوا ئەو خواستەی نەماوە كە كار بە ئاراستەی بەدیهێنان و چەسپاندنی دیموكراسی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بكات**

**پێم وایە هەوڵ و كۆششەكان بە ئاراستەی پەرەپێدانی دیموكراسی لەم ناوچەیەدا لاوازترن بەراورد بەو هەوڵانەی ١٠ ساڵ پێش ئێستا لە ئارادا بوون**




نەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووسیادا، بەڵام هەر چۆنێك بێت تەحەددییەکە ئەوەیە کە ئایا ئەم وڵاتانە دەتوانن پارێزگاری لە یەکڕیزی و ئیرادەی خۆیان بکەن لە بەرامبەر ڕووسیادا؟

*** یەکێك لە وڵاتە هەرێمییانەی کە کاریگەر بووە، یان بڵێین ویستوویەتی ڕۆڵ و جێ پەنجەی هەبێت لەسەر شەڕەکە، وڵاتی تورکیایە، ئێوە چۆن لە ڕۆڵی ئەم وڵاتە لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە دەڕوانن؟ ئایا پێتان وایە تورکیا سوودمەندی سەرەکی بووە لە هاتنەئارای ئەم ناکۆکییە و لە هەڵگیرسانی ئەم شەڕە، یان بە پێچەوانەوە، پێتان وایە کاریگەریی زیانبەخشی لەسەر پێگەی ئەم وڵاتە هەبووە؟**

- بە تێڕوانینی من تورکیا لە پێگە و هەلومەرجێکی سەیردایە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم لە کاتێکدا دەکرێت و دەرفەتی ئەوە لە ئارادایە کە تورکیا بتوانێت پێگەی خۆی باشتر بکات لە ڕێی گرتنەبەری هەوڵ وکۆششە دیپلۆماتییەکانەوە، بە تایبەتی کە لە ئێستادا ئەگەری دروستبوون و هاتنەئارای (شەڕێکی ساردی) نوێ لە ئاسۆدا دەرکەوتووە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە تورکیا لایەنگری و هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێت، کەواتە هەموو ئەوەی دەکرێت لێرەدا ئاماژەی پێ بکەم، ئەوەیە کە پێم وا نییە چاوپێکەوتنی سەرۆك ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەگەڵ سەرۆك ڤلادمیر پوتین لەلایەن ڕۆژئاواوە بە ئەرێنی لێی بڕوانرێت.

*** دواپرسیارمان پەیوەستە بە بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، کە ئێوە شارەزا و تایبەتمەندن لەم بوارەشدا، ئایا پێت وایە پرۆسەی حوکمڕانی و دیموکراسی لەم وڵاتانەدا چۆن بەڕێوە دەچێت؟ ئایا چۆن لە ئەزموونی وڵاتی تونس دەڕوانن کە هەندێك جار بەم شێوەیە ئاماژەی پێ دەکرێت کە تاقە ئەزموونی سەرکەوتووی بەهاری عەرەبییە، ئەگەرچی لەم دواییانەدا پاشەکشە و دژواریی بەخۆوە بینی؟**

- من پێم وایە بە سەرنجدانی لە دۆخی وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو ڕاستییە ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر و دەرفەتی پەرەپێدان و بەرەوپێشچوونی دیموکراسی لاوازە لەم وڵاتانەدا، لەم ڕووەوە کار و کۆششێکی کەم بەدی دەکەم لەم ناوچەیەدا بۆ برەودان بە دیموکراسی و بۆ چەسپاندنی پایەکانی، دواتر نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە چیتر ڕۆژئاوا ئەو خواستەی نەماوە کە کار بە ئاراستەی بەدیهێنان و چەسپاندنی دیموکراسی لە وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات، دواتر ئێوە ئاماژەتان بە بەهاری عەرەبی کرد، کە ئاشکرایە بەهاری عەرەبی نەیتوانی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت، لەبەر ئەوە ئەگەر وەڵامەکەم پوخت بکەمەوە ئەوا پێم وایە هەوڵ و کۆششەکان بە ئاراستەی پەرەپێدانی دیموکراسی لەم ناوچەیەدا لاوازترن بەراورد بەو هەوڵانەی ١٠ ساڵ پێش ئێستا لە ئارادا بوون.



### دکتۆر ڕەنج محەمەد عەبدولڕەحمان
سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان بۆ گوڵان:

# شێوازی نوێی تەندەرینی دەرمان کێشەی کەمیی دەرمان ناهێڵێت و کوالێتیشیان باشتر دەکات

کێشەی دەرمان لە ڕووی بەردەستنەبوونی بڕی پێویست و کوالێتییەکەی یەکێک لەو کێشانەیە کە لەلایەن حکومەتەوە بایەخێکی بەرچاوی پێ دراوە، هەوڵەکانیش بە ئاراستەی باشترکردنی بارودۆخەکە هەنگاوی کردارییان لەخۆ گرتووە، ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر ڕەنج محەمەد عەبدولڕەحمان سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای دەرمانسازانی کوردستان.

*** ئایا تا چەند گرنگی بە دەرمان دراوە لە ڕووی تەندروستی و کواڵێتییەکەیەوە و چۆن توانراوە کار لەسەر ڕێنماییە زانستییەکانی پزیشکیی دەرمان بکرێت؟**

- ئاشکرایە کە دەرمان بووەتە پێداویستییەکی ژیان، بەڵام پێویستە بە گوێرەی ڕێنمایی پزیشکی بەکار بهێنرێت. ئەوەی پەیوەندی بە کوردستانەوە هەبێت، ئەوا زیاد لە پێویست دەرمانمان هەیە، بەڵام ئاڵۆزی لە بڕ و جۆری دەرمان هەیە، ئەمەش بۆ بوونی بازاڕی ئازاد دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی بازاڕی ئازاد دوو قازانجی هەیە، یەکەم: وادەکات کە قۆرخکاری نەمێنێت. دووەم: دەرمان بە نرخێکی هەرزان بە دەست نەخۆش بگات، هاوکات بازاڕی ئازاد زیانێکی مەترسیداری هەیە کە ئەویش ئاڵوزییە لە جۆری دەرمانەکان، بە چەشنێك کە نەخۆش سەری لێ دەشێوێت و نازانێت کامە جۆری دەرمان بەکار بێنێت. هەر بۆیە لێرەدا دەرفەتە ئاماژە بەوە بکەین کە پێویستە هێنانی دەرمان لەو پڕۆسە و میکانیزمەی ئێستا پیادە دەکرێت لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بگۆڕێت و سنووردار بکرێت و کۆمپانیای تایبەتمەند و پسپۆڕ ئەو کارە ئەنجام بدەن، ئەویش لەژێر چاودێریەکی زۆر توندتر و پابەندکردنی زیاتری کۆمپانیاکانی تایبەتمەند بە هێنانی دەرمان بە ڕێنماییە زانستییەکان و کوالێتیی بەرز لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتیی کوالێتی و شارەزایان و پسپۆڕانی بواری داودەرمان. چونکە ئەو ئاڵۆزییەی لە بازاڕی دەرماندا هەیە، بارقورسییەکی زۆری بۆ حکومەت و وەزارەتی تەندروستی و سەندیکای پەیوەندار دروست کردووە، لەلایەکی دیکەوە وەرگرتن و بەکارهێنانی دەرمان پێویستی بە هوشیاریی تەندروستیی تاك هەیە، کە ئەمەش گرنگیی تایبەتی و کاریگەریی خۆی هەیە. بۆ نموونە لە کاتێکدا نەخۆش سەردانی پزیشك دەکات، وا دەزانێت کە دەبێت ئەو پزیشکە چەندین جۆر و بە بڕێکی زۆر دەرمانی بۆ دیاری بکات، ئەگەرچی ئەمە لە ڕووی زانستیی پزیشکی پەسند نییە، بەڵکو نەخۆشەکە نیشانەیەکی سەرەتایی، یان ئازارێکی کەمی لە ئەندام و شوێنێکی هەیە، کە ئەمە بۆی هەیە هەندێکجار بە ئامۆژگاریی پزیشك، یان بە تاکە یەك جۆر و بڕێکی زۆر کەم چارەسەر بێت، چونکە دەرمان لەو کاتەی کە سوودی بۆ چارەسەری هەیە، لە هەمان کات بۆی هەیە زیانی لاوەکی و کاریگەریشی لەسەر جەستەی مرۆڤ دروست بکات. هاوکات پێویستە پزیشکە بەڕێز و دەرمانخانەکان بەو شێوەیە کار بکەن کە دەرمان لە جۆر و بڕەکەی دیاری بکەن بۆ نەخۆش، نەك تەنیا بیر لە قازانج و فرۆشتنی دەرمانەکە بکەنەوە.

*** ئایا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم تا چەند گرنگی بە دەرمان بەتایبەتی لە کواڵێتییەکەی دراوە، وەك دەزانین لە چەند هەفتەی ڕابردوو بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بڕیاری دا کە بەناوەندیکردنی کڕینی زیاتر لە ٢٨٠ جۆری دەرمان یەك بخرێت؟**

- ئاشکرایە کە ڕاگەیاندنی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەت لەلایەن بەڕێز سەرۆکی حکومەتەوە جێگای ستایش و دەستخۆشی هاووڵاتییان بوو، بەڵام لەبەر هاتنی پەتای کۆڕۆنا نەتوانرا زۆرێك لە بەرنامەکانی کارنامەکە جێبەجێ بکرێن، یان کارەکان سست بوون و بەپێی پێویست نەبوون. بەڵام دوای کەمبوونەوەی ئەو پەتایە ئەوا بەرەوپێشەوەچوونێکی باش و بەرچاو هەیە لە کارەکانی حکومەتدا و لە کەرتی تەندروستی بەتایبەتی، کە لەژێر چاودێریی توند و بەردەوامدایە لە پەیوەندی بە هێنانی دەرمان و ڕەچاوکردنی کوالێتی و پێکهاتەی دەرمان لە ڕووی زانستییەکەیەوە. هاوکات لەم دواییەدا بڕیار درا شێوازێکی دیکەی تەندەرینی هێنانی دەرمان پیادە بکرێت، ئەویش لەسەر بڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە زیاتر لە ٢٨٠ جۆری دەرمان دەگرێتەوە، کە پێشتر هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی تەندروستی لە شارەکانی هەرێم (هەولێر، سلێمانی، دهۆك) لەلای خۆیانەوە و لە ڕێگای تەندەرەوە دەرمانیان دەکڕی و بەسەر نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییە حکوومییەکانیاندا دابەشیان دەکرد، ئەو شێوازە زۆرجار تووشی ڕەخنە دەبوو کە لە هەندێ شوێنیدا شەفافییەت نەبووە و دەرمانەکان لە ئاستی کوالێتیی پێویست نەبوون و خەرجییەکی زۆر لە تەندەرەکان هەبوو، لەگەڵ ڕوودانی حاڵەتەکانی نەمان و کەمیی دەرمان لە

**وەزارەتی تەندروستی لە ئاستی گرانیی نرخی دەرمان و جێگیرکردنی کەمتەرخەم بووە و پێویستە جددیتر کاری لەسەر بکات**

**زیاد لە پێویست دەرمانمان هەیە، بەڵام ئاڵۆزی لە بڕ و جۆری دەرمان هەیە، ئەمەش بۆ بوونی بازاڕی ئازاد دەگەڕێتەوە**

نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان، کە ئەمەش وای دەکرد نەخۆش بە ناچاری ڕوو لە کەرتی تایبەت بکات، بە تایبەت بۆ وەرگرتنی دەرمان کە ئەویش پارەیەکی زۆری پێویستە. بەڵام ئەو شێوازەی کە جەنابی سەرۆکی حکومەت ئێستا ڕایگەیاندووە، بەناوەندیکردنی کڕینی دەرمان بۆ کەرتی حکومەت، پرۆسەیەکە کە تێیدا پێش ئەوەی تەندەرەکە ڕابگەیەندرێت، ئەوا پێداویستیی نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییەکان بەپێی نەخۆش لە دەرمان دیاری کراوە لە هەر شارێکدا، بۆ نموونە پاراسیتیمۆڵی بوتڵ کە بە کانوولە بە نەخۆش دەدرێت، زۆربەی جار و لە زۆربەی نەخۆشخانەکان و بنکەکانی تەندروستیی حکوومی ئەو دەرمانە نەبووە، بەڵام بەو بڕیارەی ئێستای جەنابی سەرۆکی حکومەت داواکارییە پێویستییەکان کۆدەکرێتەوە و مەرکەزییەتێك دادەنرێت، ئینجا تەندەرەکە ڕادەگەیەندرێت. وەك دەستپێك بۆ ئەو ژمارە دەرمانە کە زیاتر لە ٢٨٠جۆرە دەبێت لە پاشان بۆ دابینکردنی هەموو جۆرە دەرمانەکانی دیکە بۆ کەرتی حکوومی ئەو پرۆسەیە جێبەجێ دەکرێت، کە زۆر باش و زانستی و بێگرفتە و نەخۆشخانە و بنکە تەندروستییە حکوومییەکان دەتوانن بەپێی پێویست و داواکاری بۆ چارەسەری نەخۆشەکان کارەکانیان ئەنجام بدەن، نەخۆشیش دەستی دەگاتە دەرمانی چارەسەری نەخۆشییەکەی بەبێ بەرامبەر و ناچاریش نابێت ڕوو لە کەرتی تایبەت بکات. تەندەری ئەو جۆرە دەرمانانە لەمەودوا لە ئەنجومەنی وەزیران لە فەرمانگەی میدیا و زانیاری ڕادەگەیەندرێت بە شێوەیەکی شەفاف و چەند ڕۆژێکی بۆ دیاری دەکرێت و، هەر کۆمپانیایەکی تایبەت بە هێنانی دەرمان دەتوانن لە تەندەرەکان بەشدار بن، بە مەرجێك بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە بۆیان دیاری کراوە، کار بکەن. سوودەکانی ئەو شێوازە تەندەرینە ئەوەیە کە ئەو دەرمانانە دەهێنرێن کە دیاری کراون و زۆر پێویستن و کۆنترۆڵی بازاڕیش دەکرێت لەو جۆرە دەرمانانەی کە لە یەك جۆری چەندین کۆمپانیا و جۆری دەرمان هەیە، کە بەم کارەش ئاڵۆزی لە دەرمانیش هەنگاو بە هەنگاو نامێنێت و بە هاتنی ئەو دەرمانانەش نرخی دەرمانەکان لە بازاڕ دادەبەزێت و کێشەی کەمیی دەرمان نامێنێت لە کەرتی گشتی و کوالێتی دەرمانەکانیش دەگاتە ئاستێکی ستاندارد، چونکە زیاتر کۆمپانیای زۆر تایبەتمەند و خاوەن براند دەتوانن تەندەرەکان وەربگرن بۆ هێنانی ئەو جۆرە دەرمانانە.

**پێویستە هێنانی دەرمان لەو پرۆسە و میکانیزمەی ئێستا پیادە دەکرێت لە لایەن کەرتی تایبەتەوە بگۆڕێت و سنووردار بکرێت و کۆمپانیای تایبەتمەند و پسپۆڕ ئەو کارە ئەنجام بدەن**

*** گلەیی لەسەر گرانیی نرخی دەرمان هەیە و هاووڵاتیان گازاندەیان لەوەدایە کە سەردانی نەخۆشخانە و بنکەکانی تەندروستی کەرتی حکوومی دەکەن ئەو دەرمانانەی بۆیان دەنووسرێت، نییە، ئایا ئێوە وەك سەندیکا بۆ کۆنترۆڵکردنی نرخەکان و چارەسەری کێشەکان چیتان کردووە؟**

- لە ماوەی ساڵانی ڕابردووش هەستمان بە کێشەکان و گرانیی نرخی دەرمان کردووە، کە گرانیی دەرمان بۆ دەرمانخانەکانیش کێشە دروست دەکات، هەر بۆیە دەتوانین بڵێین وەزارەتی تەندروستی لە ئاستی گرانیی نرخی دەرمان و جێگیرکردنی کەمتەرخەم بووە و پێویستە بە جددیتر کاری لەسەر بکات و بتوانێت نرخی دەرمان لە گشت دەرمانخانەکان یەك بخات، هەر بۆیە ئێمە وەك سەندیکا لەو بارەیەوە بۆ چارسەری نرخی دەرمان نووسراومان بۆ وەزارەت و کوالێتیی کۆنترۆڵ کردووە و هۆکار و چارەسەرەکانیشمان بۆیان دەستنیشان کردووە، بەڵام هەنگاوەکانی چارەسەر بە شێوەیەکی پێویست نەچووەتە بواری جێبەجێکردن کە جێی ڕەزامەندیی هاووڵاتی و نەخۆش بێت. لێرەدا دەڵێم پێویستە وەزارەت و لایەنی پەیوەندیدار لە ڕێگای تەندەرەکانی دەرمانەوە کێشەکان چارەسەر بکەن، تاوەکو هاووڵاتی متمانەی بە نرخ و دەرمان لەلا دروست ببێتەوە، هەر بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین لە پرۆژەی چاکسازی لە بواری تەندروستی بەتایبەت بۆ دەرمان لە کابینەی نۆیەم چاوەڕوانی هەنگاوی باشتر و جددیتر بووین، چونکە کەرتی تەندروستی و دەرمان بەتایبەتی پەیوەندی بە ژیان و ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە.

**پێویستە پزیشکە بەڕێز و دەرمانخانەکان بەو شێوەیە کار بکەن کە دەرمان لە جۆر و بڕەکەی دیاری بکەن بۆ نەخۆش، نەک تەنیا بیر لە قازنج و فرۆشتنی دەرمانەکە بکەنەوە**

*** ئایا ئەو بێسەروبەرییەی لە زۆریی دەرمانخانەکان هەیە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبوونە و هەر یەکەشی بە ئارەزووی خۆی دەرمان دەفرۆشێت و قسەش هەیە زۆر لە دەرمانخانەکان دەرمانساز کاری تێدا ناکەن، ئەو گرفتانە چۆن چارەسەر دەکرێن؟**

- وەك سەندیكای دەرمانسازان بەردەوام تیمی چاودێریمان هەیە و هەماهەنگیشمان هەیە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تەندروستی و دەزگای كوالێتیی كۆنترۆڵ و پۆلیسی شارەوانی و قائیمقامیەت كە بەدواداچوون بۆ دەرمانخانەكان دەكەن بۆ هەموو كارێكی پێویست، هەر لە نرخەوە تا كوالێتیی دەرمان و ئەو كەسانەی لە دەرمانخانەكان كار دەكەن و دەبێت هەر هەموویان بەپێی ڕێنماییەكان دەرمانخانە بكەنەوە و كار بكەن، لە دەرەوەی هەر ڕێنمایی و یاسا و ئەنجامدانی سەرپێچی ڕووبەرووی لێپێچینەوەی یاسا دەبنەوە، هەر لە سزای دارایی تا داختستنی دەرمانخانەكە. ئەوەش ڕاستە كە ژمارەی دەرمانخانەكان زیاد بووە، بەڵام لەلایەكەوە ئەمە هەلێكی كار دەڕەخسێنێت بۆ ئەو دەرچووانەی لەو بوارەدا شارەزا و بڕوانامەیان بە دەست هێناوە، لەلایەكی دیكەوە ئەگەر بە وردی بەدواداچوون و چاودێری نەكرێن، بۆی هەیە لە نرخ و كوالێتی و چەندین بواری دیكە دەربچن، بەڵام ئەگەر بنكە تەندروستییەكانی حكومەت وەكو كاتی خۆی هەندێكیان ٢٤ كاتژمێری كار بكەن و درەمانی پێویستیان هەبێت، ئەوە نەخۆش زۆر كەمتر سەردانی دەرمانخانە و كەرتی تایبەت دەكات، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوەیە و هەر بۆیە ئەو دەرمانخانانەی لای ئێمە مۆڵەتیان وەرگرتووە، گەیشتووەتە ٨٠٠ دەرمانخانە كە ٤٠٠ دەرمانخانەیان لەناو سەنتەری شاری هەولێرە و ٤٠٠ی دیكەش لە قەزا و ناحیەكانن. من هەموو كات ئاماژە بەوە دەكەم كێشە و بێسەروبەریی دەرمانخانەكان لە چیدایە. بێگومان زۆر لایەنە، بەڵام پێشەكی و سەرەكیترین كار بۆ چارەسەری كێشەكان پێویستە، یەكەم: دەبێت نرخی دەرمان یەك بخرێت. دووەم: لە كوالێتیی دەرمانەكان پێویستە ئاستە بەرز و باشەكان هەڵبژێردرێن و كوالێتییە نزمەكان دەستنیشان بكرێن و دوور بخرێنەوە. سێیەم: ئەو كۆمپانییانەی دەرمان دەهێنن شارەزا و تایبەتمەند بن و فلتەر بكرێن، چونكە ئێستا ئەو زۆری و بۆرییەی دەرمان لە بازاڕ هەیە وای كردوە نە نرخ كۆنترۆڵ دەكرێت نە كوالێتییەكە و ئەو پشێوی و ئاڵۆزییە دروست دەبێت كە ئێستا هەموو هاووڵاتیەك هەستی پێ دەكات. چوارەم: بوونی ئەو شوێنە نافەرمییانەی كە هەن، لایەنێكی دیكەی كێشە و خراپیی دەرمانن كە پێویستە چارەسەر بكرێن، یان لە لایان وەزارەتی تەندروستییەوە پێداچوونەویان بۆ بكرێت، كە ئەم شوێنە نافەرمییانە نە باج و ڕسومات دەدەن بە حكومەت، نە پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەكانن. پێنجەم: هەندێ لەو كۆمپانیا تایبەتمەندانەی دەرمان دەهێنن، بەشێكی زۆر لە دەرمانەكانیان یان جۆرێك لە دەرمانەكانی تەنیا بە یەك دەرمانخانە دەدات كە لە چەندین ڕووەوە سوود و قازانجی خۆی وەردەگرێت و دەرمانخانەكەش لەو كاتەدا تەنیا ئەو ئەو جۆرە دەرمانەی هەیە لە بازاڕ و دەست ناكەوێت، ئەوە ئیستیغلالی نەخۆش دەكات و دەرمانەكەی بە نرخی زۆر و زیاد پێ دەفرۆشێت، كە دەبێت ئەو كارە هەستپێكراوەش چارەسەر بكرێت و دەرمان لەلایان كەرتی تایبەتەوە بە هەموو دەرمانخانەیەك بدرێت كە بەوەش نرخ دادەبەزێت. شەشەم: دەبێت و لە هەموو دونیاش وایە و یاساشە كە دەبێت دەرمان لە دەستی دەرمانسازدا بێت، نەك هەموو كەسێك لە دەرمانخە كار بكات، ئەمەش لێپێچینەوەی توندی لەسەرە و پیادەشمان كردووە، چونكە ئێمە لەلایەنی دەرمان وەك حكومەت لایەنگری هاووڵاتین. هاوكات ئێمە چاودێریی كۆگاكانی دەرمان و ئەو ئۆتۆمبێلانە دەكەین كە داودەرمانی پێ دەگوازرێتەوە كە دەبێت هەر هەموو كۆگا و ئۆتۆمبێلەكان كە دەرمانی تێدا هەیە، ساردەكەرەوەیان هەبێت. ئێستا خۆشبەختانە هەموو كۆگاكانی دەرمان و ئەو سەیارانەی دەرمانی پێ دەگوزارێتەوە ساردكەرەوەیان هەیە، ئەگەرنا هەر كەسێك پابەندی ئەو ڕێنمایی و مەرجە نەبێت، ڕووبەرووی سزای توند دەبێتەوە.

*** ئایا دەرمانەكانی ئاوامیدیكا كە بەرهەمی ناوخۆییە تا چەند شیاون و كوالێتییان باشە؟**

- ئێمە وەك سەندیكا هەموو كات پشتگیری بەرهەمی ناوخۆ دەكەین، بێگومان كۆمپانیای ئاوامیدیكا كۆمپانیایەكی ناوخۆییە و حكومەت لە هەموو هەنگاوەكانی پشتگیری و هاوكاری كردووە و ئەو دەرمانانەی بەرهەمی دەهێنن جۆری زۆر باش و بە كواڵێتیی بەرز و ستانداردی جیهانین و لە كاتێكدا حكومەت داوایان لێ بكات، جۆر و بەرهەمی زیاتریان هەبێت، ئەوە لە ڕووی زانستی و شارەزایی و ئیمكانیاتەوە توانایان هەیە و دەتوانن بەشێكی باش لە جۆر و بڕی دەرمان بەرهەم بهێنن.

**بۆ چارسەری نرخی دەرمان نووسراومان بۆ وەزارەت و كوالێتیی كۆنترۆڵ كردووە و هۆكار و چارەسەرەكانیشمان بۆیان دەستنیشان كردووە**

**٨٠٠ دەرمانخانە لای ئێمە مۆڵەتیان وەرگرتووە ٤٠٠ یان لە ناو سەنتەری شاری هەولێرن و ٤٠٠یشیان لە قەزا و ناحیەكانن**

**ئەو دەرمانانەی كۆمپانیای ئاوامیدیكا بەرهەمی دەهێنن، جۆری زۆر باش و بە كواڵێتیی بەرز و ستانداردی جیهانین**

# خاکی کوردستان پیرۆزە بەرگریکردن لێی جیهادە و گیان فیداکردن لە پێناوی شەهادەتە

لەو کاتەی خودای باڵادەست سزای قەومی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێ ) دا بە لافاو و تەنیا پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێ) و باوەڕداران لەگەڵی بوون لە ناو سەفینەکەی، کاتێك سەر زەوی هەموی بوو بە لافاو،پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێ) نزای کرد و لە بەر پەروەردگار پاڕایەوە و فەرمووی: (وَقُلْ رِبِّ أَنْزِلْنِي مُنْزَلًا مُبَارَكًا وَأَنْتَ خَيْرُ الْمُنْزِلِينَ ) [المؤمنون:٢٩]، واتا: (ئەی خودایە لە باشترین شوێن دامان بەزێنی کە خۆت باشترین و بەخێرترین دابەزێنەری.)

(قِيلَ يَا أَرْضُ ابْلَعِي مَاءَكِ وَيَا سَمَاءُ أَقْلِعِي وَغِيضَ الْمَاءُ وَقُضِيَ الْأَمْرُ وَاسْتَوَتْ عَلَى الْجُودِيِّ ۖ وَقِيلَ بُعْدًا لِّلْقَوْمِ الظَّالِمِينَ ) الهود (٤٤) ئینجا دوای ئەوەی لە ئاسمان بە خوڕ ئاو دابەزی و لە زەوییش لە هەموو شوێنێك ئاو هەڵقوڵا، دوای نزاکەی پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێ) خودای باڵادەست وەڵامی دایەوە و لەسەر کێوی جودی کەشتییەکەی نیشتەوە .

کەواتە بە پێی ئەم دوو ئایەتە پیرۆزە بۆمان دەردەکەوێت کە کوردستان خاکێکی موبارەك و پیرۆزە .

(وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ)،[٢]

وەکو دیارە و ڕوونە (کەعبە)ی پیرۆز ڕووگەی سەرجەم موسڵمانانە بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان کە پایەی ئایینە و هەر نوێژێك لە حەرەمی (مەککە --- کەعبەی پیرۆز ) بە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار نوێژ حیسابە .

**(کەعبە)ی پیرۆز ڕووگەی سەرجەم موسڵمانانە بۆ ئەنجامدانی نوێژەکان کە پایەی ئایینە و هەر نوێژێک لە حەرەمی (مەککە --- کەعبەی پیرۆز ) بە (١٠٠٠٠٠) سەد هەزار نوێژ حیسابە**

هەروەها نوێژ لە مزگەوتی پێغەمبەرمان (سەلامی خوای لەسەر بێ) لە مەدینە بە ( ١٠٠٠ ) هەزار نوێژ حیسابە و لە مزگەوتی (ئەقسا) بە (٥٠٠) نوێژ حیسابە و لە هەر مزگەوتێك بێ، یان بە جەماعەت کرا بە (٢٧) نوێژ حیسابە.

ئەوەی مەبەستمە باسی لێوە بکەم، ژیانی پێغەمبەر نوحە (سەلامی خوای لەسەر بێ) کە زۆرێك لە سەرچاوەکانی مێژوو باس لەوە دەکەن کە پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێ) لە کوردستان ژیاوە .

هاوکات پێغەمبەرمان (صلى الله عليه وسلم) باس لە پاراستنی خاك و شەرەف و ماڵ دەکات و پارێزگاریکردن لێی واجبە .

کاتێك لە سەروەرمان دەپرسن و دەڵێن: ئەگەر کەسێك هاتە سەرمان و شەڕی پێ فرۆشتین (بۆ کوشتنمان هاتبوو) چی لێ بکەین؟ فەرمووی: بەرگری بکەن و بیکوژن (بە بکوژ حیساب نین). گوتیان: ئەی ئەگەر ئەو ئێمەی کوشت؟ فەرموی ئەوە شەهیدن.

قال رسول اللَّه، عليه الصلاة والسلام: (من قتل دون ماله فهو شهيد، ومن قتل دون أهله فهو شهيد، ومن قتل دون دينه فهو شهيد، ومن قتل دون دمه فهو شهيد)

وات: هەر کەسێك لە بەرگریکردنی ماڵ (خاك و وڵات و شار و خان و زەوی و زاری) کوژرا ئەوە شەهیدە، هەر کەسێك لەسەر بەرگریکردن لەسەر خزم و هاوزمانی کوژرا شەهیدە، هەروەها هەر کەسێك لەسەر پارێزگاریکردن لە دینی کوژرا، ئەوە شەهیدە، هەر کەسێکیش لەسەر پاراستنی خوێنی خۆی کوژرا، ئەوە شەهیدە، هەر کەسێك لەسەر خاك و نامووسی کوژرا، شەهیدە .

**ئەگەر خەڵک و میللەتی دیکە وڵاتەکەیان جارێک لا پیرۆز بێت، ئێمە دەبێ دەجار وڵاتەکەی خۆمان لا پیرۆزتر بێ**

بۆیە هەر کاتێك کەسێك سەفەر بکات بۆ شارێك، یان وڵاتێکی دیکە ئەوە عیبادەتیشی لەسەر سووك دەبێت، وەکو ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان کە دەتوانێت بیشکێنێت و ئەگەر پێ بوو، خێری زیاترە، نوێژەکانی (کۆی دەکات و کورتیشی دەکات)، زۆرێك لە ڕێپێنەدراوەکانی بۆ ئاسان دەکرێت، لەبەر



مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی

بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوان
وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی

ئەوەی لە شار و وڵاتی خۆی نییە، بۆیە دەبێ ئەوە بزانین کە خاك و وڵاتی خۆمان زۆر زۆر پیرۆزە، ئەگەر خەڵك و میللەتی دیکە وڵاتەکەیان جارێك لا پیرۆز بێت، ئێمە دەبێ دەجار وڵاتەکەی خۆمان لا پیرۆزتر بێ.

ئەوەندەی شارەزاییم لە مێژوو هەبێت، هەموو گەل و هۆزەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی ڕۆیشتوون، جا بە هەر هۆکارێك بووبێت، تەنیا قیبتییەکان لە میسر بوون و تاکۆ ئێستەش لەوێ ماونەتەوە. هەروەها کوردیش لە وەتەی خودای گەورە خەلقی کردوون لە کوردستان ماون و بە درێژایی مێژوو بەرگرییان کردووە.

کاتێك پێغەمبەرمان (سەلامی خوای لەسەر بێ) لە شاری مەککە دەر کرا، ئاوڕێکی لە شاری مەککە دایەوە و فەرمووی: ئەگەر خەڵکەکەی تۆ منیان دەر نەکردایە، ئەوە قەت لێت دوور نەدەکەوتمەوە .

دەبێ ئەوەش بزانین کە کوردستان بەوە پیرۆزە کە لەو نیشتمانەدا ستەم لە هیچ پێکهاتە و ئایین و مەزهەبی دی ناکرێت، لە هەر شوێنێکیش پێکهاتە و ئایین و نەتەوەی دیکە تێیدا پارێزراو بن، ئەو خاك و وڵاتە پیرۆز و موقەدەسە.

لە هەر شوێنێك زوڵم و ستەم و تاوان هەبێت و زۆر بوو، ئەوە ئەو شوێنە پیرۆزی لە دەست دەدات.

(الَّذِينَ أُخْرِجُوا مِن دِيَارِهِم بِغَيْرِ حَقٍّ إِلَّا أَن يَقُولُوا رَبُّنَا اللَّهُ ۗ وَلَوْلَا دَفْعُ اللَّهِ النَّاسَ بَعْضَهُم بِبَعْضٍ لَّهُدِّمَتْ صَوَامِعُ وَبِيَعٌ وَصَلَوَاتٌ وَمَسَاجِدُ يُذْكَرُ فِيهَا اسْمُ اللَّهِ كَثِيرًا ۗ وَلَيَنصُرَنَّ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ ۗ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ) سورة الحج (٤٠)

خودای باڵادەست دەفەرموێ خەڵکانێك لەسەر خاك و ماڵ و حاڵی خۆیان دەردەکرێن (هەموو شتێکیان لێ زەوت دەکرێت و داگیر دەکرێت) تەنیا لەبەر ئەوەی دەڵێن خودای ئێمە (اللە)یە، ئەگەر خودای گەورە تاخمێك بە تاخمێکی دی لا نەبات، ئەوە مرۆڤەکان هەرچی پەرستگا و شوێنە پیرۆزەکان هەیە، تێکی دەدەن (دەیڕووخێنن و دەیسووتێنن و دەیشێوێنن) .

جوانترین نموونەی پیرۆزیی خاکی کوردستان بۆ خوداپەرستی بە هەر دین و مەزهەبێك بێت، ئەویە بە ماڵ و پەرستگای خۆیانی دەزانن بۆ خوداپەرستی و ئەداکردنی سروتی دینیی خۆیان و مەزهەبیان .

دەمەوێ ئەوە بە بیری خۆم و ئێوەی خوێنەری بەڕێز بێنمەوە، کاتێك پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێ) و هاوەڵانی لەژێر مەترسیی گەورە بوون، فەرمووی: بڕۆن بۆ حەبەشە مەلیکێکی لێیە لەلای ئەو هیچ کەس ستەمی لێ ناکرێت. لەو کات پیرۆزترین شوێن بۆ هاوەڵانی پێغەمبەری خوای گەورە خاکی حەبەشە بوو. بۆیە دوپاتی دەکەمەوە، شوێنی پیرۆز وەکو شوێنی پەرستش (مەککەی پیرۆز، دواتر مزگەوتی پێغەمبەر (سەلامی خوای لەسەر بێ)، دواتر مزگەوتی ئەقسا، دواتر هەرچی مزگەوت هەیە لەسەر زەوی) و هەموو شوێنە ئایینیەکان کە پەرستشی تێدا دەکرێت، پیرۆزن.

وەکو خاك، کوردستان لە هەموو وڵات و خاکەکانی دی پیرۆزترە بە دەقی قورئانی پیرۆز و بە دوعای پێغەمبەر نوح (سەلامی خوای لەسەر بێ)

(وَقُل رَّبِّ أَنزِلْنِي مُنزَلًا مُّبَارَكًا وَأَنتَ خَيْرُ ٱلْمُنزِلِينَ) سورة المؤمنون /٢٩

یەکەم جار مرۆڤایەتی لە خاکی حیجاز هەڵقوڵا و لە ناوچەکەدا بڵاو بوونەوە، جاری دووەم مرۆڤایەتی لە خاکی کوردستانی پیرۆز هەڵقوڵا و لە سەرتاسەری دونیا بڵاو بوونەوە، تاکۆ ئێستە و تا دوارۆژ، لەبەر ئەو هۆکارانەی باسم کرد دووبارە دەڵێم خاکی کوردستان پیرۆز و موبارەکە.

کاتێک پێغەمبەرمان (سەلامی خوای لەسەر بێ) لە شاری مەککە دەر کرا، ئاوڕێکی لە شاری مەککە دایەوە و فەرمووی: ئەگەر خەڵکەکەی تۆ منیان دەر نەکردایە، ئەوە قەت لێت دوور نەدەکەوتمەوە

**جوانترین نموونەی پیرۆزیی خاکی کوردستان بۆ خوداپەرستی بە هەر دین و مەزهەبێک بێت، ئەویە بە ماڵ و مەعبەدی خۆیانی دەزانن بۆ خوداپەرستی و ئەداکردنی شیعاری دینیی خۆیان و مەزهەبیان**

# هاوسەرگیریی میسیار

## ئەنجومەنی باڵای فەتوا و ڕێکخراوەکانی خانمانی هێنایە دەنگ

دوای ئەوەی هاوسەرگیریی میسیار ناڕەزایەتیی زۆری ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی لێکەوتەوە، ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە٣١ی٨ی٢٠٢٢ ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و لە بەشێکیدا هاتووە: «ئەو زەواجە پێچەوانەی عورفی کۆمەڵگەی کوردییە و بۆ کۆمەڵگەی ئێمە گونجاو نییە و بە پەسندی نازانین، بە هۆی نەگونجانی لە گەڵ مەقاسیدەکانی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا. هەر بۆیە داواکارین لە زانایانی ئایینیی بەڕێز خۆیان لە ئەنجامدانی گرێبەستی ئەو هاوسەرگیرییە بە دوور بگرن.»

شەنگە هاوار کاکەیی، یاساناسە و خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە چەمکی توندوتیژی، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات «کە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ پرۆسەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق کەوتە ژێر تەوژمی گۆڕانکارییەکانەوە، لە کاردانەوەی ئەدای سیاسیی مەزهەبیدا جۆرەها جۆری هاوسەرگیریی نامۆ لە کۆمەڵگەی عێراقیدا سەری هەڵدا، لەوانە هاوسەرگیریی سیغە عورفی و موتعە و میسیار و.. هتد. هەرچەندە پێش ڕەواجدان بە هاوسەرگیریی میسیاریش ئەو بەرچاوڕوونییە ئاشکرایە کە ڕەتکردنەوەی یاسای جەعفەری و سووتانی کارتی سەپاندنی پڕۆژە یاسای جەعفەری بە سەر کۆمەڵگەی عێراقیدا لەلایەن کوتلەی کوردی لە پەرلەمانی فیدراڵدا هاتە بەرەنجام، ئەو هەنگاوە گەواهیدەرە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کەوا ئاسایشی ژیانی کۆمەڵایەتیی تاك هەڕەشەی لەسەرە لە پارێزگاکانی عێراق، هاوتای هەڕەشەکانی لەناوچوونی ژینگەی سیاسی بە هەرێمی کوردستانیشەوە». گوتیشی: «بە هۆی یەکدەنگیی کوتلەی کوردی لە پەرلەمانی عێراق توانرا شکست بەو پرۆژە یاسایە بهێنن، ئەو ئینجازە کۆمەڵایەتییەش لە کاتێکدایە کە واقیعی هەرێمی کورددستان بە هۆی بنەما دەستوورییەکانەوە تێکهەڵکێشی واقیعی عێراق کراوە، ئەگەر ئەو پڕۆژە یاساییە بکەوتابایەتە بواری جێبەجێکردن ئێستا ڕەوشی خێزانی کوردی بەرەو هەڵدێر دەچوو، چونکە دەرفەتێکی یاسایی لە ناوچە دابڕێنراوەکانمان فەراهەم دەبوو لە بەردەم منداڵان و هەلێك دەرەخسا بۆ ئەوەی ڕوو لەو ناوچانە بکەن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیریی کچان لە تەمەنی نۆ ساڵیدا، هەر چەندە لە هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە هەشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە ڕێگا پێدراو نییە، تەنانەت هێنانی ژنی دووەمیش مەرجدارە بە مۆڵەت وەرگرتن لە ژنی یەکەم دەکرێت، بەڵام دەرهاوێشتەکان دڵخۆشکەر نین، پیاوان بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە ڕوو دەکەنە ناوچە دابڕێنراوەکانی وەکو کەرکووك و مەخموور بە نموونە کە یاسا کۆنەکە نافیزە لەو ناوچانە و تەوای پارێزگاکانی عێراق. بۆیە پەلکێشکردنی هاوسەرگیریی میسیار بۆ ناو هەرێمی کوردستان دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە، هەرچەندە تا ئێستا حاڵەتە و نەبووەتە دیاردە، بەڵام وەکو سەرەتایەکی دڵخۆشکەر مامۆستایانی ئایینی هاتنە سەر خەت و زۆر بە جورئەتەوە لیژنەی فەتوا لە هەرێمی کوردستان هاتنە دەنگ بە ڕەتکردنەوەی ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە کە بەپێچەوانەی دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردەوارییە». جەختی لەوەش کردەوە کە «لەم کاتەدا هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی فەتوای زانایانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی زۆر گرینگە، چونکە لە ئەرزی واقیع پرۆژە یاسایەك بۆ هاندانی هاوسەرگیریی میسیار پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە بۆ سەپاندنی ئەو چەشنە هاوسەرگیرییە پڕ مەینەتییە بەسەر کۆمەڵگەی کوردەواریدا».

شەنگە هاوار کاکەیی ئاماژەی بەوەش کرد کە «تایبەتمەندیی خێزانی کورد لە ڕووی ئاکاری کۆمەڵایەتی تەواو جیاوازە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە وڵاتانی کەنداو، بە نموونە، یان بە وڵاتانی وەك میسر و سعودیە و ئێران و سودان کە لەو وڵاتانە چەندین جۆری هاوسەرگیریی نهێنی بەپێی پیشەکان ڕەواجی پێ دراوە،

**بەپێی یاسای ژمارە هەشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزانی ئەنجامدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییانە ڕێگا پێدراو نییە، تەنانەت هێنانی ژنی دووەمیش مەرجدارە بە مۆڵەت وەرگرتن لە ژنی یەکەم دەکرێت**

**پیاوان بۆ ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە ڕوو دەکەنە ناوچە دابڕێنراوەکانی وەکو کەرکووك و مەخموور بە نموونە کە یاسا کۆنەکە نافیزە لەو ناوچانە و تەوای پارێزگاکانی عێراق**



**لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا پرسی هاوسەرگیریی میسیار لە چەند کەناڵی ڕاگەیاندن و سۆشیال میدیاوە بووەتە مژاری ڕۆژ و هاووڵاتیانیانی سەرقاڵ کردووە، مشتومڕی زۆریشی بە دوای خۆیدا هێناوە، هاوکات ڕێکخراوەکانی خانمان و پارێزەرانی مافی ئافرەت هاتنە دەنگ و دژی ئەو هاوسەرگیرییە وەستانەوە و ڕایان وایە ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە بۆ «بە کاڵاکردنی ئافرەتە»، ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستانیش ئەو هاوسەرگیرییە بۆ کۆمەڵگەی کوردی بە گونجاو نازانێت. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

وەکو هاوسەرگیریی ئەلمیسواب، ئەلمیسیار، ئەلمیسفار، ئەلمیسیاع، ئەلمیحجاج،ئەلمیسیاق، ئەلمیهرابو ...هتد. گوتیشی: «دواجار پرسیار ئەوەیە ئاخۆ کام پیاو بە پیاوانی ئایینییشەوە لە چوارچێوەی خێزانەکەیدا ئەگەر کچ، یان خوشکێکی بێ هاوسەری هەبێت، ئامادەیە خوشکەکەی، یان کچە بێ هاوژینەکەی گرێبەستی هاوسەرگیریی میسیار ئەنجام بدات؟ خۆ ئەگەر هەشبێت زۆر دەگمەنە». وەك دواوتەشی گوتی: «دەرئەنجام هاتنە کایەی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لە هەرێمی کوردستان بە پلەیەك بۆ شکاندنی شکۆی پیاوی کوردە، ئینجا بە پلەی دووەم بۆ بە کاڵاکردنی ئافرەتە کە لە نێو خانەوادەکانمان ئەوەی جێگای شانازییە ئەوەیە کە شکۆی ئافرەت بە هەند وەرگیراوە و بۆ پاراستنی شکۆی ئافرەت بە دەیان پیاو بوونە قوربانی و ئەمرۆ کەیسی توندوتیژین لە گرتووخانەکاندا، بۆیە دەربارەی سەرهەڵدانی هاوسەرگیری میسیار لە هەرێمی کوردستان دەڵێین: نا بۆ شکاندنی شکۆی پیاوی کورد، نا بۆ بەکاڵاکردنی ئافرەت».

سەرۆکی ڕێکخراوی لانەی ژنان پارێزەر لانە ئامانج سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «ماوە ماوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا باس لە هاوسەرگیریی میسیار دەکرێت و دەورووژێندرێت، لەم لا و لەو لا باسی شەرعی بوون و شەرعی نەبوونی دەکرێت، بێ ئەوەی باسی لایەنە یاساییەکە بکرێت. هاوسەرگیریی میسیار گرێبەستێکە لە نێوان دوو کەسی پێگەیشتوو بە ئامادەبوونی دوو شاهێد ئەنجام دەدرێت و شاهێدەکان ئەو بابەتە لای خۆیان بە نهێنی دەهێڵنەوە، نابێت ئەم هاوسەرگیرییە لای کەس باس بکەن. لە هاوسەرگیریی میسیار ئافرەت دەستبەرداری کۆمەڵێك مافی شەرعیی خۆی دەبێت، وەك بژێوی و مافی نیشتەجێبوون و بەردەوام مانەوەی پیاوەکە لەلای. بەڵام بە پێی یاسای باری کەسیی عێراقی لە ماددەی سێیەم یەك جۆرە هاوسەرگیری ئاماژەی پێ کراوە، کە دەڵێت: هاوسەرگیری گرێبەستێکی ئارەزوومەندانەیە لە نێوان ژن و پیاودا کە بەو هۆیەوە هەر یەك بۆ ئەوەی دیکە بە پێی شەرع حەڵاڵ دەبێت، مەبەست لێی پێکهێنانی خێزانە لەسەر بنچینەی سۆز و بەزەیی و بەرپرسیارەتیی هاوبەش بە پێی حوکمەکانی ئەو یاسایە. هەروەها لە ماددەکانی یەکەم و حەفتەم و دەیەم و بیستدا لە یاسای باری کەسی مەرجەکانی هاوسەرگیری و ئەرکی هاوسەران بەرامبەر یەکتر ڕوون کراوەتەوە،

کەواتە لە یاسای باری کەسیی عێراقی بۆمان ڕوون بووەتەوە لە ڕووی یاساییەوە هاوسەرگیری مسیار ڕێگەپێدراو نییە». گوتیشی: «بۆ حەرام بوون و حەڵاڵ بوونی هاوسەرگیریی میسیار لە ڕووی شەرعەوە بۆچوونی جیاواز هەن، هەندێك لە زانایانی ئایین بە کۆمەڵێك مەرجی شەرعی پەسندی دەکەن، هەندێکیشیان بە تەواوی ڕەتی دەکەنەوە. لە دوا فەتوای ئەنجومەنی باڵای فەتوای یەکێتیی زانایانی هەرێمی کوردستان دەڵێت، زەواجی مسیار پێچەوانەی عورفی کۆمەڵگەی کوردییە و لەگەڵ مەقاسیدەکانی هاوسەرگیری لە ئیسلامدا یەك ناگرنەوە، بۆیە ڕەت کراوەتەوە. هەروەها هەر هاوسەرگیرییەك بە پووچەل حیساب کرا لە ڕووی یاساییەوە، بە تاوان هەژمار دەکرێت. بە پێی ماددەی ٣٧٦ لە یاسای سزادانی عێراقی، هەر کەسێك گرێبەستی مارەبڕینی بۆ خۆی ئەنجام دابێت، لەگەڵ ئەوەی زانیبێت کە بە هۆی هەر هۆکارێك ئەو گرێبەستە لە ڕووی شەرع یان یاسا پووچەڵە بە بەند کردن سزا دەدرێت، کە لە ماوەی حەوت ساڵ زیاتر نەبێت.

### پەیام مەحموود:

## دڵخۆشم کە بێ بەرامبەر خزمەتی خەڵکی دەکەم و سوودیان پێ دەگەیەنم

**مایـەی دڵخۆشـییە هەرێمـی کوردسـتان وەک ناوەندێکی گرنگـی گەشەسـەندنی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بەرەوپێشـچووندایە، لەم نێوەندەشـدا خانمانی کـورد هەنگاو بە هەنگاو لە کێبڕکێی خۆپێگەیاندنـدان و چالاکیی گەورە ئەنجام دەدەن. پەیام مەحموود خانمە ڕاگەیاندنکارێکی بەئەزموونە و ساڵانێکە لەم بوارەدا کار دەکات و شانبەشانی کاری ڕاگەیانـدن لـە یوتوب بۆ فێرکاری و دروسـتکردنی خواردن و کارە دەسـتییەکانی کەڵک وەردەگرێت. لەم دیمانەیەشیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە هەوڵ و تەقەلا و سەرکەوتنەکانی خۆی دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

پەیام مەحموود خانمە ڕاگەیاندنکارێکی بەئەزموونە و وەك خۆی دەکات، ماوەی ٢٠ ساڵە لە بواری ڕاگەیاندندا بە هەموو بوارەکانیەوە کارم کردوە (تیڤی، ڕادیۆ و ڕۆژنامە). هەر لە بارەی کارەکانی خۆیەوە دەڵێت: «لە ئێستادا بەرنامەیەکی ڕۆژانەی هەمەڕەنگم لە ڕادیۆ هەیە، لە سۆشیال میدیاش لە هەموو تۆڕەکان چالاکیم هەیە، بەتایبەت چەناڵی یوتیوبەکەم بە ناوی crafty payam و لە تیکتۆك کاری خواردن و شیرینی و کاری دەستی دەکەم.

هۆکاری سەرەکیی دەستکردنم بە کاری یوتیوب حەز و خولیای خۆم بوو، چونکە پێشینەشم هەر بواری ڕاگەیاندن بووە، زۆر حەزم دەکرد چەناڵ دابنێم و ئاسانکاری و فێرکاری بۆ خانمان بکەم، هەر چەند ماوەیەکی زۆر نییە دامناوە، بەڵام بەردەوام کاری بۆ دەکەم، زۆریش گەشبین و دڵخۆشم بە کارەکەم، لە

### دانا عەلی:

## کارکردن عەیب نییە، پێویستە پشت بە هێز و توانای خۆمان ببەستین



**زۆرن ئەو گەنجانەی شەو و ڕۆژ دەدەنە پاڵ یەک و بێوچان هەوڵدەدەن بۆ دەستخستنی بژێوی ژیان، گەنجێکی دانیشتووری شاری رانیە کە تاقانە کوڕی خێزانێکە، بە کاری فرۆشتنی پاقڵاوە و چۆڕەک لە سەر عارەبانە، بژێوی خێزانێکی حەوت کەسی دابین دەکات، ئەو هاوکاریی چوار خۆشکی دەکات، بـۆ ئەوەی لە خوێنـدن بەردەوام بن. لەم دیدارەشـیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە کارەکەی دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لە هەموو بارودۆخێکدا سوپاسگوزارە و لە کارەکەشـیدا زۆر ئاسوودەیە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



ئێستاشدا هەموو کارەکانم تەنیا فێرکارییە، لە داهاتووشدا خوا پشتیوانم بێت ئامانجم کاری بزنێس دەبێت».

کاتێك پەیامنێری گوڵان پرسیاری لە بارەی کارکردنی لە بواری بزنێس کرد، لە وەڵامدا وتی: «بێگومان هەوڵم بۆ داوە و بەردەوامم، شتێك هەیە لە کاری یوتیوبدا کە پێویستە ڕەچاوی بکەی، ئەویش ئارامگرتنە، چونکە کارێکی قورسە و درەنگ دەکەوێتە سەرپێی خۆی، منیش بەتەمام کۆڵ نەدەم، تا دەگەم بە تەواوی ئامانجەکانم و زۆریش دڵخۆشم کە لە ڕێی ڤیدیۆکانمەوە بێ بەرامبەر خزمەتی خەڵکی دەکەم و سوودیان پێ دەگەیەنم».

سەبارەت بە هاوسەنگی لە نێوان ژیانی خێزانی و کاری دەرەوە و بەهرەکانیشی وتی: «سوپاس بۆ خوا خێزاندارم و دایکی دوو منداڵم و تا ڕاددەیەکی باش توانیومە لە نێوان کارەکانم و ماڵداری و پەروەردەی منداڵ هاوسەنگی ڕابگرم، سپاس بۆ خوا هاوسەرەکەم زۆر هاوکارمە، چونکە هاوپیشەین و لەیەکتر تێ دەگەین، هیچ کاتێکیش کارەکانم کێشەی بۆ دروست نەکردوم، هەروەها کاری ماڵەوەش ڕێگر نەبووە، تا لە بوارەکەی خۆم سارد ببمەوە. ئەگەر مرۆڤ پشتی بە خودا بەست و لە کارەکانی و بەردەوام بوو، هیچ کات هەست بە ماندووبوون و ساردبوونەوە ناکات، بەتایبەت ئەگەر کارەکەت خزمەت بێ بە خەڵکی، بەتایبەتیتریش کاتێك پۆستێك دەکەم، کۆمێنتێکی زۆرم بۆ دێ لە دەستخۆشی و باس لەوە دەکەن سوودی زۆریان لێ وەرگرتووم، چ لە ڕادیۆ و چ لە سۆشیال میدیا، باوەڕ بکەن چی ماندووبوونم هەیە، نامێنێت، بۆیە بۆ گەیشتن بەو مەبەستانەی هەمە زیاتر خۆم ماندوو دەکەم».

سەبارەت بە ڕوانگەشی لە بارەی کاری بزنێسی خانمان وتی: «زۆر لە سەرەتایە و سادەیە و گەشەی نەکردووە، جارێ زۆری ماوە و خەباتی زۆری دەوێت تا ببنە جێگەی باس و خواست و هیوادارم خانمان هەوڵی زیاتر بدەن و ڕێگە ڕاستەکان بگرن بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگی باش لە بواری بزنێس و پێش بکەون.

دانا عەلی گەنجێکی تەمەن **٢٣**ساڵە و دانیشتووی ڕانیەیە، لە ئێستادا لەسەر عەرەبانەکەی شیرینی و چۆڕەك دەفرۆشێت. وەك خۆی باسیدەکات، تاوەکو پۆلی نۆی بنەڕەتی خوێندووە و دواتر بە هۆی هەژارییەوە نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، تاقە کوڕی دایك و باوکیەتی و چوار خوشکی هەیە. لە بارەی ژیانی خۆی و خانەوادەکەشی دەڵێت: «بە هۆی ئەوەی باری دارایی خێزانەکەمان خراپ بوو، نەمتوانی درێژە بە خوێندن بدەم. کاتێك وازم لە خوێندن هێنا و بڕیاری کارکردنمدا یەك ٢٥٠ دیناری لە گیرفانمدا نەبوو. منیش تاقە کوڕی ماڵەوە بووم، ناچار بووم کار بکەم و یارمەتیی خێزانەکەم بدەم، چونکە مووچەی خانەنشینی پێشمەرگایەتیی باوکم بەشی خەرجی و پێداویستیی قوتابخانەی خوشکەکانمی نەدەکرد».

دانا عەلی لە گۆڕەپانی کاردا زۆر کاری تاقی کردووەتەوە، هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «سەرەتا بە خورما فرۆشتن هاتمە بازاڕی کار، دواتر میوە فرۆشی و سەوزە فرۆشی، تەنانەت کۆنە فرۆشیشم کردووە».

ئەو گەنجە لە کارەکەی ڕازییە و دڵخۆشە بەوەی کە توانیویتی هاوکاریی خانەوادەکەی بەتایبەتی خوشکەکانی بکات، بۆ ئەوەی لە خوێندن بەردەوام بن. ئەوەتا دەڵێت: «سوپاسگوزاری خوام کە خوشکەکانم کە هەر چواریان لە من بچووکترین لە خوێندن بەردەوامن، منیش بەشبەحاڵی خۆم لە کارەکەم زۆر ئاسوودەم و لە هەموو بارودۆخێکدا شوکری خوای گەورە دەکەم».

سەبارەت بە کاری ئێستاشی گوتی: «ڕۆژانە لە بەیانییەوە تاوەکو کاتژمێر ٨ ی ئێوارە شیرینی و پاقلاوە لەسەر عەرەبانەکەم دەفرۆشم. هەر کاتێکیش بارودۆخ گونجاو بێت، حەز دەکەم دووبارە دەست بە خوێندن بکەمەوە».

دانا هانی گەنجان دەدات لە سەر پێی خۆیان بوەستن و لە ڕێگەی گۆڤاری گوڵان-ەوە دەڵێت:« کارکردن عەیب نییە، بەڵکو شەرەفە، پێویستە پشت بە هێز و توانای خۆمان ببەستین و دەست لەبەر کەس پان نەکەینەوە».

خەلیل وەندی:

# بایەخ بە زیندووکردنەوە و پاراستنی مەقامی کوردی نەدراوە



خەلیل وەندی یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لەسەر دەستی هونەرمەندی مەزن عەلی مەردان پێی ناوەتە نێو کاروباری هونەرییەوە و بە قوتابی ئەو دادەنرێت، ئێستاش هەر کەسێک گوێی لە گۆرانی (خۆشەویستەکەم) بێت کە لەساڵی ١٩٧١ وتراوە، وا هەست دەکات کە هی ئەم سەردەمەیە و هەمان تامو چێژی هەیە، خەلیل وەندی کوڕی لادێ و هونەرمەند و مامۆستای زانکۆیە، نزیکەی ٨٥ گۆرانی دیکەی بۆ رادیۆی کوردی بەغدا و ٢٠ گۆرانی بۆ تەلەفزیۆنەکان تۆمار کردووە، بە گۆرانی و ئاوازە رەسەنەکانی لە ناو دڵ و دەروونی خەڵکی کوردستاندا جێگەی خۆی کردەوە و هەوادارێکی زۆری بۆ خۆی پەیدا کردو، تا ئێستا بە تاسەوە گوێی لێ دەگرن.
لە پیاسەیەکی دەمەو ئێواران ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵی سازدا

*** حەز دەکەین باس لە کورد و مەقام بکەین، لە رووی مێژوو، پێکهاتە، بەش و جۆرەکانی مەقام؟**

- میللەتی کورد خاوەنی چەند مەقامێکە تایبەت بە خۆی، کە هاوبەشە لەگەڵ مەقامی نەتەوەکانی چواردەورمان لە تورکیا، ئێران، عێراق و تەنانەت لە میسریش، بۆیە لەو مەقاماتانەش کورد شارەزایی وەك بەیات، صەبا، حیجاز، سێگا هەیە. لە دەڤەری بادینان لاوك و حەیران هەیە، راستە لاوك بەیاتە و حەیران هەندێك جاربە حیجازیش دەست پێ دەکات، بەڵام شێواز و جۆری وتنەکەی کوردییە، لای خۆمان قەتار و خاوەروخورشیدی و ئەڵوەن و ئای ئای هەیە، تا دەگاتە هۆرەی جافی و سیاچەمانە، ئەمانە موڵکی کوردن.

بە کوردێك بڵێ ئەڵاوەیسیم بۆ بڵێ، بەو شێوازە دەیڵێت کە سێ بەشە، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو مەقامە موڵکی کوردە، یان خورشیدییەك کە دوو حیجاز لەسەر یەکە لە بەرزەوە دەست پێ دەکات، ئینجا دەچێ بۆ نزمەکە، ئەمە لە مۆسیقادا هەیە، بەڵام ئەم دوو حیجازە تۆنێکی تەنینییان لە نێواندا نییە، بۆیە تایبەتمەندێتیی کوردییە، ئەڵوەنمان هەیە کە خوالێخۆشبوو خوداداد عەلی لە ئێزگە تۆماری کردووە بە رەسم، پێموایە ئەمە لە نەغمەی نەهاوەند دەردەچێت، لە ئێزگە ئەگەر شارەزا نەبیت، شتت بەسەردا فەرز دەکەن، بۆیە ناچار دەبی لەگەڵیا برۆی بێ ئەوەی بزانی.

*** لە ئێستادا هونەرمەندانی کورد مافی مەقامیان داوە؟**

- دەتوانم بڵێم مەقام لەبیر کراوە، یان باوی نەماوە لای هونەرمەندانی دوای ئێمە، ئەو بۆشاییەی دوای عەلی مەردان، خوداداد عەلی، حوسێن عەلی، محمد عارف جزیری کە ئێمە توانیمان پڕی بکەینەوە، هونەرمەندانی نەوەی ئێمە مەقام و هونەری کوردی لە ناخ و دڵیاندا چێنرابوو و، ئەوان تەقدیری مەقام دەکەن و دەزانن گرنگی و بەهای مەقام چەندە، ئێستا ئەو پەیوەندییە پچڕاوە و لاوازە، ژمارەیەکی کەم هەن مەقامێك، یان مەیانێك دەڵێن، بۆ نموونە هونەرمەند ئاگرین دەنگی خۆشە، بەڵام لە شوێنێك بیستم لە جیاتی ئەوەی لە قەتارەوە دەست پێ بکات، یەکسەر چووە بۆحیجاز کە خاوکەرە.

*** کەواتە هونەرمەندە لاوەکان وەکو پێویست شارەزاییان لە مەقام نییە؟**

- بە بڕوای من ئاگرین شارەزایی هەیە، شارەزایی لە مەقام خوێندن و دیراسەت و ماندووبوونی زۆری دەوێت، ئێمە وەختی خۆی لەگەڵ خوالێخۆشبوو عەلی مەردان وەکو شاگردێك هەفتانە سەردانی چەند شوێنمان دەکرد، وانەی بە نابینایان دەگوت، هەروەها لە ئێزگە پێکەوە بووین زۆر شتی لێ فێر بووم، ئەمە سەرەڕای ئەو مامۆستا بەڕێزانەی شارەزای بواری مقامن وەك (مامۆستا خالید سەرکار، ئەنوەر قەرەداغی، مامۆستا ئەلبێرت)، ئەم بەڕێزانە گرووپێك بوون لە بەغدا دیراسەتی مقامیان کردووە و پرس و ڕایان گۆڕیوەتەوە بۆیە شارەزاییان لە مقامات زۆر بووە.

*** ئایا نەوەی ئێوە نەیتوانیوە نەوەکانی ئێستا ئاشنای مقامات و گرنگیی مقام بکەن، یان خۆیان هۆکارن، ئایائەو دابڕانە هۆکارەکەی چییە؟**

- لای هونەرمەندە گەنجەکان وەك سەردەمی ئێمە باوی مقام نەماوە، ئەوان زیاتر گوێ دەدەنە ئەو میلۆدییانەی کە زیاتر لە تورك و فارس و هەندێ جار لە عەرەبەوە وەری دەگرن، و خۆیان زۆر لە مقام نادەن، نازانم هۆکارەکەی چییە لێی نازانن، یان پێیان ناگوترێت، چونکە هەندێ مقام بە هەموو کەس ناوترێت و شارەزایی زیاتری دەوێت، بۆیە دەبینین زیاتر گوێیان داوەتە پەستەکان و ئەو ئیقاعانەی لە کەناڵەکان گوێ بیستی دەبن، دەیهێنن و دەستکاریی دەکەن و بە حیسابی ئەوان خۆشە.

*** ئەی رۆڵی کۆلێژ و پەیمانگەکان لە هێشتنەوە و زیندووکردنەوەی مقام چی بووە؟**

- هەوڵ دراوە، بۆ نموونە بنکەی مقاممان هەیە کە چەند کەسێك خۆبەخشانە تێیدا کار دەکەن و هونەرمەندان ئاشنا دەکەن بە رۆڵ و گرنگیی مقام، کە سامانێکی نەتەوەییە، بەڵام نازانم تا چەند گرنگیی بەم بابەتە دەدرێت، لە کۆلێژەکانیش وانەیەکی تایبەت بە ناسینی رەگەزەکانی مقام هەیە، چونکە مقام چەندین رەگەزی هەیە، بۆ نموونە ئەڵا وەیسی سێ رەگەزی هەیە، خورشیدی دوو رەگەزی هەیە، ئای ئای بە هەمان شێوە، ئەمە بابەتێکی دوور و درێژە، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندە بایەخ بە زیندووکردنەوە و پاراستنی مەقامی کوردی لە نەفەوتان نەدراوە.

*** ئامۆژگاریت چییە بۆ هونەرمەندە گەنجەکان سەبارەت بە گرنگیدان بە مقام؟**

- رەنگە بە بابەتێکی کلاسیکیی وەربگرن و بڵێن بۆمان گرنگ نییە، چونکە نۆت هەیە ئێمە دەیخوێنینەوە و دەربارەی ئیقاع و موزیك و نەغمە بەشەکانی لەسەر کاغەز هەیە، ئەو عەرەزیاتەی لە مقامدا هەیە خۆی فەرز دەکات، بەڵام هەر لە کۆنەوە مقام گرنگیی هەبوو، برۆ سەیری تورك و فارسەکان بکە گرنگیی زۆری پێ دەدەن، لە عێراق مقام زۆر بەناوبانگە.

پێویستە هونەرمەندە گەنجەکان بزانن کە مقام سەرچاوەی نەغمەکانە، پێویستە لە سەرچاوەی زانینی ئەو رەگەزانە شارەزا بن کە مقامی لێ پێك دێت، مەرج نییە دەقاودەق وەك هونەرمەندانی دیکە بیڵێن، تۆ کە نەغمەکەت وەرگرت و خۆت مانوو کرد شارەزاییت دەبێت، بەڵام ئەمەش ورياييەکی مۆسیقیی پێویستە، بە هەمان شێوە پێویستە شارەزای پوستەکانیش بن.

# هونەری مافوور

**(٢-٢)**

**لە بەشی دووەمی وتارەکەمان، قسە لە بارەی مافووری کوردستانەوە دەکەین. بڵێین مافووری کورد ڕاستە، بشڵێین مافووری کوردستان هەر ڕاستە. ئەو مافوورە بەرهەمی دەستی کوردە، لە کوردستانیش دێتە بەرهەم، ئیدی هەر کامیان وەک ناسنامەی ئەو مافوورە قبووڵ بکەین و بیخەینە ڕوو، کارێکی دروستە. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی هونەر زادەی ژیان و ژینگەی مرۆڤە، کوردستان وەک خاک و ژینگە، هاندەری مرۆڤی کوردستانی بووە، کە هەستی کار و داهێنانی لە لا ببزوێت. لەم ڕووەوە ئەو مرۆڤە سوودێکی زۆری لە دەرامەتی سروشت وەرگرتووە. لە هەمان کاتدا بە تین و تەوژمێکی زۆریشەوە، ئەو ژینگەیە مرۆڤی کوردستانی بەرەو ئاوێتە بوون لەگەڵ جوانی و چەشنەکانی بردووە. لێرەوە پەیوەست بوونی ئەم مرۆڤە (مرۆڤی کوردستانی) بە هونەر و جوانی، پاشان تێکەڵ کردنی ئەو پەیوەستییە بە هزر و بیر و لێکدانەوەی خۆی، چەندین جۆرە هونەری لە ژیانی ئەودا هێناوەتە بەرهەم.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

مافوور چ وەك ڕایەخ، چ وەك ناوەندێك بۆ نواندن و نمایش کردنی ئەندێشەی مرۆڤ، بە گوڕ و تینەوە لە نێو خەڵکی کوردستاندا جێی خۆی کردووەتەوە. ڕەنگە لەم کاتەدا ئەستەم بێت سەرەتای پەیدا بوونی ئەم هونەر/ پیشەیە لە کوردستاندا دەست نیشان بکرێت، لە نێو نەتەوە و شارستانییەکانی دیکەش، ئەو دەست نیشان کردنە کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی کە ئەو کەرەستەیەی مافووری لێ دروست دەکرێت، لە باشترین هەلومەرجدا لە چەند سەد ساڵێك زیاتر خۆی ناگرێت، پەرپووت دەبێت و لەبەر یەك هەڵدەوەشێتەوە. بۆیە لایەنی مێژووی پەیدا بوونەکەی دەخەینە لاوە، دێینە سەر لایەنی دیکەی ئەم هونەرە.

مافووری کوردستان پتر لە خوری یان مووی بزن دروست دەکرێت. بێ لە مافوور، لاکێش، لباد، کلیم، جاجم، خەرار، بەڕە، جەواڵ، ڕەشەکە، خێوەت و گەلێك شتی دیکە، بە زۆری لە لایەن ئافرەتانی دەست ڕەنگینی کوردستانەوە، بە شێوەیەکی کەمتریش لە لایەن پیاوانەوە، دروست دەکرا. لەم هونەر/ پیشەیەدا مرۆڤی کوردستانی چەندین جۆرە ڕەنگی لە گژ و گیای کوردستان دروست دەکرد، خوری و مووی دەڕست و دەیکردە داو، دواتر بە دەزگای جۆلایی و دەزگای تەون، مافوور و شتەکانی دیکەی لێ دروست دەکرد.

بە پێی هۆز و دەڤەر، هەر لە ناوەڕاستی ئەنادۆڵەوە تا دەگاتە لوڕستان و بەختیاری، مافووری کورد هەمەچەشنییەك دەخاتە ڕوو، لە پاڵ ئەوەشدا ئەو مافوورە بە نەخش و نیگار، بە هێما و ئایکۆنی سادەی خۆی دەناسرێتەوە، زۆر ئاشکرا و لە دوورەوە، لە مافووری گەلانی دیکە جیا دەکرێتەوە. مافووری کوردستان پتر نەخش و فیگەری ئەندازەی تێدا بەکار دێت، چەشنی مافووری فارس و تورك ئاڵۆز و چڕ فیگەر نییە. ڕەنگسازییەکی زۆریش دەخاتە ڕوو. هەموو ئەمانە زادەی ژینگەی کوردەوارین، لە ڕووی واتاشەوە ئایکۆنەکانی مێژوو دەخاتە ڕوو، ئەوەش نیشانی دەدات، مافووری کورد بەرهەمی هۆزەکانی کوردە نەك ناوەندەکانی شارستانیەتی کورد. لە نێو هۆزەکانیشدا، چ ڕەوەند بن یان گوندی،



هەلومەرجی ژیان خێرا و سادە و ڕاگوزەرە، مرۆڤی ئەو ژینگەیە فرە کارە، هەموو کات بە کارەوە خەریکە، ئەوهای لە شار و پایتەختدا کات بۆ پیشە و هونەر تەرخانە، لە نێو گوند و لە نێو ڕەوەنددا، بەو جۆرە نییە. ئەمەش لە شێوە و تەرزی مافووری کوردەواریدا ڕەنگی داوەتەوە.

توێژەرێکی عەرەب پێی وایە، لە عیراقدا مافووری کورد باشترینە، لە ئێرانیشدا، دوای مافووری کاشان، لە ڕووی باشی و ناوبانگەوە، مافووری سنە و بیجار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێن. لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە لای کوردی خۆراسانیش، هونەری مافوورچنی باوە. لە باکووری کوردستاندا لە وان، ئامەد، ئۆرفا، شرنەخ و گەلێك شاری دیکە، مافووری زۆر نایاب دروست دەکرێت. لە نێو هەناردەی مافووری ئێران بۆ وڵاتانی بیانی، شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدارییەکی کارایان هەیە. پەیوەست بە دۆخی جیۆسیاسیی کوردستان وەك نیشتیمانێکی دابەش، دەبینین مافووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی ئێران، هی باکووری کوردستان بە ناوی تورکیاوە دەچێتە نێو پیشانگا و بازاڕەکانی مافوور لە ئاستی جیهاندا.

مافوور لە خوری، ئاوریشم، پەموو، ئەکریل، نایلۆن، کۆرتێرا، مووی بزن و پارچە پەڕۆش دروست دەکرێت. مافووری کوردستان بە گشتی لە خوری دروست دەکرێت. دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەڵەکی نێو کۆبیری کورد، چاوگی ئەو نەخش و نیگارەیە کە لە مافووری کوردستاندا بەدی دەکرێت. بە گشتی ڕەنگی گەش و دیاری کراوی تێدا بەکار دێت، جووت نەخشی بەرانبەر و فۆرمی ئەندازە و گەڵای دار و درەخت و هێما و نیشانەی کۆنینە، بە ستایلێکی سادەی دوور لە ئاڵۆزی، لە مافووری کوردستاندا بەدی دەکرێن. ڕەنگە ئەمە گوزارشت بێت لە سایکۆلۆژیای مرۆڤی کورد. نەخشی مافوور لە شێوەی کەمەر و پشتێنە یان چوارگۆشەی لار و سێگۆشە و جووتە هێڵی تەریب، لە مافووری کوردستاندا بەدی دەکرێت. هەویری ئەم باسە ئاوکێشە، ئێمە لێرەدا بە کورتی دەیبڕینەوە.

### نادین لەبکی:

# کێشەکانی کۆمەڵگاکەمان لە فیلمەکەم زیاترن

دەرهێنەر و ئەکتەری لوبنانی نادین لەبکی، بۆ یەکەمجار قسەی دەربارەی فیلمی «اصحاب و لا عز» کرد، دوای ئەوەی لە مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو لە سەکۆی نێتفلێکس نمایش کرا و رووبەڕووی رەخنەی زۆر بووەوە.

نادین لەبکی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەرنامەی (دار عەرەبی) گوتی: «بەداخەوە لە ئێستادا هەر بەرهەمێك کە پێشکەشی دەکەین، ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خەڵکانێك هەن کە دەستخۆشیمان لێ دەکە، ئەو ڕەخنانەی کە لە فیلمەکەش گیراوە، بۆ من دەری دەبڕن کە ئێمە خۆمان دەشارینەوە.»

نادین ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەو رەخنانەی ڕووبەڕووی فیلمەکە دەبێتەوە لە کۆمەڵگادا هەیە، فیلمەکەش بە شێوەیەکی نەرم مامەڵەی لەگەڵ



# بیۆنسێ پاڵەوانی هەڵمەتی نوێی (خۆت لە عەشقدا لەدەست بدە)

بیۆنسێ بەردەوامە لە هاوبەشییەکەی لەگەڵ کۆمپانیای Tiffany & Co لە هەڵمەتی (خۆت لە عاشقدا لە دەس بدە) لە کەمپەینە نوێیەکەیدا ئاهەنگ دەگێڕێت، بۆ تایبەتمەندیی هەستی خۆخۆشەویستی.

بە پێچەوانەی یەکەمین ریکلامی (دەربارەی خۆشەویستی) بەشداری دەکات، کە کۆمەڵەیەکە بۆ گەڕان بە دوای داهێنەری بێترسدا، چونکە جوانییەکانی خۆخۆشەویستی و ڕەنگینیی بەهێزتر بەرجەستە دەکات، زۆر لە هەوادارانی بیۆنسێ بە



کـردووە کـە زۆر شـۆك نەبـوو، ئـەو شـتانەی لـە کۆمەڵگـەی ئێمـەدا ڕوو دەدەن، زۆر لـە فیلمەکـە شـۆکترن.

هەروەهـا دەڵێـت: «دەبێـت هەڵیبژێریـن کـە ئایا سـینەما ئاوێنەیەکـی واقیعـە، یـان فانتازیایەکـی خەیاڵییـە، ئەگـەر هەڵبژێریـن کـە ئاوێنەیەکـی واقیعـی بیـن، دەبێـت شـتەکان وەك خۆیـان پێشـکەش بکەیـن».

خێگـەی سـەرنجە (اصحـاب و لا عـز) بەهـۆی بوێریـی هەنـدێ دیمـەن و وشـە کەوتـە بـەر شـەپۆلێکی بەرفراوانـی ڕەخنـە و هێـرش، کـە هونەرمەنـد مۆنـا زەکـی پشـکی شـێری لـە هێرشـەکە بەرکـەوت، بەهـۆی دیمەنێکـەوە کـە زۆر کـەس بـە بوێـری زانـی و وشـەگەلێك کـە ڕانەهاتوویـن لێـی ببیسـتن.

ئیلها مبه خشـیی دەزانـن، چونکـە بەرجەسـتەی ئـەم سـیفەتانە دەکات.

لـەم بـارەوە ئەلێکسـاندەر ئارنـۆ، جێگـری سـەرۆکی جێبەجێـکاری بەرهـەم و پەیوەندییـەکان کۆمپانیـای Tiffany & Co ڕایگەیاند: «ئێمـە شانازی دەکەیـن کـە بـۆ دووەم سـاڵ لەسـەریەك بـەردەوام دەبیـن لـە هاوبەشییەکەمان و، سـەردەمێکی نوێـی وروژێنـەری خۆشەویسـتی دەخەینـە پێشـەوە، نوێتریـن کۆلێکشـنی زێڕینگەریە لە کۆمپانیای تیفانی و کۆمپانیاکەی، کە هێڵە ناسراوەکانی تیفانی لەخۆ دەگرێت، لەوانە کۆمەڵـەی تیفانی تـی، تیفانـی هـارد وێـر، تیفانـی نـۆت و سـێتی نوێـی تیفانـی لـۆك».

لـە چوارچێـوەی کەمپەینەکـەدا، بیۆنسـێ گۆرەوییەکـی زێـڕی ١٨ قیـرات لەبـەر دەکات، کـە بەتایبەتـی بـۆ کەمپەینەکـە دیزایـن کـراوە، پارچەکـەش قەبارەیـەك زیـاد دەکات بـۆ گۆرەویـی دەرچـووی تیفانـی هـارد وێـر، کـە ئێسـتا هەیـە.

بیۆنسـێ دەڵێـت: «شـانازی دەکـەم کـە بـەردەوام بـم لـە هاوبەشـیکردن لەگـەڵ کۆمپانیـای Tiffany & Co و قووڵتـر لێکۆڵینـەوە لـەوە دەکـەم کـە پەیوەندییەکانمـان چەنـدە جـوان دەبـن، کاتێـك بەڕاسـتی ئاهەنـگ دەگێڕیـن و گرنگیـی ئـەو خۆشەویسـتییەی کـە بـۆ خۆمـان وەك تاکـەکان هەمانـە».

لەگـەڵ هەڵمەتـی چاپکردنـدا، بیۆنسـێ کلیپێکـی گۆرانییـە بەناوبانگەکـەی بـە نـاوی «SUMMER RENAISSANCE» نمایـش دەکات، کـە لـە سـەردەمی ستۆدیۆی ٥٤ ئیلهام لە شاری نیویۆرك وەرگیـراوە، مـارك ڕۆمانێـك دەرهێنـەری کلیپەکـە کـە سـێ جـار خەڵاتـی گرامـی بەدەسـت هێنـاوە.



ئاڤان عەدنان:

یاریزانی پاسکیسواریی هەڵبژاردەی عێراق

# کۆڵ نادەم تا ئەوەی دەمەوێت و بەدەستی دەهێنم

**یانەی هەولێری پایتەختی کوردستان هەمیشە گرنگی بە یارییە جۆراوجۆرەکان داوە لە یانەکەی، تیپی پاسکیلیسواریی کچانی یانەکەش یەکێك بووە لەو تیپانەی کە کارگێڕیی یانەی هەولێر بەردەوام گرنگی بە تواناکانی کچ و کوڕە یاریزانەکانی داوە، بۆ ئەوەی لە لووتکەی یانەکانی عێراقی و بگرە وڵاتانی عەرەبیش بن و، چەندین ئەستێرەش لەم یانەیەدا هەیە کە پاشە ڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانیانە، بۆ ئەوەی بگەنە لووتکەی ئەم یارییە لە سەر ئاستی یانەکانی کوردستان و عێراقیش، یەکێك لەو کچە یاریزانانە کە بەردەوام ئاستی لە بەرزبوونەوەدایە (ئاڤان عەدنان)ـە، کچە یاریزانی پاسکیلسواری هەڵبژاردەی عێراق و یانەی هەولێر، کە لە ریزی یانەی پێشکەوتن و ئافرەتانی هەولێریش یاریی کردووە، ئاڤان لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ی شاری هەولێرە، لە دیمانەیەکدا بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** لە کوردستان ئاستی یاریی پاسکیلسواری چۆن دەبینیت ؟**

- بە شێوەیەکی باش پێشکەوتووە، بەڵام زیاتر هەوڵی دەوێت بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی وڵاتانی بیانی.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

**- تا پاڵەوانێتی زیاتر ئەنجام بدرێت، یاریزان باری** لێهاتووی زیاتر دەبێت، بۆیە نەکردنەوەی پاڵەوانێتی بە هەموو شێوەیەك کاریگەریی نەرێی دەبێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

- با خەڵك لە بری بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل هەڵستن بە بەکارهێنانی پاسکیل هەم بۆ ژینگە و هەم بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتری ئەم وەرزشە.

***گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

-تەنیا نەبوونی ڕێگاوبانی گونجاو، و هەڵسوکەوتی هەندێك لە شوفێرەکان گرفتن بۆ ئێمەی وەرزشکار.

*** چ هەستێکت هەیە کاتێك لە شەقامەکان مەشقەکانتان ئەنجام دەدەن؟**

-بە شێوەیەکی گشتی شانازییە بۆ کچێکی کورد کە بگاتە ئاستێك کۆمەڵگەکەی بەرەوپێش ببات، هەستێکی خۆشم هەیە.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێکی پاسکیلسواری؟**

-تا لە توانام دا هەبێت هەوڵ دەدەم و کۆڵ نادەم تا ئەوەی دەمەوێت و بەدەستی دەهێنم.

*** لەگەڵ ئەوەیت یانەکانی کوردستان پشت بە ڕاهێنەرانی بیانی ببەستن؟**

- کارێکی خراپ نییە هەم یاریزان پێش دەکەوێت، هەم ڕاهێنەرە کوردەکان لێوەی فێردەبن، با هەبێت ئەزموونێکی زیاترە.

*** داواکاری و پێش نیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- وەرزش تەنیا تۆپێك نییە، هەزارەها وەرزش هەن کە یەکێك لە وەرزشە گرنگەکان پاسکیلسوارییە، پێویستی بە گرنگی پێدان هەیە، بەتایبەت بابەتی ڕێگە و بان بە گرنگییەوە سەیر بکرێت.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- خەونم ئەوەیە کە وەك یاریزانێکی کورد بەشداریی یاری نێودەوڵەتی بکەم بە ئەنجامی شایستەوە.

*** ئایا لە هەڵبژاردەی پاسکیلسواریی عێراقی داوا کراوی؟**

-بەڵێ.

*** پاڵەوان بوون لای تۆ چی دەگەینێت؟**

-پاڵەوان ئەو یاریکەرەیە کە لە شکستەکانی فێر دەبێت و هەوڵ دەدات و سەردەکەوێت.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لەم یارییە؟**

-هەموو یاریزانەکانی کازاخستان.

***گرێبەستت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکە؟**

-بەڵێ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو خزمەتە زۆرەی بە وەرزشی ناوەخۆ دەکات.



# بەرشلۆنە و ئەتلەتیکۆ مەدرید نزیکن لە ڕێکەوتن بۆ فرۆشتنی گریزمان

هەردوو یانەی بەرشلۆنە و ئەتلەتیکۆ مەدرید نزیکە لەسەر پرسی ئەنتوان گریزمان، ئەستێرە و هێرشبەری فەرەنسی و یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بگەنە ڕێککەوتن، کە بەشێوەی خواستن بۆ یانەکە یاری دەکات.
بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەی لە نێوان هەردوو یانە هەیە، دوای تەواوبوونی ماوەی گواستنەوەی یاریزانەکە لە ئەتلەتیکۆ مەدرید، پێویستە یانەکە بەرامبەر ٤٠ ملیۆن یۆرۆ یاریزانەکە بکڕێتەوە، لە کاتێکدا یاریزانەکە وەرزی ڕابردوو بەڕێژەی ٨١٪ بەشداری لە یارییەکاندا کردووە و بەشێوەیەکی گشتی لەم وەرزە دا دەبێت بەشداری لە ١٩٪ یارییەکانی تیپەکەدا بکات، بۆ ئەوەی بە هەردوو وەرزەکە ڕێژەی تەواو بپێکێت، بەو هۆیەشەوە لە هەموو یارییەکانی ئەم وەرزەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دا، ئەنتوان گریزمان لە دوای خولەکی ٦٠ـەوە بەشدارییکردووە.
ئەمە کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و میدیاکانی ئیسپانیا بڵاویکردووە، کە ئەتلەتیکۆ مەدرید دەیەوێت بەرشلۆنە ڕازی بکات پێداچوونەوە بەو ڕێککەوتنەدا بکرێت.
ڕۆژنامەی لێکیپی فەرەنسی دەڵێت: هەردوو یانە نزیکن لەسەر ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن و بڕی گرێبەستەکە لە ٤٠ ملیۆن بۆ ٢٥ ملیۆن کەمبکرێتەوە، ئەگەر ڕێککەوتنەکەش کرا، ئەوا پرسی بەشداریکردنی یاریزانەکە لە یارییەکاندا لە دوای خولەکی ٦٠ـەوە تەواو دەبێت.
ئەنتوان گریزمان لەم وەرزەی خولی ئیسپانیا ٢ گۆڵی کردووە و لە یەکەم یاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەم وەرزەدا، گۆڵی بردنەوەی بۆ ئەتلەتیکۆ مەدرید لە دژی پۆرتۆ تۆمارکرد.



# پاریس هەوڵەکانی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی میسی دەستپێکرد

یانەی پاریس سانت جێرمان هەوڵەکانی بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی لیۆنێل مێسی، ئەستێرەی ئەرژەنتینی دەستپێکردووە، بەڵام مێسی ئێستا ئامادەنییە گفتوگۆ لەو بارەیەوە بکات.

بەپێی میدیاکانی فەرەنسا ناسر خلێفی سەرۆکی یانەی پاریس سانت جێرمان رۆژانە پەیوەندی بە مێسییەوە دەکات، بۆ ئەوەی گرێبەستی یاریزانەکە درێژبکەنەوە، کە لە هاوینی ٢٠٢٣ تەواو دەبێت، بەڵام مێسی نایەوێت گفتوگۆ لەو بارەیەوە بکات.

لیۆنێل مێسی هەموو بیرکردنەوەی لای یارییەکانی مۆندیالی ٢٠٢٢ـی قەتەرە و دەیەوێت بەباشترین شێوە لەگەڵ هەڵبژاردەکەی ئامادەبێت، بۆیە هیچ شتێک لەبارەی داهاتووی خۆی بەر لە بەڕێوەچوونی مۆندیال یەکلاناکاتەوە.

ئەمە لەکاتێکدایە ناوی یاریزانەکە بە یانەی بەرشلۆنە بەسترابووەوە و زیاتر لە جارێک چاڤی هێرناندێز و خوان لاپۆرتاش لەبارەی ئەگەری گەڕانەوەی یاریزانەکە قسەیانکردووە.

بەپێی سەرچاوە نزیکەکانی لیۆنێل مێسی تەنیا شتێک، کە مێسی بیری لێدەکاتەوە یارییەکانی مۆندیالی ٢٠٢٢ـی قەتەرە و دەیەوێت لەگەڵ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی بە ئاستێکی بەرزەوە دەربکەوێت، کە دەکرێت ئەوە دوایین مۆندیال بێت کە مێسی بەشداریی تێدابکات.






# دهۆک گەڕایەوە ریزی یانە گەورەکانی عێراق

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك دوای شەش وەرز لە چاوەڕوانی، گەیشتنەوە بە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دواجار خەونەکەی کردە راستی، هەر چەندە یانەی دهۆك ئەم وەرزە هەنگاوی زۆر باشی نا بۆ ئەوەی بگاتە ریزی یانە گەورەکانی عێراقی و، دواجاریش بە ستافێکی ڕاهێنەرانی کوردی توانیان تیپەکە بگەیەننە ریزی یانە پلە نایابەکانی عێراقی، یانەی دهۆك دوو یاریی چارەنووسازی ئەنجام دا بۆ گەیشتن بۆ خولە پڕ جەماوەرەکەی عێراقی، لە شاری بەغدا رووبەڕووی یانەکانی ناسرییە و ئەمانەی بەغداد بووە، هەریەك لە سلێمان رەمەزانی ڕاهێنەری یانەکە و کاوە ئیبراهیمی ڕاهێنەری گۆڵپارێزان ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە سەرخستنی یانەکە، لە بارەی سەرکەوتنی یانەکەش بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی عێراقی کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە توانیمان بە تیپێکی تۆکمە و یەك رۆحییەتی بەرزی یاریکردن توانیمان تیپەکە بگەیەنینە ریزی یانە گەورەکانی عێراقی، لە سەرەتای مۆرکردنی گرێبەستەکەشم ئیدارەی یانەکە شاهێدن، گوتم دەمەوێت دەسکەوت لەگەڵ دهۆك بەدەست بهێنم بۆ دووەم جار، خوای گەورە پشتیوان بوو توانیمان ئامانجی خۆمان بپێکین، یانەکەمان لەسەرەتای چوونە نێو کێبڕکێیەکان ستافێکی ڕاهێنەری بەهێز و کۆمەڵێك یاریزانی بە ئەزموونی لە یانەکە کۆکردبووەوە، ئامانجەکەش روون بوو، کە سەرکەوتن بوو بۆ ریزی یانە گەورەکانی عێراقی، بە سەربەرزییەوەش گەڕاینەوە کوردستان». جێگای ئاماژە پێکردنە لەم وەرزەی خولی نایابی عێراقی هەریەك لە یانەکانی هەولێر و نەورۆز و زاخۆ و دهۆك کێبڕکێ لە سەر ئەنجامی شایستە دەکەن.





# یانەی سۆران ڕاهێنەرەکەی پێشووی گەڕاندەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی سۆران ئەم لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەیەوێت سوپرایزی گەورەی هەبێت، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە یارییەکانی وەرزی نوێ خولی نایابی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش ئیدارەی یانەی سۆران بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ ڕەفیق سەعیدی ڕاهێنەری پێشووی یانەکەی و، ڕاهێنەری وەرزی رابردووی یانەی ڕەواندوز مۆرکرد، بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لە خولی کوردستان، لە بارەی گەڕانەوەی بۆ یانەکەش مامۆستا ڕەفیق سەعید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر چەندە کاتێکی زۆر باشمان لە بەردەست نییە بۆ ئامادەکردنی تیپ لە رووی جەستەییەوە، بەڵام دەمانەوێت تیپێکی زۆر بەهێز بین لە ڕووی هونەری و کوالێتی یاریزانان و، دەمانەوێت ئەو ئاستەی یانە لە ساڵی پار پێی دەرکەوت بە ئاست و ئەنجام لە یادی هاندەرانماندا بەرینەوە و، ببینە ژمارەیەکی گەورە لە خولی نایابی کوردستان، سوپاسی سەرپەرشتیاری ئیدارەی سۆران و کارگێڕیی یانەکە دەکەم کە هەموو شتێکیان بۆ تیپەکە فەراهەم کردووە، وەکو ڕاهێنەر لە هەر یانەیەك کارم کردبێت، پلان و بەرنامەی تایبەتی خۆم هەبووە بۆ بەهێزکردنی ئەو یانەیە و، هەوڵیش دەدەم یانەی سۆران ببەینە قۆناغێکی باشتر، بۆ ئەوەی ڕکابەری بکەین لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان»، لەباری گرفتی یانەکەش کاوە ئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێزی یانەی دهۆك گوتی: «تاکو ئێستا هیچ گرفتێك نییە و دەمانەوێت تیپی تۆپی پێی یانەی سۆران رێك بخەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە بتوانین ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنین، ئەمساڵیش یانەکان دەیانەوێت ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەن، ئێمەش هەموو کارێك دەکەین بۆ ئەوەی یانەی سۆران لە لووتکەی یانەکان بێت».

# نەریمان خدر چاوەڕوانە

هەر چەندە ئەم وەرزە یانەکان لە هەوڵی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکانیانن بۆ بەشداریکردن لە خولەکانی پلە نایاب و پلە یەکەکانی کوردستان، یاریزانانیش لە چاوەڕوانی یانەکانن بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ تیپە بەشداربووەکان، نەریمان خدر ڕاهێنەری وەرزی رابردووی یانەی هەندرێن ئەم وەرزە بە دوای یانەیەکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکات، لەم بارەشەوە نەریمان خدر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا بەفەرمی گرێبەستم لەگەڵ هیچ یانەیەك مۆر نەکردووە، بۆ ئەوەی بە فەرمی یاری لە ریزی یانەکانیان بکەم، ئێستا لەگەڵ یانەی برایەتی سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنانەکانم، بۆ ئەوەی گرنگی بە توانای جەستەیی و مەشقەکانم بدەم، هەر چەندە یەك دوو یانە هەبووە گرێبەستیان لەگەڵ واژوو بکەم، یانەیەك لە خولی نایابی کوردستان و یانەیەکیش لە خولی عێراقی، بەڵام ئەوەی عێراقی بە هۆکاری خێزانییەوە ناتوانم لە دەرەوە یاری بکەم، ئەوەی کوردستانیش لە سەر پارە رێك نەکەوتووین، چاوەڕوانی ئەوەم بتوانم لەگەڵ یەکێك لە یانەکانی کوردستان رێك بکەوم، بۆ ئەوەی یاری لە ریزی یانەکان بکەم، یانەکانیش هەموویان بۆ ئەمساڵ بەهێزن، هەر یانەیەك هەبێت من بتوانم لەگەڵیان کار بکەم، بە دڵنیاییەوە گرێبەستیان لەگەڵ واژوو دەکەم».



# خۆراک بۆ بەهێزکردنی ئێسک

لە هەر تەمەنێکدا، جگە لە مەشقی وەرزشی، خۆراکی رۆژانە گرنگیی زۆری هەیە بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئێسکەکان، بۆ نموونە:

- شیر و بەرهەمەکانی کە سەرچاوەی باشن بۆ کالسیۆم، کە کانزای گرنگ و سەرەکیی ئێسکن، هەروەها سەرچاوەن بۆ ڤیتامین D کە پێویستە بۆ تەندروستیی ئێسک.
- ماسی ساردین، یان سالمۆنی قووتووبەند، سەوزە گەڵا تاریکەکان و پاقلەی سۆیا سەرچاوەی دیکەن بۆ کالسیۆم.
- سەوزە و میوەکان کە سەرچاوەی باشن بۆ: پۆتاسیۆم، مەگنسیۆم، ڤیتامین C، لەگەڵ بیتا کارۆتین Beta-carotene کە پەیوەندییان بە بارستایی ئێسکەوە هەیە.
- خۆراکە دەوڵەمەندەکان بە مەگنسیۆم، لەوکاتەی کە گرنگیی ئەم کانزایە بۆ ئێسک پاش کالسیۆم بەپلەی دووەم دێت، بۆنموونە باوی، برۆکۆلی، سپێناغ، نیسک، تۆوی کولەکە، هەروەها تۆوی گوڵەبەرۆژە.
- پرۆتینی خۆراکی کە هیچی کەمتر نییە لە گرنگیی کالسیۆم و کانزاکانی دیکە بۆ تەندروستیی ئێسک، بەتایبەتی کە رۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی ماسوولکەکان، ئەمە بە پێی راپۆرتی توێژینەوە نوێیەکان.
- سنووردارکردنی خوێ و شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە و کۆلا، چونکە هانی بەفیڕۆدانی کانزای کالسیۆم لە گورچیلەکاندا دەدەن.





# زیانەکانی رووناکیی لاپتۆپ و مۆبایل

رووناکیی شین Blue light شەپۆڵ کورتە و بە رووناکیی بینراوی وزەبەرز ناسراوە HEV، رووناکیی شین وەکو تیشکی سەرووی وەنەوشەیی کارگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پێست و چاو. رووناکیی شین بە رێژەیەکی کەم لە ئەتمۆسفیردا هەیە، کە لە تیشکی خۆر سەرچاوە دەگرێت، بەڵام زۆربەی لە دەستکردی مرۆڤە کە لەگەڵ ئەو دایۆدانە رووناکی بڵاودەکەنەوە LED کە لەناو مۆبایل، لاپۆتۆپ، تەلەڤزیۆندان لەگەڵ هەموو ئەو شاشانەی کە رووناکی شین بڵاودەکەنەوە. زیاد بەرکەوتن بە تیشکیی شینی لاپتۆپ، یان تابلێت یان سمارتفۆن، لەوانەیە کە زیانی گەورەی هەبێت بۆ پێست تا دەگاتە چەورەخانەکان و دەمارەخانەکانی هەست، ئەمەش هاندەرە بۆ زووپیربوونی خانەکانی لەش. رووناکیی شین هاندەرە بۆ تاریکبوونی رەنگی پێست و پەیداکردنی هەوکردن لەگەڵ لاوازبوونی توانای لاستیکیی پێست و لۆچبوون، هەروەها پەیداکردنی فشار و هیلاکیی جەستەیی، هیلاکبوونی چاوەکان، کەمخەوی، کەمبوونەوەی تواناو کارامەییەکانی مێشك، دوودڵی لە هەندێك بڕیاردا، لەگەڵ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان.

# گواستنەوەی مۆخی ئێسک



مۆخی ئێسك کارگەە بۆ دروستکردنی خانەکانی خوێن، هەروەها قەدەخانەکان Stem cells لەخۆ دەگرێت، کە سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ لەش، بە مەبەستی پەرەسەندنیان بۆ خانەی دیکەی تایبەتمەند. گواستنەوەی مۆخی ئێسك Bone Marrow Trans-plant یان گواستنەوەی قەدەخانە چارەسەرێکی پێشکەوتووە بۆ شێرپەنجەی خوێن و چەند نەخۆشییەکی دیکەی خوێن و بەرگریی لەش، وەکو شێرپەنجەی لیمفاوی Lymphoma، کەمخوێنی لە ئەنجامی پەککەوتنی مۆخی ئێسك بۆ دروستکردنی خانەکان، ئەگەرچی گواستنەوەی مۆخی ئێسك چارەسەری یەکجارەکییە بۆ هەندێك نەخۆشی، بەڵام لەوانەیە کە نەخۆش دوچاری هەندێك ئاڵۆزی، یان زیانی لابەلا بێتەوە، بەتایبەتی لە ماوەی ١٠٠رۆژی پاش گواستنەوەی مۆخی ئێسك کە سستمی بەرگریی لەش نوێیە و هێشتا بە تەواوی گەشەی نەکردووە، بۆنموونە هێڵنج یان رشانەوە، تەنکبوونی قژ کە خۆشبەختانە ماوەکورتە، زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنە میکرۆبییەکان، بەتایبەتی هەوکردن بە کەڕوو، رەتکردنەوەی بەهێزی لەش کە پێویستی بە چارەسەری تایبەت دەبێت. کرداری گواستنەوەی مۆخی ئێسك تا رادەیەکی زۆر وەکو گواستنەوەی خوێن وایە، پاش چەند پشکنینێکی ورد و ئامادەکاریی تایبەت، مۆخی ئێسك بە دەرزی لە ئێسکی نێکی خۆبەخش وەردەگیرێت ئینجا دەدرێت بە نەخۆش.



# خورشتی پێست پاش زیاد ئارەقەکردن

زیاد ئارەقەکردن Hyperhidrosis حاڵەتێکی ئاسایی باوە لە کاتی مەشقی وەرزشی و کەشی گەرم و ڕێژەی بەرزی شێداریی هەوادا. خودی ئارەقەکردن گرفت نییە، بەڵکو لەوانەیە کە ببێتە ئەگەری سووربوونەوە و سووتانەوەی پێست، کە هاوکات دەبێت لەگەڵ خورشت و هەستکردن بە ناڕەحەتی. توێژینەوەکان جەخت دەکەنەوە کە تەنیا زیاد ئارەقەکردن دەبێتە هۆی خورشت و بڵۆقکردن و گرفتەکانی دیکەی پێست. کەشی گەرمی هاوین و بای وەرزی کە هاوکاتن لەگەڵ ئاستی بەرزی شێداریی هەوا و پلەی گەرمیی بەرزدا، هۆکاری ئاکتیڤن بۆ زیاد ئارەقەکردن و ئەم گرفتەی پێست، گرفتەکە لەوانەیە کە هەموو بەشەکانی لەش بگرێتەوە، بەڵام زیاتر لە بنکەوش و نێو ڕانەکان لەگەڵ مل وسینگ و پێیەکاندا بەدی دەکرێت، جگە لە شێداریی هەوا و کەشی گەرم، کێشی زیادی لەش، یان قەڵەوی و مەشقی توندی وەرزشی لەگەڵ پۆشینی جلی تەسك و گەرم، هاندەری دیکەن بۆ زیاد ئارەقەکردن و خورشتی پێست. هەنگاوەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن بریتین لە: شوێنی فێنك هەڵبژێرە، دوشی فێنك وەربگرە بە سابونی سووك کە ڕەنگ و بۆنی بەهێز لەخۆ نەگرێت، جلی لۆکەیی فراوان لەبەر بکە، ڕۆژانە بڕێکی باشی ئاو بخۆرەوە، هەروەها دووربکەوە لە بەکارهێنانی کرێمی کانزایی، یان کرێمی پێست، کە ئاوێتەی هایدرۆکاربۆنی لەخۆ دەگرن.



## وردە پلاستیک لە خۆراکدا




زۆربەی بەرهەمە پلاستیکییەکان بۆ قووتووکردنی خۆراك و شلەمەنییەکان بەکاردێن. پلاستیك چەندین ماددەی کیمیایی لەخۆ دەگرێت و بە چەند هۆکارێك تێك دەشکێت بۆ پارچەی زۆر ورد Microplastics کە لە ڕێگەی خۆراك و شلەمەنییەکان، یان ئاوی دەریاوە دەگاتە مرۆڤ و ئاژەڵ. ئەو هۆکارانەی کە دەبنە ئەگەری تێکشکان و شێبوونەوەی پلاستیك، بریتین لە: گەرمی، تیشکی خۆر تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، لێکخشان، کرداری ئۆکسان، هەروەها فریزکردن. باوترین ماددە پلاستیکییە وردەکان بریتین لە: BPA، دیۆکسین Di-oxin، فتالەیتەکان Phalates، پۆلیتیلینەکان Polyethylene و پرۆپیلینەکان Polypro-pylene. ئەمەش روون کراوەتەوە کە گەرمکردنی خۆراك لە ناو قوتووی پلاستیك، یان خەزنکردنی خۆراك لە ناو هەر پێکهاتەیەکی پلاستیکیدا بۆ ماوەیەکی زۆر، یان هەتا فریزکردن، هاندەرن بۆ گەیشتنی زیاتری ماددە پلاستیکە وردەکان بۆ ناو خۆراك. ئەم ماددە وردانەی پێکهاتەی پلاستیك و ماددەی کیمیایی دیکەی وەکو رەنگ و ماددەی زیادکردنی بەرگەگرتن، زیان بە تەندروستی دەگەیەنن، کە بریتین لە: تێکدانی هاوسەنگیی هۆرمۆنەکان و زیادبوونی ئەگەری نەزۆکی و فرەکیسیی هێلکەدان PCOS لە ئافرەتدا، زیادبوونی ئەگەری نەخۆشییە درێژخایەنەکان، بەتایبەتی نەخۆشیی دڵ و نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، تێکدانی سستمی بەرگریی لەش لە ڕێگەی تێکدانی بالانسی بەکتریا سوودبەخشەکانی ریخۆڵە Dysbiosis، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا.

## سوودەکانی قایشی پشت



قایشی پشت Back belt بۆ پاڵپشتیکردنی بەشی خوارەوەی بڕبڕەی پشت بەکار دێت، بەمەبەستی سووککردنی ئازار لە حاڵەتەکانی ژێرە پشتێشە، یان حاڵەتە درێژخایەنەکان کە کاریگەری دەکەنە سەر بەشی خوارەوەی پشت. قایشی پشت زۆر جۆری هەیە کە هەر یەکێکیان سیفەتی تایبەتی هەیە بۆ حاڵەتەکانی ئازار و گرفتی دیکەی پشت، تەنیا دکتۆر بڕیار لەسەر جۆری گونجاو بۆ هەر حاڵەتێك دەدات. هەڵبژاردنی جۆری قایشی پشت لە لایەن دکتۆر بە چەند هۆکارێکەوە پەیوەستە، بۆنموونە جۆری گرفتی پشت کە دەبێتە هۆی ئازار، یان گۆڕینی شێوەی ستوونی پشت. سوودەکانی قایشی پشت: جێگیرکردنی پشت و سنووردارکردنی جووڵەی پشت بە مەبەستی ڕێگرتن لە سەختتربوونی حاڵەتەکە و، هاندەرە بۆ زووتر چاکبوونەوە بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی برینداربوون و شکانی بڕبڕەی پشت، یان پاش نەشتەرگەریی پشت بۆ هاندانی زوو چاکبوونەوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی ئازار، هەروەها باشترکردنی شێوەی ستوونیی پشت. زیانە لابەلاکانی قایشی پشت: زیادبوونی ئەگەری سووربوونەوە و سووتانەوەی پێست، پووکانەوەی ماسوولکە، بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی زەبر و شکانی بڕبڕەدا، ناڕەحەتی، یان سکێشە لەبەر بەستنی توندی قایشی پشت، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و زیادبوونی لێدانەکانی دڵ، ئەمەش لەوانەیە کە لە ئەنجامی بەستنی توندی قایشی پشت روو بدات، هەروەها مانەوەی ئازار و باشترنەبوونی حاڵەتەکە لە ئەنجامی بەستنی توند، یان بەستنی خاوی قایشی پشت.

# DJI درۆنێکی نوێی بەرهەم هێناوە



کۆمپانیای DJI لەبەرهەمهێنانی درۆنی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوەدا لە ریزی یەکەم دێت. هەموو درۆنەکانی دستەبژێرن.

کۆمپانیای ناوبراو لەم دواییەدا نوێترین کۆداکۆپتەر یا بە واتایەکی دیکە droneی بەرهەم هێناوە تایبەتمەندییەکانی سەرووی بەرهەمەکانی دیکە هەمان کۆمپانیایە.

درۆنی جۆری DJA Avata مینی کوادکۆپتەرێکە، کێشی کەمە و دەتوانێت لە هەموو شوێنێك تەنانەت لە ئەشکەوت و دۆڵ و شیوانیشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. کوالیتی فیلم هەڵگرتنەوەی 4Kیە. کێشی تەنیا ٢٥٠ گرامە بەبێ کامێرا. تایبەتمەندییەکی دیکەی درۆنەکە ئەوەیە چاویلکەی جۆری FPV کە بۆ کۆنترۆڵکردنی درۆنەکەیە لەگەڵیدایە. هەروەها ئامێری کۆنترۆڵکردنی تایبەتی لەگەڵدایە.

درۆنەکە لەمپەر و بەربەست لە دوورەوە دەناسێ و خۆیان لێ دوور دەخاتەوە. بە کامێراوە کێشی ٤٠٨ گرامە. لە پلاستکی پتەو دروستکراوە کە لەکاتی کەوتنە خوارەوەشدا کێشەیەکی ئەوتۆی بۆ نایەتە پێش. هەستەوەری لە هەموو لایەك هەیە بۆ ئەوەی خۆ بە هیچ بەربەستێك دانەدا. کامێراکەی وێنە بە کوالیتی ٤٥ میگاپیکسل دەگرێت. ڤیدیۆ و فیلمەکان لە مەودای دە کیلۆمەتر دوورەوە بەڕێ دەکات. درۆنەکە بە ژێر پرد و نێوان لقی دارەکانی دراستانیشدا دەڕوات.




## قەڵەمی سکانەر دەقەکانیش دەخوێنێتەوە

خەریکی خوێندنەوەی رۆژنامەیەك یا کتێبێکی، نیازت هەیە لە هەندێك بەشی رۆژنامەکە یا کتێبەکە یادداشت هەڵگریەوە. کاتی ئەوەت نییە قەڵەم دەربێنی و لەسەر کاغەزێك یادداشتەکان بنووسی.

قەڵەمی سکانەری C-Pen connect ئەوەی مەبەستت بێ وەك یادداشت هەڵیدەگرێتەوە، تەنانەت ئەگەر یەك دێڕ یا یەك وشەش بێت. هەر ئەوەندە بەسە قەڵەمەکە بەسەر شوێنەکە دابێنی و دەستبەجێ دەقەکە بۆ سەر مۆبایل یا تەبلێت یا کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە. قەڵەمەکە بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە پەیوەند دەدرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دەقەکەی یادداشت کردووە بە دەنگ دەیخوێنێتەوە.

قەڵەمەکە بۆ ئەو کەسانە گرنگی تایبەتی هەیە کە نیازیان هەیە لەسەر مەبەستێك توێژینەوە بکەن، یان بابەتێك بنووسن، چونکە بەهۆی ئەو قەڵەمەوە لە هەر کتێبێك یا رۆژنامەیەکی پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەبێ دەکرێت یادداشت هەڵبگیرێتەوە.

لەگەڵ هەڵگرتنەوەی یادداشتەکان دەکرێت دەقەکە یادداشتکراوەکەش بە ٤٠ زمانی جیهان وەربگیرێ.



## کیبۆردێک کۆمپیوت

کیبۆردی جۆری Abacus Keyboard PC، کیبۆردێکی ئاسایی نییە، بەڵکو لەناو خودی کیبۆردەکەدا کۆمپیوتەرێك بەتایبەتمەندی بەرزەوە هەیە. کۆمپیوتەرەکە هەم دەکرێت بە کیبۆردەکەوە بێت و هەم بە جیا، چونکە لەیەکێك لە تەنیشتەکان بە کیبۆردەکەوە دەبەسترێتەوە.

کۆمپیوتەرەکە هیچ شاشەیەکی لەگەڵدا نییە، دەکرێت تەلەڤزیۆنێکی زیرەك، یا مۆنیتۆرێکی





## مێزی جۆکەر

ئەوەی لە وێنەکە دا دەبینن، بەتەنیا مێزێکی بچووك نییە، بەڵکو چەندین ئامێرە لە چوارچێوەی مێزێکدا. مێزی Masdio by Ampulla Horizon لە یەك کاتدا گڵۆپی نووستنە و گڵۆپێکی کزی تێدایە بۆ کاتی خەوتن دەکرێ هەڵبکرێ. بڵندگۆیەکی بلوتوسی بەهێزە. شەحنکەرەوە واتە (charger)ە. کاتژمێرێکی سەرمێزە.

سیستەمی بلوتوسی ٥ی لەسەرە بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت ئامێرە نوێیەکانش بگونجێت و دەنگێکی زۆر باشی هەیە. شەحنکەرەوەکەشی بۆ گشت ئامێرێك دەبێت. گڵۆپی نووستنەکەش دەکرێ کاتی بۆ دابندرێ، تەنیا لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا هەڵبێت.





## ــــــەرەکەی لەناوخۆیدایە

تایبەتی بۆ بکرێتە شاشە. وزەی کارپێکردنی یەکجار کەمە، بەقەد گڵۆپێکی ١٥ واتی وزەی دەوێت.
ویندۆز ١٠ی لەسەر داندراوە و لەگەڵ سیستەمی لینۆکسیش دەگونجێت. یەکەی لێکدانەوەی چوار ناوەکی ئەنتەلی لەسەرە، خێراییەکەی ١,٤٤ گیگاهێرتزە. شوێنی هەڵگرتنی داتاکانی ٥١٢ گیگابایتە. هەردوو سیستەمی بلوتوس و وای فای هەیە.





# بەهێزترین پرۆگرامی میدیا پلەیەر

گەر بەدوای بەهێزترین و باشترین پرۆگرامی میدیا پلەیەر واتە ئەو پرۆگرامەی تایبەتە بە بڵاوکردنەوە فایلە ڤیدیۆیی و دەنگییەکان، پرۆگرامی GOM Player لە ریزی سەرکەوتووترین پرۆگرامەکان دێت. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوانەن:

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەوەیە خۆی بەدوای کۆداك فۆرماتەکاندا دەگەڕێ و پێویست ناکات بۆ هەر فۆرماتێك کۆداکێك دیاری بکەی.

ئەو فایلانەی کە تێکچوونە و بە باشی ناخوێندرێنەوە بەهۆی پرۆگرامی ناوبراو بە ئاسانی دەکرێنەوە.




یەکێکە لە باشترین پرۆگرامەکان بۆ ڕێکخستنی ژێرنووسی فیلمەکان. ئێوە دەتوانن، قەبارەی فۆنت، شوێنی دانانی ژێر نووسی و گۆڕینی ڕەنگی فۆنت بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە ئەنجام بدەی. تەنانەت ئەو ژێرنووسەی هاوئاهەنگ نییە لەگەڵ فیلمەکە بگەڕێینەوە شوێنی خۆی. ئەرکی سکرین شات واتە فیلم هەڵگرتنەوە لە شاشەش ئەنجام دەدات. هەروەها دەکرێت وێنە ناو فایلە ڤیدیۆییەکان دەربێنی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز پرسیار دەکات زۆرجاران کە فایلێکی PDF ئینتەرنێت دادەبەزێنم لۆگۆ یا نووسراوێکی بە کاڵی لە ژێر دەقەکەدایە، چۆن دەکرێت ئەو لۆگۆیانە بسڕمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز ئەو لۆگۆ یا دەقانەی دەخرێنە ژێر فایلی PDF یا وۆرد یا وێنە یا فایلی ڤیدیۆیی پێیاندەگوترێت واتەرمارك (watermark) بەو مانایە کە مافی کۆپیکردنی نییە. بۆ سڕینەوەی (watermark)ی ژێر فایلی PDF بە ئاسانی دەکرێت، زۆر ماڵپەڕ هەن ئەو خزمەتگوزارییانەی تێدایە. هەروەها دەکرێت فایلەکە بە وۆرد بکەیەوە و ئەوکات لۆگۆکە بسڕیەوە. باشترین ڕێگاش ئەوەیە فایلەکە دابەزێنە سەر گوگل درایڤی خۆت و لەوێ بە google document بیکەوە و خۆکار لۆگۆکە دەسڕێتەوە.

# دەفتەری زیرەکی یـــــــــ



لە زانکۆ یا قوتابخانە خەریکی خوێندنی و نیازت هەیە یادداشت لە وانەکان هەڵبگریەوە. یا لە پرێس کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدای پێویستت بە یادداشت هەڵگرتنەوەیە. لەکاتی وادا ڕەنگە دەفتەرەکەت یا چەند وەرەقەیەك دێنی و یادداشتەکانی لەسەر دەنووسی.

لە جیهانی دیجیتالی سەردەمدا، دەفتەری زیرەکی یادداشت هەڵگرتنەوەش بەرهەمهاتووە و چەندین جۆریشیان هەیە. دەفتەرچەی یادداشت هەڵگرتنەوەی هۆشمەند لە جۆری Rocket-

# داتاشۆیەک بچووک و تایبەتمەندییەکانی



کۆمپانیای شیائومی چینی لە ریزی یەکەمەکانی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ دێت، لەم ماوەیەدا داتاشۆیەکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە تۆزێك لە مۆبایلێك گەورەترە. تەنانەت دەکرێ لە بەرکیش بخرێ. کێشی داتاشۆیەکە کیلۆیەك و دووسەد گرامە. داتاشۆیەکە سیستەمی NFC هەیە، سیستەمێك کە بۆ پەیوەندی نێوان دوو ئامێر پێویستی بە بلوتوس و وای-فای نییە و تەنیا بە لێك نزیککردنەوەی ئامێرەکان پەیوەندییەکە دادەمەزرێ.

یەکەی لێکدانەوەی ٤ ناوەکییە و خێراییەکەی زۆرە. بیرگەکەی واتە (رام)ەکەی ٢ گیگابایتە و داتاگەکەی ١٦ گیگابایە.

کامێرایەکی هەیە زۆر هەستیارە و فوول ئیچ دییە. باترییەکەی تا سەیرکردنی فیلمێکی دوو کاتژمێری دانابەزێت. سپیکەرەکەی بەهێزە و دەنگێکی پانۆرامایی هەیە. هەروەها ئامێرەکە لەگەڵ سیستەمی دەنگی XiAoAl دەگونجێت و بەکارهێنەر دەکرێت لە رێگای دوورەوە ئامێرە ئەلکترۆنییەکانی ماڵەوە بەهۆی داتاشۆیەکە کۆنترۆڵ بکات.



## هەموو شتێک لەبارەی ئیڤیریستەوە لەو ماڵپەڕەدا

ئەگەر یەکێکی لە ئۆگرانی شاخەوانی و حەزدەکەی بەسەر چیای بەرزی ئیڤریست بکەوی بەڵام توانا و رێگای چوون بۆ سەرچیاکەت نییە. یا ئەگەر حەز دەکەی لە نزیکەوە چیای ئیڤریست ببینی ئەوە سەر لەماڵپەڕی mount-everest3d.com بدە. لەو ماڵپەڕەدا نەخشەی چیای ئیڤریست دەتوانی بە سێ رەهەندی واتە 3D ببینی. هەروەها ئەو شوێنانە ببینی کە شاخەوانەکان پێیدا سەردەکەون. لەو ماڵپەڕەدا GPS ی راستەوخۆی ئەو شاخەوانانە دەبینی کە ئێستا خەریکی سەرکەوتنن بەسەر چیاکەدا. ئەگەر نیازت هەیە لەو بارەوە زانیاری بزانی سەر لەو ماڵپەڕە بدە.


## ...اداشت هەڵگرتنەوە

...book تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەفتەرچەکە لە رێگای مۆبای یا لاپتۆپەوە لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێ و ئەوەی وەك یادداشت هەڵیدەگریەوە دەکرێ راستەوخۆ لە یەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی، وەك ئیمێل، جیمێل، گوگل درایڤ، درۆپ بۆکس...تاد. پەیوەند دەدرێ. لە هەر گۆشەیەك لە لاپەڕەکان بارکۆدێك هەیە، بە پرۆگرامی بارکۆد خوێندنەوە داتاکان دەبنە داتای دیجیتالی.

قەبارە و رەنگ و جۆری دەفتەرچە زیرەکەکان جیاوازن، ٢٠ لاپەڕە هەتا ٤٠ لاپەڕە. هەر لاپەڕەیەکیش بەهۆی هێمایەکی سەر لاپەڕەکە دەکرێت پەیوەندی بدەی بەیەکێك لە خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی. بۆ نموونە ئەو لاپەڕانەی کە هێمای بازنەیان لەسەرە هەموو یادداشتەکان بۆ جیمێلەکەت بگوازرێنەوە، ئەوانەی هێمای چوارگۆشەیان هەیە بۆ گوگل درایڤ بگوازرێنەوە.

قەڵەمێکی تایبەتی لەگەڵدایە بۆ نووسین و هەروەها بە پارچەیەکی تایبەت نووسینەکە دەسڕێتەوە. دەفتەرچەکە بۆ هەمیشەییە و دەکرێت هەزاران جار لاپەڕەکانی بسڕێنەوە. جگە لە پارچەی تایبەت بۆ سڕینەوە، بە دانانی دەفتەرچەکە لە مایکرۆویڤدا هەموو لاپەڕەکان دەسڕێنەوە.





# شاڵی سەر قژ لوتکەی مۆدی جلوبەرگە

شاڵ پۆشاکێکی بەسوود و سادەیە بۆ پۆشین، هەروەها بۆ پاراستنی ملت تەنیا لە مل ئاڵاندنی پێویستە، جگە لەوەی بەسوودن، هەروەها مۆدێکی جوان و ناسکیش بە سەر و مل دەبەخشن، ئێستا شاڵ بووەتە لوتکەی مۆدی جلوبەرگ، هەروەها دەتوانیت لە ڕێگەی شاڵەوە بەشێکی پێشەوەی قژت رابکێشیت بۆ دواوە، تەنانەت دەتوانیت بەشی کۆتایی پرچت بە شاڵ و پێچەیەکی ڕەنگاوڕەنگ ببەستیتەوە، بەمەش جوانییەکی نایابت بۆ دەستەبەر دەکات. شاڵ زیاتر وەك ملپێچ دەپۆشرێت، تا لەگەڵ جلەکاندا مۆدێکی شیك دەربخات، بە تایبەت ئەو شێوازەی کە بەشێکی زۆری سینگ و بەرۆك دادەپۆشێت، هەروەها دەتوانی شاڵەکە بە شلی و توندی بپۆشی، سەبارەت بە ڕەنگی شاڵ، ئەو لایەنە دەکەوێتە سەر خواست و حەزی ئافرەتان لەوەی چ ڕەنگێك هەڵدەبژێرن، پسپۆڕانی جلوبەرگ دەڵێن: چاکترە شاڵ ڕەنگاورەنگ بێت، تا لەگەڵ هەر بەشێکی جلوبەرگەکانی دیکە گونجاو بێت.

# نەخشی ساده و تێکەڵاو لە کراسی خانمانی بووکدا



نەخشەکان بە دوو جۆر لەسەر جلەکان ئامادە دەکرێن، یەکێکیان سادە و ئەوەی دیکەش تێکەڵاو کە هەردووانیان دەبنە جێی سەرنج و ناسکی و جوانیی جلەکە، حانمانی دەستگیراندار، یان ئەوانەی لە سەر و بەندی هاوسەریدان، بەهۆی خەریکبوونیان بە دابینکردنی کەلوپەل و کەرەستەکانی زەماوەندەوە، زیاتر لە ئاستی ئاسایی نیگەران و دوودڵ دەبن و، لە هەڵبژاردنی کراسی بووك تووشی هەڵە دەبنەوە، هەر بۆیە دیزاینەر و ئامادەکاری جلی بووك، زوهێر مورادی لوبنانی، ماوە ماوە چەندین مۆدی ئەو جلە نمایش دەکات، کە نمایشی ڕاستەقینەیە و خانمان پێشکەشی هەوادارانی دەکان، لە دوا بەرهەمەکانیدا ئاماژەی بە کراسی بووکی سینگ کراوە لە سەرەوە و فراوان لە خوارەوە کردووە، کە بەشی خوارەوەی کراسەکە لە دوو پارچەی سەر یەك پێك دێت، یەکێکیان روونە هاوشێوەی تووڵ وایە، بەشی خوارەوەش لە قوماشی سادە و لووسە، بەشە تووڵەکەی بە نەخش و نیگار رازاوەیە، تا نمایشێك بە کراسەکە بدات، هەمان شێوە و دیزاین بۆ کراسی بووك دانراوە، بەڵام ئەو جارەیان بە پێچەوانەوە، واتە نەخشو ونیگار لە بەشی سەرەوەدا هەیە و بەشی خوارەوەش سادە و ساکارە. دیزاینی ئەو دوو شێوەیە بە پێی خواستی داواکاریی خانمی بووکە، هەر کامەی بە دڵ بێت، دەتوانێت هەڵیبژێرێت. هەردوو مۆدی ئەو جلە بووکە، تەسك و شێوەی بەدییە، واتە جەستەگرە و پێویستە سەر و خوارەوە پێچەوانە بن لە ڕووی تەسکی و فراوانیدا.



# بۆن و بەرامی قژ کێبڕکێی ئارایشت دەکات



بۆنخۆشی هۆکارێکە بۆ سەرنجڕاکێشی و جوانی، کاتێك تاخمە جلێکی کەشخە و ئارایشتێکی جوانی قژت کردووە، بەڵام بەبێ بۆنێکی خۆش چوویتە شوێنێك، بێگومان بە کایگەریی نەرێنی لەسەر جوانیت دەبێت، بۆیە دەتوانیت بۆن بقۆزیتەوە بۆ جوانیت، جگە لە بۆنی جەستە، بۆنی قژیش هەیە، وەك خانمێکی نەشمیلە لە بۆنخۆشکردنی قژتدا کارامە بە، ئەویش بە بەکارهێنانی چەند جۆرە بۆنێك وەك: سەرەتا بۆنی قژ جۆری déjà vu white لە مارکەی kayali ئەو بۆنە بۆماڵەوە گونجاوە، کە ماوەیەکی زۆر لەسەر قژ دەمێنێتەوە، هەروەها بەهۆی بوونی بەشێکی زۆر چەوری بریقەش بە قژ دەکات، بۆ گشت ئافرەتێك گونجاوە لە ماڵ و ژیانی ڕۆژانەدا. بۆنی honey infused لە مارکەی Gisou لە بۆنی هەنگوین دروست کراوە، قژ تەڕ و نەرم دەکاتەوە، کاری ئارایشتیش ئاسان دەکات، ماوەی ڕۆژ و شەوێك دەمێنێتەوە، بۆ کاتی دەوام و زانکۆ دەگونجێت. بۆنی cote d azhur لە مارکەی Oribe بەهۆی بوونی بڕێك لە بۆنی یاسەمین و داری سەندڵ و بەرگموت، قژ تەڕ دەکات و بۆنێکی ناسکی دەبێت، دەکرێت دوای خۆشۆردن لە قژ بدرێت. بۆنی Rosa nobile لە مارکەی Acqua Di parma بۆنێکی کلاسیکە، لە بۆنی گوڵ دروست کراوە، بۆ هەموو جۆرە قژێك دەبێت.




# پاسی هەزار پێ دروستکرا

ئەو جۆرە پاسە بە پاسی هەزار پێ ناسراوە، هەروەها ناوێکی دیکەی هەیە کە پاسترامە، واتە کۆکراوەی پاس و ترامە، درێژی ئەو پاسە دەگاتە (٣٣) مەتر، وەك ئەوەی (٣) پاس لەیەکتر کۆکرابێتەوەو بەیەکەوە بەسترابن، توانای ئەو پاسە بۆ هەڵگرتنی (٢٥٦) سەرنشێن دەبێت و دەتوانێت گەشتی ناوەوە و دەرەوەشی پێبکرێت، هەموو جۆرە پێداویستییەکی گەشتیاری تیایدا بەدی کراوە، لەوانە شوێنی خەوتن و پشوودان و یاریکردن و کات بەسەربردن، نرخی ئەو جۆرە پاسترامە دەگاتە نیو ملیۆن دۆلار، ڕەنگە لە داهاتوودا شوێنی پاس و ترام بگرێتەوە و ببێتە سەرنشینی گواستنەوە و گەشتکردن، ئەو پاسە بە کارەبا و سەرچاوەکانی وزە وەك بەنزین و گاز کار دەکات، دەبێتە یەکێك لە پێشکەوتووترین کەرەستەکانی گواستنەوە لە داهاتوودا.




# فیستیڤاڵی ژینگە و بەرهەمی خۆماڵی



لە کوردستان بە گشتی گرنگی بە هەموو لایەن و سێکتەرەکانی ژینگە دەدرێت، خەڵکی کوردستان وەك خەڵکێك کە لە نێو چیا و سرووشتدا ژیان دەگوزەرێنن، هەمیشە لە خزمەتی ژینگەی خۆیاندا درێغی ناکەن، تەنانەت دەستەیەکی گەورەی حکومی لە کوردستان هەیە، کە ئەرك و چالاکیی ڕۆژانەیان گرنگیدانە بە ژینگە و پاراستنی زەوی و دار و باری کوردستان، بە دروشمی (با هەموان ژینگەمان خۆش بوێت)، بەم هۆیەوە لە شارۆچکەی چەمچەماڵ دووەمین فیستیڤاڵێکی گەورەی تایبەت بە ژینگە بەڕێوە چوو، فیستیڤاڵەکە لە چوارچێوەی کارنامەی چالاکییەکانی ئەو شارۆچکەیەدا بوو، تاوەکو ببێتە هەوێنێك بۆ سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران و گرنگیدان بە کولتوور و بەرهەم و خۆراکی خۆماڵی، فیستیڤاڵەکە لە باخچەی ٨ی ئازاری ئەو شارۆچکەیە بە بەشداری ٢٠ کەس لە چالاکوانان و بەشداریخوازان بە کەرەستە و خواردنی کوردەواری، کە بریتیی بوون لە: دۆ و هەنگوین و نانەقەیسی و شەربەت و میوەی وشککراوە و هەڵگیراو، ڕۆنی زەیتوون و کشمیش و قەیسیی خۆمانە کە لە خاکی کوردستانەوە بەرهەم هێنراون و دواتر کراونەتە بەرهەمی نمایشی فیستیڤاڵەکە، فستیڤاڵە خنجیلانەکە بە ئامادەبوونی خەڵکی ئەو شارە و گەشتیاران و میدیاکاران لە کەشێکی هێمن و بەجۆشدا بەڕێوە چوو.

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**










# مۆزەخانەی مەلەوانگە

ئەو مۆزەخانە مەلەوانگەییە لە وڵاتی ژاپۆنە، کە لە مۆزەخانەکەدا سەیرترین مەلەوانگە دروست کراوە، کاتێك سەردانی ئەو شوێنە دەکەیت، وا دەزانی هەموو نمایشەکە لە ناو ئاودا دانراوە، کەچی هەموو کەرەستەکان ئاسایی دانراون و تەنیا تەنێکی شووشە بە ئەستووری (١٠) سەنتیمەتر لە نێوان خەڵك و کەرەستەکاندا هەیە، ئەو تەنە شووشەیەش شلەیەکی تێکراوە کە دیمەنەکان لەبەرچاوت لێڵ دەکات و هەموو کەرەستەکان وادەردەکەون کە دەجووڵێن و لە نێو ئاودایە، کەچی راستییەکە ئەوەیە تەنیا فێلکارییەکی چاوە و کەرەستە و مرۆڤەکانی نێو ئاوەکە لە ژێر ئەو تەنە شووشەیەدا وەستاون، یان دانیشتوون.



## کاریکاتێر

باس لە بیرۆکەی مرۆڤەکان دەکات، هەندێ جار کەسانێك هەن کە بە قەبارە گەورە و دیارن کەچی لە بیرۆکەدا بچووکن، پێچەوانەش ڕاستە هەندێ کەس بە شێوە بچووکن و کەچی خاوەن بیرۆکەی گەورەن.

## باخچەی سەر خانوو

بەهۆی نەبوونی شوێنی باخچە لە بەردەم ماڵەکەیدا، هەروەها حەزی بە هەبوونی باخچە لە ماڵەکەیدا، بیری لە داهێنانێکی تازە کردەوە، نەبوونی پانتایی گونجاو بۆ باخچە و کەمیی ڕووبەری خانووەکەی، پیاوێکی چینی ناچار دەکات کە بیری لە دروستکردنی باخچەیەکی بچووك لە سەربانی خانووەکەی بکاتەوە، ئەو پیاوە ناوی (سید جاو)ە، تەمەنی (٦٨) ساڵە، بەهۆی گرنگیی باخچە، بەشی سەرەوەی خانووەکەی کردووەتە باخچەیەکی خۆش و ناوازە، نزیکەی (٨) هەزار دۆلاری لە دروستکردنی ئەو باخچەیەدا سەرف کردووە و هەموو پێداویستییەکی باخچەی ئاسایی وەك: ئاو و خۆڵ و ڕووناکی و کورسی و مێزی بۆ دابین کردووە.







## میوزیک

### گۆڕینی ڕووناکییەکان - Light Switch

یەکێکە لە تراکە تازەکانی گۆرانیبێژی ئەمریکی چارلی بوت، لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری ڕومسۆن لە ویلایەتی نیوجێرسی لە دایکبووە، سەرەتای کارەکانی لە ساڵی ٢٠١٢ دەست پێ کردووە، ئەو تراکەی لە ئەلبوومی (چارلی)یە لە مانگی ٩ی ئەمساڵ بڵاوکراوەتەوە لە جۆری پۆپ و ئەڵتەرناتیف و ئاربێ سۆڵ میوزیکە.

## فیلم

### I Came By - بەسەردا هاتووم



باس لە وێنەکێشێکی گەنجی سەر دیواری دەکات، لە کاتی وێنەکێشان و ئامادەکردنی شوێنێك، تووشی شۆکێکی گەورە دەبێتەوە، کە وای لێ دەکات بکەوێتە حاڵەتێکی مەترسیدار و هەوڵ دەدات دەربازی بێت، فیلمەکە لە دەرهێنانی باباك ئەنڤارییە، لە مانگی ٨ی ئەمساڵ وێنەگرتنی تەواو بووە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٤٥) خولەکە، لەلایەن لۆکان تۆە بەرهەم هێنراوە، نواندنی فیلمەکە لەلایەن (جۆرج ماکای، هیوگ بۆنڤێلی، کەیلی ماکدۆناڵد، پێرسێل ئەسکۆت، ڤارادا سیشۆ، کیتی لۆڤیت)ـە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

پەستانی زۆری پیشەیی کاریگەری لەسەر دەرونت دروست کردووە و هەست بە ماندوێتی دەکەیت، پشوویەك وەربگرە لە پێناو ئاسوودەییت، لە ڕووی سۆزدارییەوە لێکتێگەیشتن لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەت هەیە و زیاتر لێکنزیك دەبنەوە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە هاوپیشەکانت پرسیارێکی زۆرت لێ دەکەن و دەیانەوێت سوود لە بیرۆکە و ئەزموونەکانت ببینن، بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر یارمەتیدەریان بیت، بەم شێوەیە دڵی زۆر کەس بەدەست دەهێنیت، تەندروستیت فەرامۆش مەکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەو ئامانجەی ماوەیەکی زۆرە داتناوە، لە کۆتاییدا دەرفەتی ئەوەت دەبێت هەوڵی بۆ بدەیت و پێی بگەیت، لەوە نزیکتریت کە بیری لێ دەکەیتەوە، ئەم ماوەیە زیاتر خۆت لە خۆشەویستەکەت نزیك بکەرەوە، چونکە هەندێك شتی لە دڵدا هەڵگرتوە ئەگەر پشتگوێی بخەیت زیان بە پەیوەندییەکەتان دەگەیەنێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە بازنەی هاوڕێیەتیت متمانە بە هەموو کەس مەکە، هەر کەسێك کە دێتە ژیانتەوە نهێنییەکانی خۆتی بۆ مەدرکێنە، باشترە زیاتر چاوکراوە بیت، لە ڕووی پیشەییەوە پلەی بەرز بەدەست دەهێنیت، ئەویش لە ئەنجامی هەوڵ و ماندوبونەکانی خۆتەوەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

خێزانەکەت بە ڕوویەکی خۆشەوە پاڵپشتیت دەکەن و پشتگیریی بڕیارەکان دەکەن، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەرت هەیە، باشترە ئەم ماوەیە زیاتر خۆت لەو کەسانە نزیك بکەیتەوە کە هەست دەکەیت را و بۆچونەکانیان لە تۆوە نزیکە، ئەمەش بازنەی هاوڕێیەتیت فراوان دەکات.


### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە روی پیشەییەوە وزەیەکی زۆرت هەیە و چالاکیت، دەکەویتە دۆخێکی کەمێك سەختەوە لە ژیانی تایبەتیتدا، هەست دەکەیت کەسانی چواردەورت بە ئاسانی لە تۆ تێناگەن، لە ڕووی سۆزدارییەوە ئەو دەرفەتەت بۆ دروست دەبێت کە پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەهێز بکەیت.

بۆ زانیاریت

## کەنگەرە ماسوولکەدارەکان

چەندین هۆکار هەیە کە بۆچی نێرەی کەنگەرەکان ماسوولکەدارن، یەکێ لەو هۆکارانە ئەوەیە کەنگەرە زۆر ماسوولکەدارەکان زیاتر سەرنجی مێیەکانیان ڕادەکێشن بەراورد بەو نێرانەی دی کە ماسوولکەی کەمتریان هەیە، کەنگەرەکان یەکێك لەو ئاژەڵانەن کەوا زۆرترین هەڵبەز و دابەزیان هەیە، کە وا لەقاچەکانیان دەکات بەهێز و ماسوولکەداربن، و لەسەرووی هەموو ئەو هۆکارنەشەوە کەنگەرەکان خاوەنی بۆماوەییەکی ماسوولکەدارن، هەر لە سەرەتای بوونیانەوە. بە جۆرێکە ٥٠٪ی تەواوی کێشیان ماسوولکەی خاوێنە، کە وایان لێ دەکات وەك ئاژەڵێکی ماسوولکەداری سرووشتی دەربکەون، گەورەترین جۆری خێزانی کەنگەرەکان، کەنگەری سوورە. کەوا خاوەنی قاچێکی گەورە و لەشێکی ماسوولکەدارە، کەنگەرەکان خاوەنی دڵێکی گەورەشن لەپاڵ ڕێژەیەکی زۆر لە وزەی ماسوولکە، کە گرنگن بۆ لاشەیەکی وا ماسوولکاوی کە هاوشێوەی ئاژەڵەکانی دیکەی وەك (ئەسپ و سەگەکان)، تاکە جیاوازی لە وزەی ماسوولکەکانیان و ئەندامەکانیاندایە.



## ئوتۆمبێل - Cars

### کرانکشەفت - crankshaft

شەفتێکی کانزایی بەهێزە لە ناو مەکینەدایە و کاردەکات بۆ:

١- وەرگرتنی جووڵەی بەرز و نزمیی پستۆنەکان و کردنی بە جووڵەی بازنەیی.


٢- هاوسەنگکردنی جووڵەی پستۆنەکان و بەرزکردنەوەی ئەو پستۆنانەی کە نزم بونەتەوە.

٣- گواستنەوەی جووڵەی پستۆنەکان بۆ فلایول.

٤- لە سەرەتای خستنەکاری مەکینەدا، کرانکشەفت لە ڕێگەی کۆمەڵەی کارەبایی و سلفەوە، هاوکارە لە دروستکردنی یەکەم جووڵەی پستۆنەکاندا.

٥- لە هەندێك مەکینەدا سوود لە خولانەوەی کرانکشەفت وەردەگیرێت بۆ خستنەکاری چەند بەشێك وەك (دینەمۆ - پانکە - ئۆیل پەمپ - دیلکۆ - فیلپەمپ).

لەم وێنەیەدا ڕوونکراوەتەوە کە چۆن پستۆنەکان جووڵە دەگەیەنن بە کرانکشەفت و. هاوکات کرانکشەفت جووڵە دەداتەوە بە پستۆنەکان بۆ هاوسەنگکردن و بەرزکردنەوەیان. پێکهاتەکانی وێنەکە:پستۆن، قۆڵەبەگن، فلایول، کرا نکشە فت.



## پەند و وتە

دۆگلاس نۆیل ئەدامز، نووسەر و سیناریستی بەریتانی لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری کامبریج لە بەریتانیا لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠١ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هەواڵ و قسەی خراپ دەڵێت: هیچ هەواڵێك هێندەی خێرایی بڵاوبوونەوەی قسەی خراپ و هەواڵی ناخۆش نییە، کە هەندێ جار خێراییەکەی دەگاتە خێرایی ڕووناکی.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا، باتمانی پاڵەوانی فیلمەکان لەگەڵ کەسێکی دیکە لە ناو یەکترن، هەوڵ بدە بزانیت قاچی باتمان لە کوێیە و کەسەکەی دیکە کە لەگەڵیەتی چۆن وەستاوە.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەست بە سەرلێشێوان دەکەیت لە ژیانی تایبەتیتدا، کاتی ئەوەیە شێوازی بیرکردنەوەت بگۆڕیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە چاوەڕێ مەکە خۆشەویستەکەت هەمیشە دەستپێشخەربێت لەوەی گرنگیت پێ بدات، هەوڵ بدە تۆش هەندێك کات دەستپێشخەر بیت لە پێناو مانەوەی پەیوەندییەکەتان.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کەسێکی گرنگیت لە ژیانی زۆر خەڵك، ئەمەش چانسی ئەوەت دەداتێ کە پەیوەندییەکی قوڵی هاوڕێیەتی دروست بکەیت، لە ڕووی پیشەییەوە پشت بە تواناکانی خۆت ببەستە و چاوەڕێی ستایشی هاوپیشەکانت مەکە، تەندروستیت لە ئێستادا جێگیرە.

**شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لە ژیانی تایبەتیتدا کێشەت هەیە و چارەسەرەکان زۆر ئاسان نابن، ئەم ماوەیە هێندە بیر لە شکستەکانت مەکەرەوە، بەڵکو بە گەشبینییەوە بەرەو داهاتو بڕوانە، پێویستە سیستمی خۆراکیت ڕێك بخەیت و بە پێی پێویست پشوو وەربگریت.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**


لەسەر ڕێگەی سەرکەوتنیت، ناتوانیت وێنای ئەو خۆشییە بکەیت کە بەهۆی سەرکەوتنەکانتەوە هەستی پێ دەکەیت، کەسانێکی زۆر ئیرەییت پێ دەبەن، لە ڕووی سۆزدارییەوە شکاندنی بەربەستەکان دەتگەیەنێت بەوەی کە پلانت بۆی دانابو، تەندروستیی گەدەت پشتگوێ مەخە.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

لە ڕووی پیشەییەوە هیچ شتێك لە ئێستادا باش ناڕوات بەڕێوە، باشترە ئەو پاڵپشتی و یارمەتییانە قبوول بکەیت کە لەلایەن کەسانی دیکەوە پێت دەگات، هەرگیز چاوت لەسەر ئامانجە ڕاستەقینەکەت لا مەدە، دەنا لە داهاتوودا زۆر پەشیمان دەبیتەوە.


**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

زۆر کات لە ژیانی تایبەتیت شتەکان بەو شێوەیە ناڕۆن بەڕێوە کە پلانت بۆی دانابو، بەڵام نیگەرانیی ناوێت، چونکە ئەم دۆخە بۆ هەمیشە بەو شێوەیە نابێت، هەوڵ بدە هێمن و لەسەرخۆ بیت، لە ڕووی تەندروستییەوە لە زۆرخۆری دووربکەوەرەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئیٚس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone





## ئیٚستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئیٚس) و (ئەندرۆید) دابەزیٚنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دوایین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Weekly Gulan September 19, 2022 Issue,No.1333



# سەد وانەی ڕیفراندۆم

ڕێوار سیوەیلی